# سێ خوشک



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئەنتۆن چیخۆڤ

# سێ خوشک

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە:

جەلال تەقی



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: سێ خوشک
نووسینی: ئەنتۆن چیخۆڤ
وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: جەلال تەقی
پێشەکی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨١٩
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٩١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# چیخۆڤ

ئەنتۆن پاڤلۆڤیچ چیخۆڤ " ١٨٦٠ – ١٩٠٤ " یەکێکە لەو نووسەرە مەزنانەی لە خەفەت بزە و لە پێکەنین پەژارە دروست ئەکا... ئەگەر لایەنە ساکارەکەی ئەم قسەیە لێک بدەینەوە ئەبێ بڵێین کە چیخۆڤ ڕەشبینە، ئەگینا چۆن لە پێکەنین پەژارە دروست ئەکرێ... بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری بەرهەمە کۆمیدی و پڕ لە پێکەنینەکانی بکەین لەژێر قووڵایی ئەو پێکەنین و قسە خۆشانەدا کە بە زمانی پاڵەوانەکانییەوە ئەیانکا داخ و زووخاو و پەژارەی ژیانی پڕ لە چەرمەسەری بەدی ئەکەین، واتا مەبەستی سەرەکی هەموو بەرهەمەکانی دەرخستنی باری ژیانی ناڕەوا و چەوساوەیە.

هەرچەندە زیاد لە هەشتا ساڵ بەسەر مردنی چیخۆڤدا تێپەڕیوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەک بەرهەمەکانی نرخیان کەمی نەکردووە، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ بڵاو ئەبنەوە و بایەخیان زیاتر ئەبێ. باشترین بەڵگە بۆ ئەمە، هەموو چاپێکی نوێی لە یەکێتی سۆڤێت، کە زۆر جار ژمارەی نوسخەکانی ئەگاتە نیو ملیۆن دانە، پێش دەرچوونیان بە ماوەیەکی زۆر "حیجز" ئەکرێن و ئەوەی فریای ئەم حیجز کردنە نەکەوێ لە بازاڕدا دەستی ناکەوێ و لێی بێ بەش ئەبێ... بێجگە لەمەش لە ١٩١٧ ەوە بەرهەمەکانی تەنها لە یەکێتی سۆڤێت زیاد لە هەزار جار چاپ کراونەتەوە و ژمارەی نوسخە چاپکراوەکانی لە پەنجا ملیۆن تێپەڕیوە و بۆ ٩٣ زمانی غەیرە ڕووسی وەرگێڕاون..



خوێنەری بەڕێز!

ئەم شانۆگەرییەی چیخۆڤ یەکێکە لە هەرە سەرکەوتووترین بەرهەمەکانی و ساڵەهای ساڵە لەسەر شانۆ بەناوبانگەکانی مۆسکۆ و لینینگراد و کیڤا و شارەکانی تری یەکێتی سۆڤێت پیشان ئەدرێ و شوێنێکی دیار و تایبەتی هەیە لە جیهانی شانۆدا... خۆشی لە ژیاندا پەیتا پەیتا گۆڕانکاری تێدا کردوە و زۆر جاریش سەرپەرشتی چوونیەتی دەرهێنان و پیشاندانی لەسەر شانۆ کردووە و زۆر لەگەڵیدا ماندوو بووە، هەروەها بیر و داڕشتنی چیرۆکەکەش ماندووی کردووە، بۆیە لە ١٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٠ دا لە نامەیەکیدا بۆ نووسەری مەزن مەکسیم گۆرکی نووسیوە: (ئەمەوێ ئاگادارت بکەم کە شانۆگەرییەکەم نووسیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا لەسەر شانۆ پیشان ئەدرێ پاکنووسم نەکردووە.... نووسینی ئەم " سێ خوشک " ە کارێکی زۆر دژوار و گران بوو، چونکە باسی سێ کچە جەنەراڵ ئەکا کە لەگەڵ خێزانێکی سوپاییدا ئەژین و هەریەکەیان بە جۆرێک ڕەفتار ئەکا).

پاش گۆڕین و لێ زیادکردنێکی زۆر ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەم جار لە ٣١ ی کانونی دووەمی ١٩٠١ دا لە مۆسکۆ پیشان درا و لەهەمان ساڵیشدا چاپ کرا.

خوێنەری هێژا!

هەرچەندە لە زۆربەی چاپکراوە شانۆگەرییەکاندا وا بووە بە باو کە کورتەیەکی ڕووداوەکانی لە پێشەکییەکدا بنووسرێ و پاڵەوانەکانی بە درێژی دەستنیشان بکرێن بەڵام من وام بە باش زانی کە لەم

وەرگێڕانەدا پێش ڕووداوەکان نەکەوم و خوێندەواری بەڕێز خۆی هەنگاو بە هەنگاو بچێتە ناو جیهانی فراوانی بیر و ڕا و مەبەستەکانی چیخۆڤەوە و لێیان نزیک بێتەوە.

خوێنەری بەڕێز!

سەیر ئەوەیە ناوی چیخۆڤ بە چەشنەها جۆر لە زمانە غەیرە ڕووسییەکاندا، بەتایبەتی لە عەرەبیدا نووسراوە و زۆر جار نووسراوە: چیخۆڤ، تشیخۆف، چوکۆف و هتد... کە هیچیان نازناوە ڕاستەقینەکەی نین. هەرچەندە " چیخۆڤ " یش کە من لە بەرهەمە وەرگێڕاوەکانیدا نووسیومە کەمێک لام داوە بەڵام لە هەمویان نزیکترە و بۆ کوردی لەبارترە و هەر لەبەر ئەوەش لەسەری ڕۆیشتووم چونکە لەبارە و لە کوردیدا بەو جۆرە ڕۆیشتووە، ئەگینا لە ڕووسییەکەدا هەرچەندە " چیخۆڤ " ئەنووسرێ بەڵام " چیخەف " ئەخوێنرێتەوە... لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە هەندێ جار لە یەک لاپەڕە و وتاردا بە دوو جۆر یان زیاتر ئەم ناوە ئەنووسرێ، بۆ وێنە مامۆستایەکی بەتوانای وەک جەرجیس فەتحوڵا کە بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی نموونەی پوختەیی و ڕێکوپێکین، لە لاپەڕە ٩٧ ی " الثقافة الجديدة " ی ساڵی ١٩٥٨ ی چاپخانەی " رابيته " ی بەغدادا لە وتارێکی " مەکسیم گۆرکی " دا دەربارەی چیخۆڤ بە شێوەی " تشیکۆف " یش و " جیکۆف " یش نووسیوە، هەروەها لەلاپەڕە ٩٩ ی هەمان نووسراودا جارێک " تشیکۆف " و جارێک " جیکۆف " ی نووسیوە... واتا هەمان وەرگێڕ لە هەمان باسدا و لەنێوان سێ لاپەڕەدا بە سێ جۆر ناوی یەک کەسی نووسیوە کە کارێکی نەشیاوە... ئەم ڕەفتارەش لەگەڵ زۆربەی ناوە بێگانەکاندا کراوە.



شتێکی تریش هەیە بەپێویستم زانی بیخەمە بەر چاوی بەڕێزت: وەک چۆن لە کوردیدا هەندێ ناو بە چەند جۆرێک ئەوترێ و کورت ئەکرێتەوە و دەردی محەمەد و حەمە و مەحموود و خولەی بەسەر دێ، لە ڕووسیدا هەموو ناوەکان دووچاری ئەم گۆڕانکارییە ئەبن بەڵام بە شێوەیەکی زۆر فراوانتر و وەک لەم بەرهەمەدا ئەبینی ناوێک لەکاتی قسە کردندا و بە پێی شوێن و هەڵوێست ئەگۆڕێ و لەوانەیە شارەزای ئەو شێوەیە نەبی سەرت لێ تێک بچێ، بۆیە بۆ ئەوەی لای بەڕێزت ئاشکرا بێ و سەرت لێ نەشێوێ ئەم گۆڕانکارییانەم لە دوای شانۆگەرییەکەدا ڕوون کردۆتەوە، هەر بۆ وێنە نووسیومە کە ناوی " ئۆلگا " ئەبێ بە ئۆڵا، یان ئۆلیا، ئۆلیۆشکا، ئۆلیچکا و هتد.... هەمووشیان هەر " ئۆلگا " یە و بەم جۆرە هەروەها لە ڕووسیدا زوربەی کات مرۆڤ بە نازناو یان بەناوی خۆی و باوکیەوە بانگ ئەکرێ و لەم بارەدا ناوی خۆی لە ناوە کورتەکەی ناچێ، بۆ وێنە لە هەندێ شوێنی ئەم شانۆگەرییەدا " ماشا " بە " ماریا سیرگێیڤنا " ناو ئەبرێ کە ماریا ماشایە و سیرگێیڤنا سیرگێیە و کە ئەبێ بە ناوی باوکی ئافرەتێک ئەکرێ بە سیرگێیڤنا، بۆیە لە بەڕێزتان تکام وایە ئەگەر ئاڵۆزییەکی واتان هاتە پێش بڕواننە ڕوون کردنەوەکانی دوای کتێبەکە... لەمەش سەیرتر... لە ڕووسیدا زۆر جار ناوە بچووک کراوەکانیش بچووک ئەکرێنەوە و ئەمانەشم هەموو لە کاتی خۆیدا ڕوون کردوونەتەوە.

جەلال تەقی

سلێمانی – کانونی دووەمی ١٩٩٠

# شانۆنامەی سێ خوشک و دوا قۆناغەکانی شانۆی چێخەف

دانا ڕەئووف

١

لە هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، پیاوێکی هێمن، ڕۆشنبیر و زمانزان لە یەکێتی سۆڤیێتی جارانەوە، دوای خوێندن بۆ کوردستان گەڕابۆوە. ئەم پیاوە لەپاڵ گوزەرانی ژیان و کار و پیشەی ڕۆژانەیدا، بە بێ دەنگ و بەبێ هات و هەرای ڕاگەیاندن، چەندین کتێب و شاکاری لە ڕووسییەوە کردبووە کوردی و چاپی دەکردن. لەبیرمە لە ڕێگەی وەرگێڕانەکانی ئەم پیاوە جوانە بێدەنگەوە بە چیرۆکەکانی چێخەف و بە تایبەتی بە نۆڤلێتی (خانم و سەگەکەی) ئاشنا بووم و چێژێکی گەورەم لێ بینی.

هەر لە ڕێگای ئەم وەرگێڕە نەفەس درێژەوە ئاشنای شانۆنامەکانی چێخەف بووم، لەو ڕۆژگارەدا چێخەفمان بە عەرەبی دەخوێندەوە و وەرگێڕە عەرەبەکانیش بە ئەمانەتەوە، یاخود ڕاستەوخۆ بەرهەمەکانیان لە زمانی یەکەمەوە وەرنەدەگێڕا.

ئەو مرۆڤە، ئەو وەرگێڕە، ئەو ڕۆشنبیرە و ئەو کوردە دڵسۆزە ناوی مامۆستا (جەلال تەقی) بوو. ئەم چاپە نوێیەی شانۆنامەی سێ خوشک و لەم زنجیرەیەدا ڕێزلێنانێکە لەو مرۆڤە، لە هەمان کاتدا وەرگێڕانەکەی تا ئێستا نوێیە و زمانەکەی زۆر پاراوە و بەپێی تواناش لەگەڵ وەرگێڕانە سوێدییەکەدا بەراوردمان کردووە.



٢

دنیای شانۆنامەکانی چێخەف زۆر تایبەتە، چەندین درامای ناوەکی لەخۆ دەگرێت و بە شانۆی ئەتمۆسفێر ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەم ئەتمۆسفێرەش پشت بە وروژاندنی یادەوەرییەکان، هیواکانی ئایندە و هەڵوێستە و بارە دەروونییەکان، بە تایبەتیش هەرەس هێنانی پەیوەندی خۆشەویستی و دڵشکاندن دەبەستێت. ڕەوشە دەروونییەکانیش لەنێو خەونەکانی ڕابردوو کە نەهاتۆتە دی و ئاواتەکانی ئایندەش کە زۆر دوورە لە بەدیهێنانیانەوە قووڵ دەبنەوە. ئەم مەسەلانەش گرنگترین سیفەتەکانی شانۆی چێخەفن و بە بۆچوونی ڕەخنەگرەکانیش چێخەف بۆ بەرجەستەکردن و دووپاتکردنەوەی ئەم بابەتانە دەگەڕێتەوە بۆ پانتاییەکانی سروشت، بۆ نموونە دەریاچە لە شانۆنامەی باڵندەی دەریا، باخی گێلاس لە شانۆنامەی باخی گێلاسدا، یان خەون بە گەڕانەوەوە بۆ مۆسکۆ لە شانۆنامەی سێ خوشکدا. ئەم مۆتیفانەش، بەتایبەتی سروشت تەنها وێنەیەک نییە و ڕووداوی شانۆنامەکانی تیا ڕوودەدات، یان تیا بەند بکات، بەڵکو هێندەی کارەکتەرەکان گرنگە و ڕۆڵێکی لەبەرچاویان لە بەرەو پێشەوەچوونی هێڵی درامی و پەیوەندی کارەکتەرەکان و خودی ڕووداوەکاندا هەیە. چێخەف لە شانۆنامەکانیدا پەنا ناباتە بەر دروستکردن و پێکهێنانی دیمەنی توندوتیژ و هات و هاوار، بەڵکو پێودانگە درامییەکان لە دووتوێی هێڵێکی هێمن و لەسەرخۆدا دەڕۆن بەڕێوە. چێخەف لەم بارەیەوە و لە یەکێک لە نامەکانیدا وتوویەتی: (مرۆڤ لە ژیاندا بە بەردەوامی یەکتر ناکوژن. یان خۆیان لەناو نابەن و دان بە ناپاکییەکانیاندا نانێن... هەروەها کاتەکانیشیان بە

گفتوگۆی زیرەکانەوە نابەنە سەر... ئەوەی کە بیر و هۆشیان داگیر دەکات خواردن و خواردنەوە و دڵداری و قسەی بێ مانایە. ئەم شتانەش ئەوەیە کە دەبێت لەسەر شانۆ بەرجەستەیان بکەین... شانۆ دەبێت وێنەی خەڵکی بخاتە ڕوو لەکاتێکدا کە نوێژ دەکەن، سەفەر دەکەن، نان دەخۆن و دەربارەی ئاووهەوا قسە دەکەن و قومار دەکەن.... با هەموو شتێک لەسەر شانۆ ئاڵۆز و گران بێت هەروەک ژیان، ساکار و ئاسان بێت هەروەک ژیان... کە خەڵکی نانی ئێوارە دەخۆن لە نان خواردن بەولاوە هیچی تر ناکەن... ئەمەش ڕێگا لە بەختیاری خەڵکی ناگرێت، بەهەمان شێوە ڕێگا لەو کەسانەش ناگرێت کە ژیانی خۆیان دەشێوێنن.) چێخەف وەک ئەدەب سەیری شانۆی نەکردووە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک شانۆنامەنووسێن بۆ ئەو بۆ شانۆ بووە، شانۆکەشی شانۆیەکی واقیعی بووە و بنەماکانی لەسەر تێکستە شانۆییەکانی بنیات ناوە. لەم ڕووەوە چێخەف نوێخواز بووە و مەبەستی شانۆ نەبووە، بەڵکو شانۆ پێویستی بە چێخەف بووە و بەدوای شانۆنامەکانیدا ڕایان کردووە. لەبەرئەوە نوێخوازی و واقیعییەتی چێخەف دابڕانێک بووە لە هەموو تەوژم و نەریتە شانۆییەکان. چێخەف شارەزاییەکی تەواوەتی لە هونەری شانۆ هەبووە، لەم ڕووەوە لە وەڵامی یەکێک لەو دەزگا چاپەمەنییانەی کە ویستوویەتی شانۆنامەکانی چاپ بکات وتوویەتی:(من هیچ شانۆنامەیەک بە شایانی بڵاوکردنەوە نازانم تا لەکاتی پرۆڤە و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا پیایدا نەچمەوە) تاکە هۆیەکیش کە وای لە چێخەف کردووە شانۆنامە بنووسێت ئەوە بووە کە لەسەر شانۆکان پێشکەش بکرێت.



شانۆکەی چێخەف واقیعییە بەڵام واقیعییەتێکی تایبەتمەندە، چێخەف پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ژیانە ساکارەکە بەرجەستە بکات، ژیانی هەموو ڕۆژێک، بەڵام گوێزانەوەی ژیانی ڕۆژانە بۆ چێخەف تەنها وێنەکردنێکی ڕووت نەبووە، بەڵکو فەلسەفەی ئەم نووسەرە فەلسەفەیەکی ساکار و ئاسایی بووە. چێخەف لەو ژیانە ئاساییەدا هەموو وردەکارییەکانی بینیوە، ژیانی لە چەمکە ساکارەکانیدا دۆزیوەتەوە و سەرلەنوێ پێمان دەناسێنێتەوە، خۆشگوزەرانیمان، ئازارەکانمان، هیواکانمان، ڕۆژە خۆش و دڵخۆشەکانمان، خەونەکانمان.

پێویستە ژیان لە ڕوانگەی دیمەنە ئاساییەکەوە وەربگرین، لە دەروازەکانی ساکاری بوونەوە لە ژیان و لە خۆمان تێدەگەین. مەبەستی چێخەف ئەوە بووە وێنەیەکی ژیانی ڕۆژانەمان بداتێ بە هەموو ساکاری، ناخۆشی و ڕیتمە خاوە بێزارکەرەکەیەوە، تا لە پشت ئەوەوە ئەو جیهانە ببینین کە بەدوایدا دەگەڕێین، ئەو جیهانەی کە لە خەونەکانماندا دەیانبینین.

لەو ژیانە ساکار و ئاساییەی چێخەفەوە ڕاستی خۆمان و ڕاستی ژیانمان دەبینین، لەنێوان ئەندێشە و واقیعدا، لەنێوان ناتەبا و تەبادا، لەنێوان ساکار و ئاسان و دژواردا شیعری چێخەف و شانۆی چێخەف وێنەیەکی ڕاستگۆی مرۆڤایەتی و پەیوەندییەکانمان بۆ بەرجەستە دەکات. لەم ئەتمۆسفێرەدا هەموو ڕەوش و پەیوەندی و هەڵوێستەکان پابەندن بە پەیوەندییەکانی مرۆڤەوە، پەیوەندییەکانی مرۆڤیش بەوانی تر و بە شتەکانەوە، بە گەردوون، بە ژیان و بە خودی خۆیەوە.

واقیعییەتی چێخەف ناتورالیزمی ناگەیەنێ و زۆر دووریشە لە چەمک و بۆچوونەکانی ناتورالیزمی ئەمیل زۆلاوە، بەڵکو واقیعییەتی چێخەف زیاتر سروشتییەکی زیندووە و لەگەڵ کەسایەتییەکانیدا کۆمان دەکاتەوە. لێک نزیکبوونەوە و پێکگەیشتنی ئێمە و کارەکتەرەکانی چێخەف پێکگەیشتنێکی مرۆڤایەتییە بە هەموو گەرموگوڕی و خەون و هیواکانییەوە، بە هەموو سۆز و لێکچوونەکانی چارەنووسێکی هاوبەشەوە.

چێخەف چەندە گرنگی بە کەسی تاک ئەدات و مەسەلە خودییە فەلسەفییەکان لەلای مرۆڤی تاک چارەسەر دەکات، هێندەش بەو مانایەی کە مرۆڤ و مرۆڤی تاک ئەندامی کۆمەڵگا و بنەما کۆمەڵایەتییەکانە. لەبەرئەوە شانۆنامەکانی چێخەف پاڵەوانی تاک لەخۆ ناگرێت و هەموو کارەکتەرەکانی، بەبێ جیاوازی گرنگن و بەشێکن لە سیستەم و ڕژێمە کۆمەڵایەتییەکان. کارەکتەرەکانی وەک خودێکی تاک پەیوەندییان بەوانی ترەوە هەیە و لە هەمان کاتدا پەیوەستن بە کۆمەڵگەیشەوە.

بەها مرۆڤایەتییەکان لەلای چێخەف ئاشکران: پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، تاک لەگەڵ تاک لە پەیوەندییەکانیدا بە کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگاش لەبەرامبەر خۆیدا، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە گۆڕانکاری و دابڕان و ململانێی فیکریی، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕن و بەم شێوەیەش بارودۆخی مرۆڤایەتی لە باشەوە بەرەو خراپ دەگۆڕێ و بارێکی ئاڵۆز و دوور لە ڕاستییەوە دەستەبەر دەکات.

زۆر گرانە شانۆنامەکان و کارەکتەرەکانی چێخەف بخزێنرێتە بوارەکانی کۆمیدیا یاخود تراژیدیاوە، بەڵکو لەو ڕووەوەی کە



شانۆنامەکانی سیمایەکی مرۆڤایەتی گشتگر لەخۆ دەگرن و چ کۆمیدیا یان تراژیدی بەشێکن لەم سیما گشتگرە مرۆڤایەتییە. چێخەف خەندە و پەژارە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تێکەڵاو دەکات، ئەمەش بۆ ئەو وێنەیەکی ڕاستگۆی ژیانە کە لە یەک کاتدا پڕە لە پێکەنین و لە هەمان کاتدا خەم و پەژارە، خۆشی و ناخۆشی. چێخەف خۆی شانۆنامەکانی زیاتر وەک کۆمیدیا ناوزەد کردووە، بەڵام بۆ ڕەخنەگرەکان زۆر گران بووە لەژێر تەوژمەکانی شانۆیەکی کۆمیدیادا شرۆڤەی شانۆنامەکانی بکەن، زۆر گران بووە کە شانۆنامەکانی لەنێوان کۆمیدیا و تراژیدیادا جیابکەنەوە و هەر ئەم مەسەلەیەش خاڵێکی دژوار و جیاوازی و کێشەی نێوان چێخەف و ڕیژیسۆری گەورەی ڕووسی ستانیسلاڤیسکی بووە. ستانیسلاڤیسکی شانۆنامەکانی چێخەفی لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ وەک تراژیدیا ڕاڤە کردوون، نەمایشەکانی زیاتر لە تراژیدیاوە نزیک بوون نەک کۆمیدیا و ئەمەش چێخەفی دڵگران کردووە.

زوربەی ڕەخنەگرە ئەوروپییەکان شانۆنامەکانی چێخەف دابەش دەکەن بەسەر دوو قۆناغدا: یەکەمیان شانۆنامەکانی قۆناغی سەرەتای دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا ڕووداوی شانۆنامەکانی زیاتر ڕاستەوخۆن، بەتایبەتی شانۆنامە کورتەکانی، دووەمیشیان ئەو شانۆنامانە دێن کە ڕووداوەکانی ناڕاستەوخۆن و چێخەف لەم قۆناغەیدا دەگاتە ئاستێکی گەورەی داهێنان. باڵندەی دەریا، لالۆ ڤانیا، باخی گێلاس و سێ خوشک نموونەیەکی بەرزی قۆناغی دووەمی شانۆنامەکانی چێخەفن.

گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوە چوونە ئاساییەکەی هێڵ و پێودانگە

درامییەکان لەلای چێخەف تەنها گەوهەر و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان ناگرێتەوە، بەڵکو لە پەیوەندییەکانیاندا: بەوانی ترەوە، بە خۆیانەوە و بە ژیانیشەوە دەگرێتەوە. لەم نێوەندەشدا ڕاستگۆیی بە هەموو ماناکانییەوە، بێ پێچوپەنا، لە هەموو دیمەنێک لە دیمەنەکانی شانۆنامەکانیدا دەبینرێت.

سیمای شانۆنامەکانی چێخەف وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەتمۆسفێرێکی تاریکی هێدی کە دڵەڕاوکێ، ناخۆشی، بێزاری، دڵتەنگی، قێزلێکردنەوە، نائومێدی و ونبوون لەخۆ دەگرێت، ئەم سیمایانەش هەموویان پێکەوە هاوکارن، پێکدا دەچن، دژی یەکتر دەوەستنەوە و بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ یەکتری تەواو دەکەن و ڕووداوەکانی شانۆنامەکە بەرەو پێشەوە دەبەن.

چێخەف بە شێوەیەکی سروشتی، ساکار و وەستایانە ڕووداو و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە دەوری ڕووداوە سەرەکییەکەی شانۆنامەکانی کۆ دەکاتەوە، دوای ئەوە یەک لەدوای یەک پەردە لەڕووی بابەت و هەڵوێستە درامییەکانی ڕووداوەکان لادەبات، بەم شێوەیەش گرێ درامییەکان و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دروست دەکات، ڕیتمێکی مۆسیقی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان شێوە و ناوەڕۆک، دیمەنی دەرەوە و گەوهەرە قووڵە شاراوەکەی دەکات.

٣

ئەنتوان چێخەف لە ساڵی ١٨٦٠ دا لە ئۆکراینا لەدایک بووە، باوکی بازرگان بووە و مرۆڤێکی بێ بەزەیی و توندوتیژ بووە لەگەڵ خانەوادە و منداڵەکانیدا. چێخەف لە یەکێک لە نامەکانیدا سەبارەت بە باوکی وتوویەتی: " هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵئەستام، یەکەم شت کە



بیرم لێ ئەکردەوە ئەوە بوو: ئاخۆ ئەمڕۆ لێدان ئەخۆم!"

لە ساڵی ١٨٧٥ دا باوکی نابووت ئەبێت و لە ترسی قەرزەکانی و سزای بەندیخانە ڕائەکات بۆ مۆسکۆ و لەوێ خۆی دەشارێتەوە، دواتر خێزانەکەشی ناچار دەبێت کە خانووبەرەکەیان بفرۆشن و بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ. چێخەف کە ئەوکات قوتابی ئامۆژگای مامۆستایان ئەبێت، بە تەنها ئەمێنێتەوە و لە ساڵی ١٨٧٩ دا کە قوتابخانە تەواو دەکات، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و لەوێ لە کۆلیژی پزیشکی دەست دەکات بە خوێندن. لە هەمان کاتدا دەسگیرۆیی ماڵە باوکی دەکات و یارمەتییان دەدات و دەست بە نووسینیش دەکات، لە سەرەتادا بە دیمەنی کورتی کۆمیدی و دواتریش بە کورتە چیرۆک، ئەم نووسینانە لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا و بەناوی خوازراوەوە بڵاو دەکاتەوە.

چێخەف لە ساڵی ١٨٨٤ ەوە وەک پزیشک کار دەکات و نۆڤلێتەکانی بڵاو دەکاتەوە، بەڵام زیاتر لە ساڵی ١٨٨٦ ەوە بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە، لە گۆڤار و ڕۆژنامە گەورەکانی ئەو سەردەمەدا دەست دەکات بە بڵاوکردنەوە. لە ساڵی ١٨٨٧ یشدا یەکەم شانۆنامەکەی ئیڤانۆڤ لە مۆسکۆ نەمایش دەکرێت، شانۆنامەی ئیڤانۆڤ زیاتر هانی چێخەف ئەدات کە لە شانۆ نزیک ببێتەوە، لە ساڵی ١٨٨٨ دا چوار شانۆنامەی یەک پەردەیی دەنووسێت و لە هەمان ساڵدا خەڵاتی پۆشکین وەردەگرێت.

چێخەف لە ساڵی ١٨٩١ دا گەشتێک بە زوربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا دەکات، سەرەتا دەچێتە ڤێنا، لەوێوە دەڕوات بۆ ڤینیسیا، فلۆرنس، ڕۆما، مۆنتیکارلۆ و پاریس. چێخەف لە ساڵی ١٨٩٢ ەوە تا ساڵی ١٨٩٧ وەک پزیشک کاری کردووە و بەشێوەیەکی

چڕ سەرقاڵی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیش بووە، یارمەتی جوتیارەکانی داوە، قوتابخانەی دروست کردووە و بەردەوامیش سەرگەرمی نووسین بووە. لە ساڵی ١٨٩٤ یشەوە باری تەندروستی زۆر خراپ ئەبێت، لە هەمان ساڵدا و بۆ جاری دووەم سەردانی دەرەوەی وڵات دەکات. چێخەف بە چاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیری تۆڵستۆی کردووە و لە ساڵی ١٨٩٥ دا بە تایبەتی سەردانی دەکات.

لە ساڵی ١٨٩٦ دا شانۆنامەی باڵندەی دەریا لە شاری سان پیتەربۆرگ نمایش دەکرێت، شانۆنامەکە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، ئەمەش چێخەف زۆر نیگەران دەکات و بیر لە دوورکەوتنەوە لە شانۆ دەکاتەوە. لە ساڵی ١٨٩٧ دا چەندین ڕووداوی گرنگ ڕوودەدات، سەرەتا ستانیسلاڤیسکی و فلادیمێر نیمیرۆفیتش داتنشکۆ شانۆی هونەر لە مۆسکۆ دادەمەزرێنن، چێخەف باری تەندروستی زۆر خراپ دەبێت و لە نەخۆشخانە دەکەوێت، هەر لەم ساڵەشدا شانۆنامەی لالۆ ڤانیا لەگەڵ شانۆنامەکانی تریدا لە دووتوێی بەرگێکدا بڵاو دەکاتەوە. باوکی چێخەف لە ساڵی ١٨٩٨ دا دەمرێت، بەڵام کۆمەڵێ ڕووداوی گرنگی تر هەر لەم ساڵەدا لە ژیانی چێخەفدا ڕوودەدات، بۆ نموونە پارچە زەوییەک لە نیوەدوورگەی کریم و لە شاری یاڵتا دەکرێت، خانوویەکی گەورەی بە بەردی سپی لەسەر دروست دەکات، ئەو خانووبەرەیە دواتر بە خانووە سپییەکە دەناسرێت و ئێستا مۆزەخانەیە. هەر لەم ساڵەدا شانۆی هونەر شانۆنامەی باڵندەی دەریا بە سەرکەوتنێکی گەورەوە پێشکەش دەکەن و چێخەفیش ئۆلگا کینپەری ئەکتەر دەناسێت. ساڵی دواتر و لەبەر باری تەندروستی بە تەواوەتی لە خانووە سپییەکەی لە یاڵتا جێگیر دەبێت،



لە نزیکەوە مەکسیم گۆرکی دەناسێ و شانۆی هونەریش شانۆنامەی لالۆ ڤانیا نمایش دەکات.

لە ساڵی ١٩٠٠ دا چێخەف بە تەنیا لە یاڵتا دەژی و لە هەمان کاتدا خەریکی نووسینی شانۆنامەیەکی نوێش دەبێت، ستانیسلاڤیسکی لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا دەبێت لەگەڵ چێخەفدا و دەیەوێت بە زووترین کات ئاو شانۆنامەیە تەواو بکات، چێخەف لە نامەیەکیدا دەنووسێ: (شانۆنامەکە لە ئەتمۆسفێرێکی سەربازیدا ڕووئەدات و چوار ڕۆڵی سەرەکی بۆ ئافرەت لەخۆ دەگرێت.) چێخەف لە ٢٣ی مانگی ئۆکتۆبەردا ئەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و لە شانۆی هونەر یەکەم دەسنووسی شانۆنامەی سێ خوشک بۆ ئەندامان و ئەکتەرەکانی شانۆی هونەر دەخوێنرێتەوە و چێخەفیش لە کۆتایی مانگی دیسەمبەری هەمان ساڵدا بەتەواوەتی شانۆنامەکە تەواو دەکات.

لە ٣١ ی مانگی یانیوەری ساڵی ١٩٠١ دا شانۆی هونەری مۆسکۆ، شانۆنامەی سێ خوشک پێشکەش دەکات، چێخەف لەم کاتەدا لە ئیتاڵیاوە دەگەڕێتەوە بۆ یاڵتا و هیچ تەلەگرامێکی بەدەست ناگات، ئەمەش وا لە چێخەف دەگەیەنێ کە شانۆنامەی سێ خوشک لە مۆسکۆ سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. چێخەف تا بەتەواوەتی لە ناوەڕاستی مانگی فێبریوەریدا، دەگەڕێتەوە بۆ یاڵتا، نازانێ کە شانۆنامەکەی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە. هەر لەم ساڵەدا بڕیاری تەواوەتی خۆی ئەدات و لەگەڵ ئۆلگا کینپەر زەماوەند دەگێڕێ، بەڵام باری تەندروستی بەرەو خراپتر دەچێت.

چێخەف لە ساڵی ١٩٠٤ دا دوا سەرکەوتنی خۆی لە شانۆی

هونەری مۆسکۆ دەبینێ، شانۆنامەی باخی گێلاس سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ، بەڵام چێخەف بەتەواوەتی بێ هێز دەبێت و نەخۆشییەکەی زۆری بۆ دەهێنێ، تا لە ٢ ی مانگی یولی ساڵی ١٩٠٤ دا کۆچی دوایی دەکات.

٤

سێ خوشکەکە، ئۆلگا، ماشا و ئیرینا پێکەوە لەگەڵ براکەیان ئەندرێی لە شارێکی دوورەدەستی بچووکدا، دوای ئەوەی کە باوکیان وەک ژەنەراڵ و سەرلەشکر لە مۆسکۆوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەوێ دەژین. ئێستا باوکیان مردووە و هیچ شتێک وەک جاران نەماوە و ئەو خانەوادەیە لەسەرە ڕێگای ژیاندا بەجێ ماون. پریشکی سوپا بەردەوام بەر ماڵەکەیان دەکەوێت، ئەفسەر و سەربازەکان سەردانیان دەکەن و ژیانیان قەرەباڵغ و داگیر دەکەن، وەکی تر ئەو سێ خوشکە و براکەشیان زیاتر باسی ئەوە دەکەن کە ژیانیان بگۆڕن و بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ، تا سەرلەنوێ و لەوێ ژیانیان دەست پێ بکەنەوە.

کە ئەندرێی براشیان ناتالیا دەخوازێ و دەیگوێزێتەوە ناو ماڵەکە، ژیانی هەر سێ خوشکەکە بەتەواوەتی دەگۆڕدرێت. ئەندرێی پارەکانی ئەدۆڕێنێ و خوشکەکانیشی دەسەڵاتیان کەمتر و کەمتر دەبێتەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندرێیان نامێنێت.

٥

جگە لە سێ خوشکەکە، ئەندرێی و ناتالیا دوو کارەکتەری تر ڕۆڵێکی گەورە و لەبەرچاویان لە شانۆنامەی سێ خوشکدا هەیە، ئەم دوو کارەکتەرەش هەرگیز دەرناکەون، یەکەمیان پرۆزۆرۆڤی باوکی



ئەندرێی و سێ خوشکەکەیە، پرۆزۆرۆڤ سەرکردەی بەتالیۆنێکی سەربازی بووە و کە شانۆنامەکە دەست پێ دەکات، ئەو ساڵێکە مردووە. دووەمیان پرۆتۆپۆپۆڤ، پارێزگاری شارەکە یان بەڕێوەبەری گوندەکانە، ئەم کەسایەتییانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەبووە و هەیە بەسەر ژیان و چارەنووسی کارەکتەرەکان و ڕەوتی ڕووداوەکانەوە. پرۆزۆرۆڤی باوکیان هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە دەردەکەوێت و بوونێکی ئامادە و بەهێزی هەیە.

**ئۆلگا:**

ئیرینا، باوکم ساڵێکی تەواو لەمەوبەر، لەم ڕۆژەدا لە پێنجی مایسی پاردا و لە ڕۆژی بیرەوەری لەدایکبوونی تۆدا مرد. ڕۆژێکی سارد بوو و بەفر ئەباری. من وام ئەزانی بەرگەی ئەمە ناگرم. تۆ بێ هۆش کەوتبووی و وەک مردوو وابووی... بەڵام وا ساڵێک تێپەڕی و ئێستا لەسەرخۆ یادی ئەکەینەوە.

شانۆنامەی "سێ خوشک"

پەردەی یەکەم

جەنەراڵ پرۆزۆرۆڤ پلانی گەورەی بۆ پاشەڕۆژی منداڵەکانی هەبووە، بۆ نموونە فێری زمانەکانی فەرەنسی، ئەڵمانی و ئینگلیزی کردوون، ئیرینا تەنانەت ئیتاڵیش دەزانێ و هەر لەسەر داخوازی ئەو ئەندرێی ڕێگای بواری ئەکادیمیی هەڵبژاردووە و باوکی خوازیار بووە کە ئەندرێی ببێتە پرۆفیسۆر.

کە باوکیان جەنەراڵ و سەرکردەی لەشکری ئەو شارە بووە، کاریگەری و مانایەکی گرنگی لەدوای خۆیەوە بۆ هەموو شانۆنامەکە بەجێهێشتووە، ئەو ئێستا مردووە، بەڵام سەرباز، ئەفسەر و هەموو

لیوای شارەکە بوونێکی ڕاستەوخۆیان لە ماڵەکەدا هەیە و کاریگەرییان بەسەر هەموو کەسایەتییەکانەوە هەیە و ڕەوتی چارەنووس و پێگەی ژیان و گوزەرانیان بەرجەستە دەکات.

جگە لە ژیانی سەربازی، شارێکی بچووکی دوورەدەستی ڕووسیا بنەما گرنگەکانی ژیانی خێزانی بنەماڵەی پرۆزۆرۆڤ پێکدەهێنێ. لەو ڕۆژەوەی باوکیان مردووە خەون و حەزە گەورەکانی هەر سێ خوشکەکە ئەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ. مۆسکۆ تەنها شارێک یان پانتاییەکی جوگرافی نییە بۆ ئەو سێ خوشکە، بەڵکو سمبوڵێکە، سمبوڵی ڕابردوو، ئەو کاتانەی کە هەموو دەرگاکان کراوە بوون، ژیان ڕووناک و خەندەی پێکەنین ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی پێ بەخشیبوون.

سوپا هێماگەلی چاکە، خۆشی، ژیانێکی گەرم و پڕ لە مانا و گوزەرانێکی بۆرژوازی و زیندوو، لە هەمان کاتدا ئەتمۆسفێرێکی پۆزەتیفە، بەڵام شارە بچووکەکە هێماگەلی دڵتەنگی، بەرتەسکی، بێ مانایی و جیهانێکی نێگەتیفە، لەنێو ئەم دوو جیهانەشدا کارەکتەرەکان لە پەیوەندییەکی بازنەییدا دەسووڕێنەوە، کارەکتەرەکان لە دەروازەکانی پەیوەندییەکانیانەوە بە سێ خوشکەکە، ڕەنگ و ئاستی کەسایەتییەکانیان وەردەگرن، هەر سێ خوشکەکە و ئەندرێی برایان و بەهۆی کارەکەی باوکیانەوە، زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ لەشکر و ئەفسەر و سەربازەکاندا ژیاون، هەر لەبەر ئەوەشە مردنی باوکیان تەنها مردنی جەستەی مرۆڤێک نییە، بەڵکو نەمانی ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەشە بە سوپاوە و بەم شێوەیەش جەمسەرێکی گرنگی پەیوەندییەکان بە دنیای دەرەوە پچڕاوە. لەدوای مردنی باوکیانەوە لە



تووزینباخ و سەلیۆنی زیاتر کەسی تر سەردانیان ناکات و ئەم دووانەش هەردووکیان دڵیان بە ئیریناوەیە. بێگومان مردنی پڕۆزۆرۆڤ هەموو خێزانەکەی لە چەقی ڕووداوەکان، پەیوەندی و گرنگیپێدانەوە گواستۆتەوە بۆ پەراوێز، ئەو جیهانەشی کە سێ خوشکەکە و ئەندرێی تیا دەژی، لە کۆتاییدا دەبێتە دیمەنێکی تێکشکاو: نەتالیا، ژنەکەی ئەندرێی دەست بەسەر ماڵەکەدا دەگرێت، ئۆلگای ناچار کردووە بگوێزێتەوە، ماشا نایەوێت جارێکی تر بۆ ئەو ماڵە بێتەوە، ئیرینا دەبێتە مامۆستا و لە ماڵەکەیان ئەگوێزێتەوە، ئەندرێی کە دەبوایە ببوایە بە پڕۆفیسۆر، ئێستا مووچەخۆرێکی بچووکی بەڕێوەبەرایەتی گوندەکانە و بە باخچەکەدا پاڵ بە عەرەبانەی منداڵێکەوە دەنێت کە نەتالیا ی ژنی لە کەسێکی تر بوویەتی و لە ماڵەکەشدا لە ژوورێکی بچووکی تەنهادا دەگیرسێتەوە و کەمانچە دەژەنێ. تەنانەت شارە بچووکەکەش چۆڵ و هۆڵ بووە و لیوا سەربازییەکە گواستوویانەتەوە و شاریان جێهێشتووە.

٦

کارەکتەرە پۆزەتیفەکان لە سێ خوشکەکەوە نزیکن، تێکڕا هەموویان خەون ئەبینن و فەلسەفە لێ ئەدەن و کەمتر کرداریان هەیە، یان هیچ کارێکیان نییە. کارەکتەرە نێگەتیفەکانیش بە دەستوبردن، کرداریان دیارە، پڕۆتۆپۆپۆڤ کلیلی زوربەی ڕووداوەکانە و کاریگەرییەکی خراپی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانەوە هەیە، کولێگین وەک مامۆستایەک ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، سەلیۆنی بارۆن دەکوژێت و نەتالیاش، ژنەکەی ئەندرێی کەسێکی خۆپەرستە و تەواو پێچەوانەی هەر سێ خوشکەکەیە. نەتالیا بە سەربەستی

بەچواردەوری خۆیدا هەڵدەسووڕێ و ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان ئەبات بەڕێوە، هەرچەندە کارەکتەرێکی نێگەتیفە، بەڵام وزە و هێزێکی گەورەی تێدایە و هەنگاو و بڕیاری چاونەترسانە ئەدا. نەتالیا بەڕە لەژێر پێی خوشکەکان دەردێنێ و لە ماڵەکەیان دەردەپەڕێنێ، ناپاکی لە ئەندرێی دەکات و لەژیانی خۆی بەولاوە هیچی تری بەلاوە گرنگ نییە.

چێخەف تەکنیکێکی تایبەتمەند لە دروستکردنی کەسایەتییەکانیدا بەکاردەهێنێ، بۆ نموونە هەندێ لە کارەکتەرەکان، بەرلەوەی لەسەر شانۆ دەربکەون، لەسەر زاری کارەکتەرەکانی ترەوە پێشکەش دەکات، بەم شێوەیەش بارێکی چاوەڕوانی سەبارەت بەو کەسایەتییە لەلای بینەران دەخوڵقێنێ، هەندێ جاریش پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان ئەو کەسەی قسە دەکات و ئەوەی کە دواتر دەردەکەوێت دروست دەکات و کارەکتەرەکان چ لەناو خۆیان و چ لەلای بینەران نامۆ نابێت.

ئەم تەکنیکە لە شانۆنامەی سێ خوشکدا بە ئاشکرا دیارە، سەلیۆنی، ڤێرشینین و نەتالیا پێش دەرکەوتنیان باسیان دەکرێت. چ خوێنەر و چ بینەرانیش وێنەیەکی تەواوەتی نەتالیا، بەرلەوەی دەربکەوێت، وەردەگرن و هەر سێ خوشکەکە بە نێگەتیفی باسی دەکەن.

نموونەی یەکەم:

**توزینباخ:**

.... لەبیرم نەبوو، ئەمڕۆ ڤێرشینینی سەرکردەی تازەی بەتالیۆنەکەمان دێ بە میوانیتان (لای پیانۆکەوە دەوەستێ)



**ئۆلگا:**

ئینجا چییە؟.... من بەمە کامەرانم!

**ئیرینا:**

پیرە؟

**توزینباخ:**

نەء، خراپ نییە. تەمەنی زۆر زۆر بێ چل ساڵ، چل و پێنج ساڵ ئەبێ (لەسەرخۆ ئاوازی گۆرانییەکە ئەڵێ) گومانی تێدا نییە کە پیاوێکی بەتوانا و ژیرە، بەڵام زۆربڵێیە!

شانۆنامەی سێ خوشک

پەردەی یەکەم

نموونەی دووەم

**ماشا:**

ئای ئەو خانمە جلی چۆن لەبەرئەکا! ناڵێم جلەکانی جوان نین یان مۆدەیان بەسەرچووە، بەڵام ڕێک پۆش نییە. تەنوورەیەکی سەیری زەردی کراوەی پەراوێزەدار و بلووزێکی سوور لەبەرئەکا. کوڵمەکانیشی هێندە شتوە و سوەتەوە بریقەیان دێ. نابێ ئەندرێی حەزی لێ کردبێ، من ڕێگای ئەمە نادەم.

شانۆنامەی سێ خوشک

پەردەی یەکەم

بەڵام کە نەتالیا دێتە ناو ئەم خێزانەوە، هەر زوو دەست دەگرێت بەسەر ماڵەکەدا، لە ڕێگای ئەندرێی شەوە خۆی بەسەر هەر سێ خوشکەکەدا زاڵ دەکات و منداڵەکەشی (بوبیک) وەک چەکێک دژی

هەموویان بەکاردەهێنێ.

نەتالیای ژنی ئەندرێی کە بە نەتاشاش دەناسرێ لە ڕووداوی دووەمدا داوا لە ئەندرێی دەکا کە لەگەڵ ئیرینا بدوێت بۆ ئەوەی ژوورەکەی خۆی چۆڵ بکات و بچێتە لای ئۆلگا تا بوبیک لە ژوورەکەی ئەو بنوێت، چونکە ئەو ژوورە زۆر باشە بۆ منداڵ.

**نەتاشا:**

... لەشی بوبیک ساردە، ترسم لێ نیشتووە، ڕەنگە ژوورەکەی سارد بێ، ئەبێ هیچ نەبێ تا هاوین بیبەینە ژوورێکی تر، ژوورەکەی ئیرینا بۆ منداڵ زۆر باشە، وشکە و بە درێژایی ڕۆژ تیشکی خۆری تێدایە، ئەبێ پێی بڵێین. ئەو ئەتوانێ جارێ لەگەڵ ئۆلگادا لە ژوورێکدا بنوون، خۆ بە ڕۆژ لە ماڵ نییە و هەر بۆ نوستن دێتەوە.

شانۆنامەی سێ خوشک

پەردەی دووەم

لە پەردەی سێیەمدا ئۆلگا و ئیرینا لە یەک ژووردا دەژین، لە پەردەی چوارەمیشدا ئۆلگا ماڵەکەی بەجێهێشتووە، لە کۆتایی ئەم پەردەیەشدا ئیریناش دەگوێزێتەوە و ماشاش بڕیار ئەدات کە هەرگیز نەگەڕێتەوە ئەو ماڵە.

نەتالیا لە پەردەی یەکەمدا وەک ئافرەتێکی شەرمنی دوودڵ و نادڵنیا دەردەکەوێت، بەڵام وردە وردە دەبێتە خانمی یەکەمی ماڵەکە و بە دەستێکی پۆڵایین ڕەفتار دەکات و بەئاشکرا بۆتە دۆستی پرۆتۆپۆپۆڤ کە کچە بچووکەکەشیان (سۆقۆچکا) هەر لەوە. بەهێزی



نەتالیا بەهێزییەک نییە کە لە جەستە و ڕەفتاری ئەودا بێت، ئەو بەو شێوەیە لەدایک نەبووە، بەڵکو نەتاشا هێزی خۆی لە بێ هێزیی ئەندرێی و ڕەفتاری هەر سێ خوشکەکەیەوە وەردەگرێ، ئەم بێ دەسەڵاتییەی ئەندرێی و خوشکەکانی و هەوڵی بە پەراوێزکردنی نەتالیا وا لەم ئافرەتە دەکات کە کاردانەوەیەکی بەهێزی هەبێت و لە هەمان کاتدا پێگەشی بەهێز دەکات. کە نەتالیا لەبەرچاوی ئۆلگا لەلە پیرە تەمەن هەشتا ساڵییەکە تڕۆ دەکات، مەبەستی تڕۆکردنی ئۆلگایە، ئەو پیرێژنە (ئەنفیسا) لە ساڵانێکی زۆر لەوەوبەرەوە لەو ماڵەدا کاردەکات و هەر خۆیشی سێ خوشکەکە و ئەندرێی پەروەردە کردووە.

**نەتاشا:**

بەڵێ... ڕەنگە زۆر ژاکابم! (لەبەر ئاوێنەکەدا) ئەڵێن قەڵەو بووم، ڕاست نییە... یەک تۆز چییە قەڵەو نەبووم... ماشا نوستووە، بەستەزمانە زۆر ماندووە. (بە ساردییەوە بۆ ئەنفیسا) تۆ لەبەر چاوی من نابی دانیشی، هەستە... لاچۆ لێرە. (ئەنفیسا ئەچێتە دەرێ. بێ دەنگییەک) تێ ناگەم، تۆ ئەم پیرێژنەت بۆچی ڕاگرتووە؟

**ئۆلگا:**

(بە پەلە) ببوورە، منیش تێ ناگەم!

**نەتاشا:**

بوونی هیچ پێویست نییە... ئەو جوتیارە و پێویستە لە لادێ بژی... بۆچی ئەوەندەتان داوە بە دەمییەوە؟ من حەزم لە ماڵی ڕێکوپێکە... (دەست بە ڕوومەتیدا دێنێ) بەستەزمان، تۆ ماندووی! بەڕێوەبەرەکەمان ماندووە... کە سۆقۆچکای کچم

گەورە بوو و هاتە قوتابخانەکەت، ئەوسا لێت ئەترسم!

شانۆنامەی سێ خوشک

پەردەی سێیەم

لەنێو کارەکتەرەکانی شانۆنامەی سێ خوشکدا، بەتایبەتی کەسایەتی ئەندرێی، گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێت، ئەندرێی لە هەموو کارەکتەرەکانی تر، بەتایبەتیش سێ خوشکەکە، تووشی کارەساتی دەروونی و بێ هیوایی دەبێت. لە پەردەی یەکەمەوە کە کەمانچە دەژەنێ، خەون دەبینێ و خوازیارە ببێتە پرۆفیسۆر و لەبواری زانستدا بڕوانامەی گەورە بەدەست بهێنێ، تا پەردەی چوارەم کە بەتەواوەتی ڕووخاوە، مووچەخۆرێکی بچووکە و دەروون و ڕۆح و جەستەی هیلاکن و لە باخچەکەدا بە عەرەبانەی منداڵەکەوە دێت و دەچێت، ماشای خوشکی بە ئاشکرا دەڵێ: (ئەندرێی برامان هەموو ئاواتەکانی تێک شکاون.)

٧

زۆر کارەکتەری پزیشک لە نۆڤلێت و شانۆنامەکانی چێخەفدا هەن، لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی تایبەتمەندی چێخەف خۆی کە لە ڕاستیدا پزیشک بووە و ماوەیەکی زۆریش وەک پزیشک کاری کردووە. کەسایەتی پزیشک لەلای چێخەف ئەو کەسەیە کە بە سەربەستی و بەبێ جیاوازی چینایەتی و هەموو جیاوازییەکانی تر، دەتوانێ بچێتە هەموو ماڵێکەوە، پزیشک هیچ سنوورێکی نییە و چێخەفیش ئەم سەربەستییەی کار و پیشەی پزیشک وەک جۆکەرێک بەکاردەهێنێ و هەندێ جار نهێنی زوربەی چینەکانی کۆمەڵگای لەلایە، بۆ نموونە لە هەموو شانۆنامەکانی چێخەفدا، جگە لە باخی



گێلاس کارەکتەرێکی پزیشک هەیە، ئەم کارەکتەرانە یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ بەشداری ڕووداوەکانن و ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرەوپێشەوەچوونی ململانێکاندا هەیە، یان ئەوەتا چاودێرێکی وردن.

دوا پزیشکی شانۆنامەکانی چێخەف چیبووتیکینە، پیرە پزیشکێکی سوپایە و بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆکردنەوەیەکی یان بەرئەنجامێکی کۆتایی پزیشکەکانە. پزیشکەکانی نێو شانۆنامەکانی چێخەف لەگەڵ چێخەف دەچنە تەمەنەوە و پیر دەبن، چیبووتیکینیش دوا پزیشک و بەتەمەنترین پزیشکی شانۆنامەکانی چێخەفە. چیبووتیکین مرۆڤی قسە هێنانەوەیە و هەموو بوون و جیهان دەخاتە ژێر تێڕامانەوە و تەنانەت لە پەردەی سێیەمیشدا بوونی خۆشی وەک پزیشک و دەوروبەرەکەشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**چیبووتیکین:**

هەمووتان بە لەعنەت بن... سندانم لێ دان... هەرایە... وام ئەزانی دوکتۆرم و ئەتوانم چارەی هەموو نەخۆشییەک بکەم، کەچی هیچ نازانم... هەموو شتێکم بیرچۆتەوە... هەرچیم زانیوە هەموویم لەبیرچۆتەوە، هیچم لەبیرنەماوە. (بێ ئەوەی هەست پێ بکا ئۆلگا و نەتاشا ئەچنە دەرێ) شەیتان بە لەعنەت بێ... چوارشەممەی ڕابردوو لە زاسیپ ژنێکم تیمار ئەکرد، کەچی مرد.... من تاوانبارم، بەڵێ، بیست و پێنج ساڵێک لەمەوبەر هەندێ شتم ئەزانی، بەڵام هیچم لەبیرنەماوە... هیچ... باشە، بەڵکو من مرۆڤ نەبم و بەخۆڕایی وا خۆم پیشان بدەم کە دەست و قاچ و سەرم هەیە... بەڵکو لە ڕاستیدا من هەر نەبم و وا بزانم دێم و ئەچم و ئەخۆمەوە! (ئەگری) ئاخ،

خۆزگە هەر نەبوومایە. (ژێر ئەبێتەوە و بە تووڕەییـیەوە)
شەیتان ئەزانێ... سێ ڕۆژە لە یانە هەرایە و باسی شەکسپیر و ڤۆڵتەر ئەکەن... من نەمخوێندوونەتەوە و هیچیان دەربارە نازانم. کەچی خۆم وا پیشان ئەدا کە خویندوومنەتەوە... ئەوانی تریش هەروەکو من بوون... ئەمە نزمییە. ئەو ژنەشم هاتەوە بەرچاو کە چوارشەممە کوشتم و لەبەرچاوم ون نەئەبوو... دڵم گیراوە، ئەمە ناڕەوایە، کارێکی چەوتە، تاوانە.

شانۆنامەی سێ خوشک
پەردەی سێیەم

ئەم کارەکتەرە مەی بە چارەسەر دەزانێت و لەپشت سنوورەکانی بەدمەست بوونەوە خۆی دەشارێتەوە، هەندێک جار بە هەستێکی گەورە خۆشەویستی بۆ سێ خوشکەکە و بەتایبەتی بۆ ئیرینا دەردەبڕێ، یان گوێ ناداتە هیچ و هەندێ جار پەردە لە ڕووی ڕاستییەکان هەڵدەماڵێ و توندوتیژە، بۆ نموونە لە پەردەی چوارەمدا، بەم شێوەیە ئامۆژگاری ئەندرێی دەکات.

**چیبووتیکین:**

.... براکەم، من بەیانی ئەڕۆم و ڕەنگە ئیتر هەرگیز جارێکی تر یەکتری نەبینینەوە، بەڵام ئەم ئامۆژگارییەی منت لەبیربێ: شەبقەکەت بکەرە سەرت و گۆچانەکەت بگرە بە دەستتەوە و ماڵ بەجێ بێڵە و برۆ... بێ ئاوڕدانەوە برۆ، هەتا دوورتریش برۆی باشترە!

شانۆنامەی سێ خوشک
پەردەی چوارەم



هەر چیبووتیکین پەردە لەسەر ئەو نهێنییە هەڵدەماڵێ کە هەموو ئەیزانن، بەڵام کەس ناوێرێ، یان نایەوێ ڕاستەوخۆ باسی بکات، ئەویش پەیوەندییەکانی نەتاشایە بە پرۆتۆپۆپۆڤەوە.

چیبووتیکین لەکاتێکدا ئەم نهێنییە ئاشکرا دەکات کە کاتژمێرە دێرینەکەی دایکی سێ خوشکەکە دەشکێنێ، شکاندنی ئەم کاتژمێرەش لەگەڵ ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی نەتاشا و پرۆتۆپۆپۆڤ سمبوڵی شکاندنی بەها کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی و داوێن پیسییە.

**چیبووتیکین:**

ڕەنگە هی دایکت بووبێ... ئینجا با هی دایکت بووبێ. ڕەنگیشە من نەمشکاندبێ، بەڵکو وا هاتبێتە بەرچاو کە من شکاندوومە. وا بزانم هەموومان هەر وا تێ ئەگەین کە ئێمە هەین و کەچی لە ڕاستیشدا نین. من هیچ نازانم... کەس هیچ نازانێ (لای دەرگاکەوە) بۆچی سەیرم ئەکەن؟ نەتاشا لەگەڵ پرۆتۆپۆپۆڤدا ڕائەبوێرێ، کەچی ئێوە نایانبینن... ئێوە ئێستا لێرە دانیشتوون و هیچ نابینن. نەتاشا لەگەڵ پرۆتۆپۆپۆڤدا ڕائەبوێرێ.

شانۆنامەی سێ خوشک
پەردەی سێیەم

چیبووتیکینی پیرە پزیشک پەیوەندییەکی دێرین و توندوتۆڵی بە بنەماڵەی پرۆزۆرۆڤەوە هەیە و هەر سێ خوشکەکە و ئەندرێی بە بەرچاوی ئەوەوە گەورە بوون. ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مۆسکۆ – چیبووتیکین بە شێوەیەک لە شێوەکان

پەیوەندییەکی خۆشەویستی بە دایکی سێ خوشکەکەوە هەبووە و ئێستا بە بیرەوەری ئەو پەیوەندییە دڵخۆش دەبێت و هەر بەو بیرەوەرییانە دەژی.

**چیبووتیکین:**

نەشمیلە نازدارەکانم، ئێوە بەنرخترین و خۆشەویستترین کەسن لەم جیهانەدا. (بۆ ئیرینا) نەشمیلەکەم، کۆرپەکەم، من لە ڕۆژی لەدایکبوونتەوە ئەتناسم... جاران بە باوەش ئەمگێڕای و دایکی خوالێخۆشبووتم خۆش ئەویست.

شانۆنامەی سێ خوشک
پەردەی یەکەم

چیبووتیکین بەهەمان شێوە لە پەردەی دووەمیشدا بە ئەندرێی دەڵێت:

**چیبووتیکین:**

لەبەر ئەوەی ژیانم وەک هەورە برووسکە تیژ و خێرا بەسەرچوو، فریا نەکەوتم ژن بهێنم. هەروەها لەبەر ئەوەش ژنم نەهێناوە چونکە دایکتم زۆر خۆش ئەویست، هەرچەندە ژنی مێرداریش بوو!

شانۆنامەی سێ خوشک
پەردەی دووەم

ئەم مەسەلەیەش چەندین جاری تر دووبارە ئەبێتەوە و چیبووتیکین هەر فرسەتێکی بۆ هەڵبکەوێت باسی خۆشەویستی خۆی بۆ دایکی سێ خوشکەکە دەکات، بەڵام هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست ناکەوێت کە ئایا دایکی سێ خوشکەکەش چیبووتیکینی خۆشویستووە یان خۆشەویستییەکە تەنها لەلایەن چیبووتیکینەوە بووە.



٨

ئۆلگا کچی ژیانی ڕۆژانەیە، بەردەوام کار دەکات و ژیانی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت. ئیرینا لە سەرەتای شانۆنامەکەدا وەک باڵندەیەکی سپی ئاماژەی بۆ دەکرێت، خەونەکانی نایەنە دی و لە کۆتایی شانۆنامەکەدا وەک باڵندەیەکی باڵشکاو ئامادەیە سەرلەنوێ ژیانی خۆی دەست پێبکاتەوە، ماشا لە سەرەتادا جلوبەرگەکانی ڕەشە و ئەمەش بە شێوەیەک لە شێوەکان سمبوڵێکە و ماشای (باڵندەی دەریا)مان بیر دەخاتەوە. ماشا لە شانۆنامەی باڵندەی دەریادا جلوبەرگەکانی ڕەشە، لەبەرئەوەی وەک خۆی دەڵێت لە پرسەی ژیانی خۆیدایە، بەڵام ماشا لە شانۆنامەی سێ خوشکدا لە پرسەی ژیانی خۆیدا نییە، بەڵکو زیاتر کەسایەتییەکی سەرکەش، یاخی و سەربەستە. ماشا تاکە کەسێکە کە دەوێرێت و بە ئاشکرا دژی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەجووڵێتەوە، بۆ نموونە سەرەڕای ئەوەی کە ژنی کولیگینە، بەڵام عاشقی ڤێرشینین دەبێت و پەیوەندییەکی کراوەی دڵداری لەگەڵدا دروست دەکات و گوێ بە قسەی خەڵکی و ئابڕووچوون نادات. بەڵام ڤێرشینین لەگەڵ سوپاکەیان لەو ناوە، یان لەو شارە بچووکە دەگوێزنەوە و خەون و هیواکانی ماشاش نایەنە دی و دەگەڕێتەوە سەر ژیانە ئاساییەکەی پێشووی و پۆشینی جلوبەرگە ڕەشەکانی. کارەکتەرەکانی شانۆنامەی سێ خوشک بەردەوام خەون بە کار کردن و خۆشەویستییەوە دەبینن، کارێک کە مانایەک بە ژیان ببەخشێ و هیوایەک بە خۆشەویستییەکەوە کە ژیانیان ئاسوودە و بەختیار بکات. هەندێ جار ئەم دوو خەونە پێکدا دەچن و دەبنە یەک، بە هیوای گوزەرانێکی خۆش، هاوبەش و خەونێک بە کۆمەڵگایەکەوە کە مرۆڤ بتوانێ خودی خۆی لە واقیعدا بدۆزێتەوە.

لەهەر چوار پەردەکەی شانۆنامەی سێ خوشکدا کارەکتەرەکان بەردەوام باسی کارکردن و گرنگی کارکردن دەکەن، بۆ نموونە هەر لە سەرەتای پەردەی یەکەمدا ئیرینا باسی ئاسوودەیی لە کارکردندا دەکات.

**ئیرینا:**

کە ئەم بەیانییە خەبەرم بووەوە و هەستام و دەمموچاوم شت لەپڕ وام هەست کرد کە هەموو شتێکی ئەم جیهانەم لەلا ڕووناکە و ئەزانم ئەبێ چۆن بژیم. ئیڤان ڕۆمانیچی خۆشەویست... من هەموو شتێک ئەزانم، مرۆڤ هەرچییەک بێ پێویستە کار بکا و بە ئارەقی ناوچەوانی خۆی بژی، ئاوات و مانای ژیان لەمەدایە. چەند خۆشە کرێکار بی و لەگەڵ ڕۆژهەڵاتندا لەسەر شەقامەکان بەرد بشکێنی، یان شوان بی، یان مامۆستا بی منداڵان فێری خوێندن بکەی، یان شەمەندەفەر لێخوڕی ئای خوایە، با مرۆڤیش نەبی، با گامێش بی یان ئەسپێکی ئاسایی بی هەر بەو مەرجەی ئیش بکەی و ژنێک نەبی سەعات دوازدەی نیوەڕۆ لە خەو هەستی و لەناو جێگاکەدا قاوە بخۆیتەوە و دوای دوو سەعات خەریکی خۆگۆڕین بی ئای ئەمە شتێکی چەند سامناکە. وەک چۆن هەندێ جار مرۆڤ لە گەرمادا حەز ئەکا بخواتەوە منیش ئاوا حەز ئەکەم ئیش بکەم. ئیڤان ڕۆمانیچ، ئەگەر لەمەودوا بەیانییان زوو لە خەو هەڵنەستم و ئیش نەکەم هاوڕێیەتیم مەکە!

شانۆنامەی سێ خوشک

پەردەی یەکەم



٩

پەردەی سێیەمی شانۆنامەکە دادەنرێت بە خاڵی یەکالاکردنەوەی مەسەلەکان: لەم پەردەیەدا ئەندرێی ددان بەوەدا دەنێت کە چەند پارەی دۆڕاندووە و تا چەند کەوتۆتە ژێر باری قەرزەوە، هەر لەم بەشەدا ماشا باسی عەشقی خۆی و ڤێرشینین بۆ خوشکەکانی دەکات و هەر لەم بەشەشدا ئۆلگا ئامۆژگاری ئیرینا دەکات تا شوو بە توزینباخ بکات.

ئیرینا قایل دەبێت کە شوو بە توزینباخ بکات، هەرچەندە باش دەزانێت کە توزینباخی خۆش ناوێت، تەنانەت ئەویش دەزانێت کە ئیرینا ئەوی خۆش ناوێت. لە دوا دیالۆژەکانی پەردەی سێیەمدا ئیرینا بە ئۆلگا دەڵێت:

**ئیرینا:**

نەشمیلەکەم، نازدارەکەم، من ڕێزی بارۆن ئەگرم و نرخی ئەزانم.. پیاوێکی نایابە. قایلم شووی پێ بکەم، شووی پێ ئەکەم، هەر بەو مەرجەی بچین بۆ مۆسکۆ. لێت ئەپاڕێمەوە، با بچین. لە هەموو جیهاندا لە مۆسکۆ خۆشتر نییە... با بچین. ئۆلا، با بچین!

شانۆنامەی سێ خوشک

پەردەی سێیەم

ئیرینا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە و ڕاستەوخۆ بە توزینباخ دەڵێت، بەڵام توزینباخ لە دڵەوە عاشقی ئەوە و بە هەموو شتێک قایلە، لە پەردەی چوارەمیشدا ئیرینا ئەم ڕاستییە دەخاتە دەستی توزینباخەوە.

**ئیرینا:**

ئەمە بە دەست خۆم نییە... من ژنێکی بەوەفا و گوێڕایەڵت ئەبم، بەڵام خۆشەویستی لە دڵمدا نییە، بڵێم چی؟ (ئەگری) من هەرگیز لە ژیانمدا کەسم خۆش نەویستووە... من لە زۆر دەمێکەوە بە ئاواتی ئەوەوەم یەکێکم خۆش بوێ.. شەو و ڕۆژ بە ئاواتەوە بووم، بەڵام دڵم وەک پیانۆیەکی گرانبەها وایە کە کلیلەکەی ون بووبێ! (بێ دەنگییەک).. چاوەکانت شڵەژاون!

**توزینباخ:**

بە درێژایی شەو نەنووستم.. من لە ژیاندا هیچ شتێکی سامناکم نییە بمترسێنێ، بەڵام هەر ئەم کلیلە ون بووە گیانم ئەشڵەژێنێ و ناهێڵێ بنووم... قسەیەک بکە. (بێ دەنگییەک) قسەیەک بکە.

**ئیرینا:**

چی؟... چی بڵێم؟... چی؟

**توزینباخ:**

هەرچییەک بێ.

شانۆنامەی سێ خوشک

پەردەی چوارەم

لەناو ئەو سێ خوشکەدا ئۆلگا هەمیشە دەکەوێتە پەراوێزەوە، تەنانەت هەندێک جار لەبیر دەچێتەوە، ئیرینا توند خۆی بە خەونەکانییەوە هەڵدەواسێ و ماشاش خۆی ئەداتە دەست عەشق.



## بەشدارانی شانۆگەرییەکە

ئەندرێی سیرگێیڤیچ پرۆزۆرۆڤ: برای سێ خوشکەکانە

نەتالیا ئیڤانۆڤا: دەسگیرانی ئەندرێی و دوایش ئەبێتە ژنی

ئۆلگا
ماشا — خوشکی ئەندرێی پرۆزۆرۆڤن
ئیرینا

کوڵیگین فیدرۆئیلیچ: مامۆستای قوتابخانەی گیمنازیا[١] و مێردی ماشایە.

چیپووتیکین ئیڤان ڕۆمانۆڤیچ: دوکتۆری سوپایە

ڤێرشینین ئەلێکساندەر ئیگناتێڤیچ: موقەدەمی[٢] سوپا و سەرکردەی بەتالیۆنێکی سوپاییە

توزینباخ نیکۆلای لڤۆڤیچ: بارۆن[٣] و عەقیدی سوپایە

سەلیۆنی ڤاسیلی ڤاسیلێڤیچ: مولازیمی یەکەمی سوپایە

فیدۆتیک ئەلێکساندەر پیترۆڤیچ: مولازیمی سوپایە

ڕۆدێ ڤلادیمێر کارلۆڤیچ: مولازیمی سوپایە

فیراپۆنت: پیرەمێردێکە و پاسەوانی مەڵبەندی بەڕێوەبەرایەتی گوندەکانە

ئەنفیسا: پیرێژنێکی هەشتا ساڵەیە.... لەلەیە

چیرۆکەکە لە شارێکی پارێزگایەکدا ڕوو ئەدا

## ڕووداوی یەکەم

*(ژووری میوانی ماڵی پرۆزۆرۆڤە. چەند پایەیەکی تێدایە کە لەودیوییانەوە هۆڵێکی گەورە دیارە. کات نیوەڕۆیە، دەرەوە ڕووناکە و خۆر بە دەرەوەیە و هەوا خۆشە... تازە لە هۆڵەکەدا مێز ئەڕازێننەوە بۆ نان خواردنی بەیانی).*

*(ئۆلگا کراسێکی شینی تایبەت بە مامۆستایانی گیمنازیای لەبەردایە، لەناو دەرگاکەدا وەستاوە و خەریکی سەیرکردن و ڕاستکردنەوەی دەفتەری قوتابییەکانە. ماشا کراسێکی ڕەشی لەبەردایە و شەپقەیەکی لەسەر ئەژنۆکانی داناوە و کتێبێک ئەخوێنێتەوە. ئیرینا کراسێکی سپی لەبەردایە، وەستاوە و بیرئەکاتەوە).*

**ئۆلگا:**

ئیرینا، باوکم ساڵێکی تەواو لەمەوبەر، لەم ڕۆژەدا لە پێنجی مایسی پاردا و لە ڕۆژی بیرەوەری لەدایکبوونی تۆدا مرد. ڕۆژێکی سارد بوو و بەفر ئەباری. من وام ئەزانی بەرگەی ئەمە ناگرم. تۆ بێ هۆش کەوتبووی و وەک مردوو وابووی... بەڵام وا ساڵێک تێپەڕی و ئێستا لەسەرخۆ یادی ئەکەینەوە... تۆ کراسێکی سپیت لەبەردایە و ڕووت گەشە. (سەعات دوازدە لێ ئەدا) ئەوساش سەعاتەکە لێی ئەدا. (بێدەنگییەک) لەبیرمە کە



باوکمیان برد مۆسیقایان لێدا و لەسەر گۆڕەکەی تەقەیان کرد. هەرچەندە جەنەڕاڵ و سەرلەشکر بوو لەگەڵ ئەوەشدا کەمی خەڵک لەگەڵدا بوو. بارانی بەلێزمە بە پرووشەی بەفرەوە ئەباری.

**ئیرینا:**

بۆچی بیر لەمە بکەینەوە؟

(لە پشت پایەکانی هۆڵەکەوە باڕۆن توزینباخ و چیبووتیکین و سەلیۆنی دەرئەکەون)

**ئۆلگا:**

ئەمڕۆ گەرمە و ئەتوانرێ پەنجەرەکان بکرێنەوە... داربیریۆزەکان[٤] هێشتا نەبووژاونەتەوە. باوکم یازدە ساڵ لەمەوبەر سەرکردایەتی لیوایەکی سەربازی وەرگرت و پێکەوە لە مۆسکۆوە کۆچمان کرد. من باشم لەبیرە کە لەم کاتەدا لە مۆسکۆ هەموو درەختەکان گوڵ ئەکەن و دنیا گەرمە و تیشکی ڕۆژ هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە. یازدە ساڵ تێپەڕیوە کەچی وا ئەزانم دوێنێیە. ئای خوایە! کە ئەم بەیانییە خەبەرم بۆوە و هەستم بە تیشکی ڕۆژ کرد و بەهارم بینی گیانم بەختیاری دایپۆشی... زۆر حەزم کرد بگەڕێمەوە شارە خۆشەویستەکەمان.

**چیبووتیکین:**

قسەی هیچ!

(ماشا بە وردی بەسەر کتێبەکەوە بیرئەکاتەوە و فیکە لێ ئەدا)

**ئۆلگا**

ماشا فیکە لێ مەدە! بۆ وا ئەکەی؟

(بێدەنگییەک) لەبەرئەوەی من هەموو ڕۆژێک ئەچم بۆ قوتابخانە و دواییش هەتا ئێوارە دەرس ئەڵێمەوە هەمیشە سەرم دێشێ و بیری واشم بە مێشکدا دێ ئەڵێی پیر بووم. لەڕاستیدا هەست ئەکەم لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا کە لە قوتابخانە ئیش ئەکەم هەموو ڕۆژێک دڵۆپ دڵۆپ هێز و لاویم ئەتوێتەوە و بەردەوام هیوا و ئاواتەکانم پەرە ئەسێنن و فراوان ئەبن.

**ئیرینا:**

خۆزگە بچووینایەوە بۆ مۆسکۆ... با خانووەکەی ئێرەمان بفرۆشین و کاروبارمان تەواو بکەین و بەرەو مۆسکۆ بچین...

(چیبووتیکین و توزینباخ پێدەکەنن) لەوانەیە ئەندرێی برام ببێ بە پرۆفیسۆر، دیارە ئەوساش لێرە ناژی... بەڵام ماشای بەستەزمان لێرە ئەمێنێتەوە!

**ئۆلگا:**

ماشا ئەتوانێ هەموو هاوینێک بێ بۆ مۆسکۆ.

(ماشا لەسەرخۆ بە فیکە ئاوازی گۆرانییەک لێ ئەدا)

**ئیرینا:**

خوا یاربێ هەموو شتێک سەرئەگرێ (لە پەنجەرەکەوە سەیر ئەکا) ڕۆژێکی خۆشە. نازانم هۆی چییە ئەوەندە دڵم خۆشە!... کە ئەم بەیانییە بیرم کەوتەوە ئەمڕۆ ڕۆژی بیرەوەری لەدایکبوونمە و لەپڕ خۆشی دڵی داپۆشیم. ئەو کاتانەی منداڵیم بیر کەوتنەوە کە لەگەڵ دایکمدا ئەژیام... ئای چەند شتی سەیرم بیر کەوتەوە!



**ئۆلگا:**

تۆ ئەمڕۆ گەشاویتەوە و بێ سنوور جوان ئەنوێنی. ماشاش جوانە. ئەندرێیش ئەگەر ئەوەندە قەڵەو نەبوایە جوان ئەبوو. ئەم قەڵەوییەی لێ نایە. منیش پیر و لاواز بووم و ڕەنگە لەبەر ئەمە بێ لە قوتابخانە لە کچەکان توورە ئەبم. ئەمڕۆ چونکە ئیشم نییە و لە ماڵەوەم سەرم نایەشێ و لە دوێنێ خۆم بە لاوتر ئەزانم، تەمەنیشم تەنها بیست و هەشت ساڵە، دیارە هەموو شتێک لە خواوەیە، بەڵام وا بزانم ئەگەر شووم بکردایە و بە درێژایی ڕۆژ لە ماڵەوە بوومایە، باشتر ئەبوو. (بێدەنگییەک) ئەگەر من مێردم هەبوایە خۆشم ئەویست.

**توزینباخ:**

(بۆ سەلیۆنی) ئەوەندە قسەی قۆڕ ئەکەن تاقەتم چووە گوێتان لێ بگرم. (ڕوو دەکاتە ژووری میوان) لەبیرم نەبوو، ئەمڕۆ ڤێرشینینی سەرکردەی تازەی بەتالیۆنەکەمان دێ بە میوانیتان. (لای پیانۆکەوە دائەنیشێ)

**ئۆلگا:**

ئینجا چییە؟ من بەمە کامەرانم!

**ئیرینا:**

پیرە؟

**توزینباخ:**

نەء خراپ نییە، تەمەنی زۆر زۆر بێ چل ساڵ – چل و پێنج ساڵ ئەبێ (لەسەرخۆ ئاوازی گۆرانییەک ئەڵێ) گومانی تێدا نییە کە پیاوێکی بەتوانا و ژیرە، بەڵام زۆر بلێیە!

**ئیرینا:**

ڕێکوپێکە؟

**توزینباخ:**

بەڵێ، خراپ نییە. بەڵام ژن و خەسوو و دوو کچی هەن و دوو ژنیشی هێناوە و بۆ هەر شوێنێک ئەچێ باسی ئەمە ئەکا لێرەش هەر وا ئەڵێ ژنەکەی شێتۆکەیە و پرچێکی منداڵانەی هۆنیوەتەوە، هەر قسەی بە کاکڵیش ئەکا و فەلسەفە ئەنوێنێ. چەند جارێکیش هەوڵی خۆکوشتنی داوە و وا دیارە بەمە ئەیەوێ ڕقی مێردەکەی هەڵستێنێ. من بوومایە دەمێک بوو ئەو ژنەم بەجێ هێشتبوو، بەڵام بەرگەی گرتووە و هەر سکاڵاش ئەکا.

**سەلیۆنی**

(لەگەڵ چیبووتیکیندا لە هۆڵەکەوە دێنە ژووری میوان) من بە یەک دەست تەنیا پوود و نیوێک[٥] بەرز ئەکەمەوە، کەچی بە دوو دەست پێنج پوود و بگرە شەشیش ئەتوانم. لەمەوە دڵنیا بووم کە دوو کەس تەنها دوو جار لە مرۆڤێک بەهێزتر نین، بەڵکو سێ جار بەهێزترن!

**چیبووتیکین:**

(بە ڕێگاوە ڕۆژنامەیەک ئەخوێنێتەوە) بۆ چاری قژ ڕووتاندنەوە دوو مسقاڵ[٦] نەفتالین لەنیو بوتڵ ئیسپرتۆدا بتوێنرێتەوە و هەموو ڕۆژێک بەکاربهێنرێ. (لە دەفتەرێکی بچووکدا ئەینووسێتەوە) ئەینووسین (بۆ سەلیۆنی) با پێت بڵێم چۆن بەکار ئەهێنرێ: تەپەدۆرێک ئەخرێتە دەمی بوتڵەکەوە و



لەدواییدا لوولەیەکی شووشەی باریکی تێ هەڵئەکێشرێ و تۆزێک کریستاڵی خوێی کبریتاتی ئەلەمنیۆمی تێ ئەکرێ.

**ئیرینا:**

ئەرێ ئیڤان ڕۆمانیچی خۆشەویست، هۆی چییە؟

**چیبووتیکین:**

ئەڵێی چی کیژۆڵەکەم، هۆی کامەرانیم؟

**ئیرینا:**

پێم بڵێ هۆی چییە ئەمڕۆ من هێندە شادمانم؟ وا هەست ئەکەم بەسەر چارۆکەیەکەوەم و ئاسمانی شینی فراوان دەورەی داوم و باڵندەی سپی بەسەرمدا ئەفڕن. هۆی چییە؟ هۆی چییە؟

**چیبووتیکین:**

(بە شێنەیی هەردوو دەستەکانی ماچ ئەکا) ئەی باڵندە سپییەکەم!

**ئیرینا:**

کە ئەم بەیانییە خەبەرم بۆوە و هەستام و دەموچاوم شت لەپڕ وام هەست کرد هەموو شتێکی ئەم جیهانەم لەلا ڕووناکە و ئەزانم ئەبێ چۆن بژیم. ئیڤان ڕۆمانیچی خۆشەویست.. من هەموو شتێک ئەزانم، مرۆڤ هەرچییەک بێ پێویستە کار بکا و بە ئارەقی نێوچەوانی خۆی بژی، ئاوات و مانای ژیان لەمەدایە. چەند خۆشە کرێکار بی و لەگەڵ ڕۆژهەڵاتندا لەسەر شەقامەکان بەرد بشکێنی، یان شوان بی، یان مامۆستا بی منداڵان فێری خوێندن بکەی، یان شەمەندەفەر لێخوڕی. ئای خوایە، با مرۆڤیش نەبی، با گامێش بی یان ئەسپێکی ئاسایی

بی، هەر بەو مەرجەی ئیش بکەی و ژنێک نەبی سەعات دوازدەی نیوەڕۆ لە خەو هەستی و لەناو جێگاکەدا قاوە بخۆیتەوە و دوایی دوو سەعات خەریکی خۆگۆڕین بی. ئای ئەمە شتێکی چەند سامناکە. وەک چۆن هەندێ جار مرۆڤ لە گەرمادا حەز ئەکا بخواتەوە منیش ئاوا حەز ئەکەم ئیش بکەم. ئیڤان ڕۆمانیچ، ئەگەر لەمەودوا بەیانییان زوو لە خەو هەڵنەستم و ئیش نەکەم، هاوڕێیەتیم مەکە!

**چیبووتیکین:**

(بە نەرمییەوە) نایکەم. نایکەم!

**ئۆلگا:**

باوکم وای فێرکردبووین سەعات حەوت لە خەو هەستین. ئێستا ئیرینا سەعات حەوت خەبەری دەبێتەوە و هەتا سەعات نۆ لە جێگادا ئەمێنێتەوە و بە ڕوویەکی سەنگینەوە بیر لە شتێک ئەکاتەوە (پێئەکەنێ)

**ئیرینا:**

تۆ وا ڕاهاتووی کە هەمیشە من وەک کیژۆڵەیەکی هەرزەکار ببینی و لەلات سەیرە ڕووم سەنگین بێ. من ئێستا منداڵ نیم و تەمەنم بیست ساڵە!

**توزینباخ:**

ئای خوایە، لە بێ ئیشی بێزار بووم. تێ ئەگەم! من لە ژیانمدا هەرگیز ئیشم نەکردووە. من لە پیتەربورگی[٧] سارد و پڕ لە بێ ئیشیدا لەدایک بووم و لەناو خێزانێکدا ژیاوم کە هەرگیز ئیشکردن و چەرمەسەرییان نەدیوە.. لەبیرمە کە لە سوپا



ئەگەڕامەوە نۆکەرێک جزمەکانی لە پێ دائەکەندم. بزێویم ئەکرد و دایکم بە چاوێکی دۆستانەوە سەیری ئەکردم و لەلای سەیر بوو کە خەڵکی تر بە چەشنێکی تر تێیان ئەڕوانیم، لە ئیشکردن و نارەحەتی ئەیان پاراستم و ئەمەشیان بە ئاسانی بۆ ئەچووە سەر. ئێستا دنیا وا نەماوە. وا گەرداوێکی بەهێز و گەورە هەڵی کردووە و لێمان نزیک بۆتەوە کە بەم زووانە تەمەڵی و بێ کاری و هەستی گوێ نەدان بە کارکردن و بێزاری و بێ تاقەتی گەندەڵ ڕائەماڵێ و منیش ئەبێ ئیش بکەم، بیست سی ساڵی تریش ئەبێ هەموو کەسێک ئیش بکا، هەموو کەسێک.

**چیبووتیکین:**

من ئیش ناکەم!

**توزینباخ:**

تۆ لە حیسابدا نیت!

**سەلیۆنی:**

سوپاس بۆ خوا کە پاش بیست و پێنج ساڵی تر ئێمە نامێنین... پەرییەکەم پاش دوو سێ ساڵی تر تۆ یان بە نەخۆشی ئەمری یان من ڕقم هەڵئەستێ و گوللەیەک ئەنێم بە ناوچەوانتەوە. (شووشەیەک بۆن لە گیرفانی دەردێنێ و لە سنگ و دەستەکانی خۆی ئەپرژێنێ.)

**چیبووتیکین:**

(پێ ئەکەنێ) لە ڕاستیدا من هەرگیز ئیشم نەکردووە.. لەوەتی لە زانکۆ دەرچووم پەنجەم لە پەنجە نەداوە. لە ڕۆژنامەش بەولاوە کتێبم نەخوێندۆتەوە (ڕۆژنامەیەکی تر لە گیرفانی

دەردێنێ) بۆ وێنە، بەهۆی ڕۆژنامەوە ئەزانم دەبرۆلوبۆڤ[٨] کێیە بەڵام نازانم چی نووسیوە! خوا ئەزانێ چی نووسیوە! (لە نهۆمی خوارەوە تەپەی پێ دێتە گوێ کە لە زەوییەکە ئەدا).. ئەها، لە خوارەوە بانگم ئەکەن... میوانم هاتووە.. ڕاوەستن، ئێستا دێم! (ڕیشی شانە ئەکا و بە پەلە ئەچێتە دەرێ)

**ئیرینا:**

شتێکی بە دەستەوەیە!

**توزینباخ:**

بەڵێ، بە ڕوویەکی خۆشەوە چووە دەرێ. ئێستا دیارییەکت بۆ دێنێ!

**ئیرینا:**

شتێکی چەند ناخۆشە!

**ئۆلگا:**

بەڵێ، زۆر.... هەمیشە ئیشی ناڕەوا ئەکا.

**ماشا:**

(هەڵئەستێتە پێ و لەسەرخۆ گۆرانی ئەڵێ) چنار و لاولاو سەریان گرتووە گیر.... من بۆ کێ ئەگریم بە کێ ئەمکەن ژێر[٩].

**ئۆلگا:**

ماشا، ئەمڕۆ تۆ پەستی!

(بە گۆرانی وتنەوە شەبقەکەی لەسەر ئەکا)

**ئۆلگا:**

بۆ کوێ؟



**ماشا:**

بۆ ماڵەوە.

**ئۆلگا:**

سەیرە!

**توزینباخ:**

ئاهەنگی لەدایکبوون بەجێدێڵی؟

**ماشا:**

گوێ مەدەنێ، ئێوارە دێمەوە. نەشمیلەکەم خوات لەگەڵ، هیوام کامەرانیتە (ئیرینا ماچ ئەکا) هیوادارم تەندروستیت باش و کامەران بی. کە باوکمان مابوو خەڵک زۆر ئەهاتن و هەموو جارێک سی چل ئەفسەر کۆئەبوونەوە، کەچی ئەمڕۆ مرۆڤ و نیوێک هاتوون!... ئەوەندەش کشومات و بێ دەنگە ئەڵێی بیابانە. ئەڕۆم... من ئەمڕۆ دڵم گیراوە و پەستم لەبەرئەوە تۆ گوێم مەدەرێ. (بە فرمێسکەوە پێ ئەکەنێ) دوایی باسی ئەکەین، ئێستا نەشمیلەکەم خوات لەگەڵ، جێگایەک ئەدۆزمەوە بچم.

**ئیرینا:**

(بە ناڕەزاییەوە) تۆ کچێکی سەیری!

**ئۆلگا:**

(بە فرمێسکەوە) ماشا، من تێت ئەگەم...

**سەلیۆنی:**

کاتێ پیاو فەلسەفە ئەنوێنێ- ئەوە یان فەلسەفەیە یان

سەفستائییە[١٠]، بەڵام ئەگەر ژنێک یان دوو ژن فەلسەفە بنوێن ئەوە ئەبێ بە... بە پەنجەم ڕامکێشە!

**ماشا:**

ناپەسەند، بەم قسانەت ئەتەوێ بڵێی چی؟

**سەلیۆنی:**

هیچ... فریا نەکەوت هەناسە بدا، ورچەکە[١١] پەلاماری دا (بێدەنگی)

**ماشا:**

(بە تووڕەیییەوە بۆ ئۆلگا) مەگری!

(ئەنفیسا و فێراپۆنت دێنە ژوورێ، بۆرەکیان پێیە)

**ئەنفیسا:**

باوکە، وەرە ژوورێ، قاچەکانت پاکن. (بۆ ئیرینا) ئەم بۆرەکە لە مەڵبەندی بەڕێوەبەرایەتی گوندەکانەوە میخایل ئیڤانیچ پرۆپۆتۆڤ ناردوویەتی.

**ئیرینا:**

سوپاس... سوپاسیان بکە (بۆرەکەکە وەرئەگرێ)

**فێراپۆنت:**

چی؟

**ئیرینا:**

(بە دەنگێکی بەرزتر) سوپاسیان بکە.

**ئۆلگا:**

داپیرە، بۆرەکی بدەنێ... فێراپۆنت، برۆ بۆرەکت ئەدەنێ.



**فێراپۆنت:**

چی؟

**ئەنفیسا:**

باوکە فێراپۆنت سپیریدۆنیچ، با برۆین (لەگەڵ فێراپۆنت ئەچێتە دەرێ)

**ماشا:**

حەز لە چارەی ئەو پرۆتۆپۆڤە ناکەم. هەقی بانگکردنی نییە.

**ئیرینا:**

من بانگم نەکردووە!

**ماشا:**

زۆر چاکە.

(چیبووتیکین دێتە ژوورێ، سەربازێک بە سەماوەرێکی زیوەوە بەدوایدا دێ. وڕەی سەرسامی و ناڕەزایی دێ)

**ئۆلگا:**

(بە دەستەکانی ڕووی خۆی دائەپۆشێ) سەماوەرت هێناوە؟ ئەمە شتێکی ناڕەوایە... (ئەچێتە لای مێزەکەی ژووری میوان)

**ئیرینا:**

بێ بەڵابی ئیڤان ڕۆمانیچ، ئەوە چیت کردووە؟

**توزینباخ:**

(بە پێکەنینەوە) پێم نەوتی؟

**ماشا:**

ئیڤان ڕۆمانیچ... بەڕاستی زۆر شوورەیییە!

**چیبووتیکین:**

نەشمیلە نازدارەکانم، ئێوە بەنرخترین و خۆشەویستترین کەسمن لەم جیهانەدا. (بۆ ئیرینا) نەشمیلەکەم، کۆرپەکەم، من لە ڕۆژی لەدایکبوونتەوە ئەتناسم... جاران بە باوەش ئەمگێڕای و دایکی خوالێخۆشبووتم خۆش ئەویست.

**ئیرینا:**

ئەم دیارییە گرانبەهایە لە پای چی؟

**چیبووتیکین:**

(فرمێسک لە چاویا قەتیس ماوە، بە تووڕەییەوە) دیاری گرانبەها.. دە توخوا لاچن (بۆ موراسیلەکەی) سەماوەرەکە بەرە ئەوێ (لاسایی ئەکاتەوە) دیاری گرانبەها (موراسیلەکە سەماوەرەکە ئەباتە هۆڵەکە)

**ئەنفیسا:**

(لە ژووری میوانەوە دێت) نەشمیلەکانم، عەقیدێک هاتووە نایناسم. کیژۆڵەکانم وا پاڵتۆکەی داکەند و بەرەو ئێرە دێ.. ئیرینا... بە شێنەیی و ڕووخۆشییەوە ڕێزی بگرە (ئەچێتە دەرێ) دەمێکە کاتی نان خواردن هاتووە.. ئای خوایە!

**توزینباخ:**

ڕەنگە ڤێرشینین بێ.

(ڤێرشینین دێتە ژوورێ)

**توزینباخ:**

(پێیان ئەناسێنێ) جەنابی موقەدەم ڤێرشینین[١٢].





**ڤێرشینین:**

(بۆ ماشا و ئیرینا) شادمانم خۆمتان پێ بناسێنم.. من ڤێرشینینم.. زۆر شادمانم کە پێتان گەیشتمەوە.. ئای، ئای... چەند گەورە بوون.

**ئیرینا:**

فەرموون دانیشن... زۆر پێخۆشحاڵین!

**ڤێرشینین:**

(بە ڕوویەکی خۆشەوە) ئای چەند بەختیارم... چەند بەختیارم! لە بیرمە ئێوە سێ خوشکن، سێ کیژۆڵەن، شێوەی ڕووتانم لەبەرچاو نییە، بەڵام ئەزانم کە عەقید پرۆزۆرۆڤی باوکتان سێ کیژۆڵەی خنجیلانەی هەبوو... باشم لەبیرن و بەچاوی خۆم دیومن... ئای، ئای... کات چۆن ئەڕوا... ئای، ئای...

**توزینباخ:**

ئەلێکساندەر ئیگناتۆڤیچ لە مۆسکۆوە هاتووە[١٣].

**ئیریتا**

لە مۆسکۆوە؟ تۆ لە مۆسکۆوە هاتووی[١٤]؟

**ڤێرشینین:**

بەڵێ لە مۆسکۆوە. باوکی خوالێخۆشبووت لەوێ فەرماندەی بەتالیۆن بوو، منیش لە هەمان بەتالیۆندا ئەفسەر بووم. (بۆ ماشا) وا بزانم کەمێک ڕووی تۆم لەبیرە.

**ماشا:**

من ڕووی تۆم لەبیر نییە!

**ئیرینا:**

ئۆلا... ئۆلا...[١٥] (هاوار ئەکا) ئۆلا... دە وەرە!

(ئۆلگا لە هۆڵەکەوە دێتە ژووری میوان)

**ئیرینا:**

وا دیارە موقەدەم ڤێرشینین لە مۆسکۆوە هاتووە...

**ڤێرشینین:**

وا بزانم تۆ ئۆلگا سیرگێیڤنای، کچە گەورەکەیانی، تۆش مارینای[١٦]، تۆش ئیرینای، بچووکەکەیانی.

**ئۆلگا:**

لە مۆسکۆوە هاتووی؟

**ڤێرشینین:**

بەڵێ. لە مۆسکۆ خوێندوومە، کاری ئەفسەریم لەوێ دەست پێ کردووە و ماوەیەکی زۆری لێ ماومەتەوە و لەم دواییەدا لێرە بەتالیۆنم وەرگرتووە و گوێزراومەتەوە بۆ ئێرە. لە ڕاستیدا بەتەواوی ئێوەم لەبیر نییە، لە بیرمە کە سێ خوشک بوون، بەڵام باوکتانم لەبەرچاوە و وەک زیندوو لەیادمە... لە مۆسکۆ هامشۆم ئەکردن.

**ئۆلگا:**

من وام ئەزانی هەموو کەسێکم لەبیرە، کەچی لەپڕ...

**ڤێرشینین:**

من ناوم ئەلێکساندەر ئیگنا تێڤیچە...

**ئیرینا:**

ئای ئەلێکساندەر ئیگنا تێڤیچ، تۆ لە مۆسکۆوە هاتووی، چاوەڕێی شتی وامان نەئەکرد.



**ئۆلگا:**

ئێمەش ئەچینەوە بۆ ئەوێ.

**ئیرینا:**

نیازمان وایە پێش بەهار بچینەوە بۆ شارە خۆشەویستەکەمان. ئێمە لەوێ لەدایک بووین، لە شەقامی ستارەباسماننایا.

(هەردووکیان لە خۆشیدا پێئەکەنن)

**ماشا:**

چاوەڕێمان نەئەکرد یەکێکی خەڵکی مۆسکۆ ببینین (بە خێرایی) بیرم کەوتەوە... ئۆلگا، لەبیرمە ئەیانوت " نەقیبی دڵدار ". تۆ ئەوسا ڕائید بووی و حەزت لە یەکێک کردبوو، نازانم بۆچی بە وشەی نەقیب تووڕەیان ئەکردی!

**ڤێرشینین:**

(پێ ئەکەنێ) ئا.. ئا... نەقیبی دڵدار.. وابوو!

**ماشا:**

ئەوسا سمێڵت هەبوو. ئای چەند پیر بووی! (بە فرمێسکەوە) چەند پیر بووی!

**ڤێرشینین:**

بەڵێ، کە ئەوسا پێیان ئەوتم نەقیبی دڵدار گەنج بووم و تووشی دڵداری بووبووم.. ئێستا ئەوسا نییە!

**ئۆلگارۆڤ:**

بەڵام هێشتا موویەکی سپی لەسەرتدا نییە، بەساڵاچووی، بەڵام پیر نەبووی!

**ڤێرشینین:**

لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنم چل و سێ ساڵە، دەمێکە مۆسکۆتان بەجێ هێشتووە؟

**ئیرینا:**

یازدە ساڵە. ماشا بۆ ئەگری؟ سەیرە! (فرمێسک لە چاویدا قەتیس ماوە).

**ماشا:**

من ناگریم... ئەی لە کوێ ئەژیای؟

**ڤێرشینین:**

لە شەقامی ستارەباسماننایە.

**ئۆلگا:**

ئێمەش لەوێ ئەژیاین!

**ڤێرشینین:**

ماوەیەک لە شەقامی نیمێتسکایا ئەژیام. لەوێوە بە پێ ئەچووم بۆ ئۆردوگای " سوور ".. پردێکی گەورە لە ڕێگامدا بوو، ئاوێکی بەخوڕی بەژێردا ئەڕۆیشت. کە مرۆڤ تەنیا بێ، پەستی دایئەگرێ (بێدەنگییەک) ڕووبارەکەی ئێرە فراوانە و ئاوی زۆرە.. ڕووبارێکی نایابە.

**ئۆلگا:**

بەڵێ، بەڵام ساردە... ئێرە ساردە، خۆ مێشوولەش...

**ڤێرشینین:**

ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ ئاو و هەوای ئێرە هێندە پاک و سازگارە نەبێتەوە. پڕە لە دارستان و ڕووبار... ئێرەش دار بیریۆزەی



لێیە.. ئای بیریۆزە نازدارەکانم لە هەموو درەختێکی تر زیاتر خۆشم ئەوێن. ژیانی ئێرە خۆشە... بەڵام سەیرە... ئێستگەی شەمەنەفەر بیست فرسەخ دوورە. کەسیش نازانێ بۆچی وایە...

**سەلیۆنی:**

من ئەزانم بۆچی وایە (هەموو تێی ئەڕوانن) لەبەرئەوەی ئەگەر نزیک بوایە دوور نەئەبوو، وە لەبەرئەوەی دوورە نزیک نییە!

(بێدەنگییەکی ناهەموار)

**توزینباخ:**

ڤاسیلی ڤاسیلیچ[١٦] تۆ قۆشمەی!

**ئۆلگا:**

ئێستا منیش بیرم کەوتیتەوە!

**ڤێرشینین:**

من دایکتم ئەناسی!

**چیبووتیکین:**

جێگای بەهەشت بێ، ئافرەتێکی چاک بوو.

**ئیرینا:**

دایکم لە مۆسکۆ نێژراوە.

**ئۆلگا:**

لە گۆڕستانی نۆڤەدیڤیچیێ[١٧].

**ماشا:**

ئەزانی خەریکە شێوەیم لەبیر ئەچێتەوە؟ ئاوا ئێمەشیان لەبیر نامێنێ... بیریان ئەچینەوە!

**ڤێرشینین:**

بەڵێ، بیریان ئەچینەوە... چارەنووسمان وایە، ناگۆڕێ. ئەو شتانەی زۆر بە گرنگ و سەنگین و نایاب دێتە بەرچاومان ڕۆژێک دێ یان بیر ئەچنەوە یان بایەخیان پێ نادرێ (بێدەنگی) سەیریش ئەوەیە ئێستا ئێمە نازانین بۆچی بەرز و گرنگە و چی هیچ و پووچ و بێ کەڵکە. ئەی کاتی خۆشی دۆزراوەکانی کۆپەرنیکۆس[١٨] و کۆلۆمبۆس[١٩] بە شتێکی بێ کەڵک و هیچ و پووچ لە قەڵەم نەئەدران؟ یان هەندێ نووسراوی " هەلەق و مەلەق " ی هەندێ نووسەری شێتۆکە بە ڕاستییەکی نایاب دانەئەنران؟ دوور نییە ئەم ژیانەی کە ئێستا هێندە بایەخی پێ ئەدەین و لامان پەسەندە ڕۆژێک بێ بە شتێکی سەیر و نالەبار و بێ بایەخ و گێلی و دوور لە پاکی دابنرێ، یان دوور نییە بە گوناه بزانرێ!

**توزینباخ:**

کێ ئەزانێ؟ لەوانەیە ئەم ژیانەمان بە شتێکی بەرز ناو ببرێ و بەرێزەوە یادی بکرێتەوە. ئێستا سزادان و هێرشی داگیرکەران نەماون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناخۆشی چەند زۆرە!

**سەلیۆنی:**

(بە دەنگێکی ناسک پێ ئەکەنێ) هی... هی.. هی.. نانی مەدەرێ بەڵام لێی گەڕێ فەلسەفە بنوێنێ!

**توزینباخ:**

ڤاسیلی ڤاسلیچ، تکایە وازم لێ بێنە (شوێنەکەی خۆی ئەگۆڕێ و لە جێگایەکی تر دائەنیشێ) تاقەتم چووە!



**سەلیۆنی:**

(بە دەنگێکی ناسک پێ ئەکەنێ) هی... هی... هی...

**توزینباخ:**

(بۆ ڤێرشینین) هەرچەندە ئێستا سزا و ئازار ئەوەندە زۆرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێن ئەمە بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی ژیانی کۆمەڵەوەیە.

**ڤێرشینین:**

بەڵێ، بەڵێ... بێ گومان!

**چیبووتیکین:**

باڕۆن، تۆ ئێستا وتت کە ژیان بە بەرز ناو ئەبەن، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک نزمن (هەڵئەستێ) بڕوانە من چەند نزمم و بۆ ئەوەی ورەم بەرز بێتەوە ئەوترێ کە ژیانم بەرزە... تێ ئەگەم!

(لەودیوی شانۆوە دەنگی کەمانچە دێ).

**ماشا:**

ئەوە ئەندرێی برامانە کەمانچە لێ ئەدا...

**ئیرینا:**

براکەمان ڕۆشنبیرە و ڕەنگە ببێ بە پرۆفیسۆر. باوکمان پیاوی سوپا بوو کەچی کوڕەکەی ڕێبازی زانیاری هەڵبژاردووە.

**ماشا:**

لەسەر داواکردنی باوکم!

**ئۆلگا:**

ئەمڕۆ تووڕەی ئەکەین. لەوە ئەچێ کەمێک تووشی دڵداری بووبێ.

**ئیرینا:**

حەزی لە خانمێکی ئێرە کردووە، وا بزانم ئەمڕۆ دێ بۆ ئێرە!

**ماشا:**

ئای ئەو خانمە جلی چۆن لەبەر ئەکا! ناڵێم جلەکانی جوان نین یان مۆدەیان بەسەر چووە، بەڵام ڕێک پۆش نییە. تەنوورەیەکی زەردی کـراوەی پەراوێزدار و بلووزێکی سـوور لەبەر ئەکـا. کوڵمەکانیشی هێندە شتووە و سوەتەوە بریقەیان دێ. نابی ئەندرێی حەزی لێ کردبێ، من ڕێگای ئەمە نادەم. ئەو زەوقی هەیە و نالەبارە بەمە هەر ئێمە تووڕە ئەکا. دوێنێ بیستم کە ئەو کچە شوو بە " پرۆتۆپۆپۆف " ی سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی گوندەکانی ئێرە ئەکا. زۆر چاکە (ڕوو بەرەو دەرگاکەی تەنیشت وەرئەگێڕێ) ئەندرێی وەرە ئێرە.. گیانەکەم بۆ دەقیقەیەک وەرە... (ئەندرێی دێتە ژوورەوە)

**ئۆلگا:**

ئەمە ئەندرێی سیرگێڤیچی برامە.

**ڤێرشینین:**

(خۆی پێ ئەناسێنێ) ڤێرشینین.

**ئەندرێی:**

پرۆزۆرۆف[٢٠] (ڕووە ئارەق کردووەکەی ئەسڕێ) فەرماندەری بەتالیۆنی؟

**ئۆلگا:**

ئەزانی ئەلێکساندەر ئیگناتیچ لە مۆسکۆوە هاتووە؟



**ئەندرێی:**

بەڕاستتە؟ پیرۆز بێ، ئێستا خوشکەکانم کەوڵت ئەکەن!

**ڤێرشینین:**

من زوو ئەوانم لە خۆم بێزار کرد!

**ئیرینا:**

بڕوانن ئەمڕۆ ئەندرێی چوارچێوەیەکی نیگاری چەند جوانی پێشکەش کردووم. (چوارچێوەکەیان پیشان ئەدا) ئەمە خۆی دروستی کردووە.

**ڤێرشینین:**

(تەماشای چوارچێوەکە ئەکا و نازانێ چی بڵێ) بەڵێ شتێکی چاکە.

**ئیرینا:**

ئەو چوارچێوەیەی سەر ئەو پیانۆیەش هەر ئەو دروستی کردووە. (ئەندرێی دەستی ڕائەوەشێنێ و ئەیەوێ بڕوا)

**ئۆلگا:**

ئەندرێی زاناشە و کەمانچەش لێ ئەدا و گاڵتە و گەپیش ئەنووسێ... مەڕۆ... هەر وا فێر بووە، هەمیشە ئەچێتە دەرێ.. وەرە ئێرە.

(ماشا و ئیرینا یەکی باڵێکی ئەگرن و بە پێکەنینەوە ئەیگێڕنەوە دواوە).

**ماشا:**

وەرە، وەرە!

**ئەندرێی:**

تکایە لێم گەڕێن!

**ماشا:**

تۆ چەند سەیری! جاران بە ئەلێکساندەر ئیگناتێچیان ئەوت نەقیبی دڵدار و تووڕەش نەئەبوو!

**ڤێرشینین:**

هیچ تووڕە نەئەبووم.

**ماشا:**

من ئەمەوێ بە تۆ بڵێم کەمانچەژەنی دڵدار.

**ئیرینا:**

یان پرۆفیسۆری دڵدار.

**ئۆلگا:**

تووشی دڵداری بووە! ئەندریۆشا(٢١) تووشی دڵداری بووە!

**ئیرینا:**

(چەپڵە لێ ئەدا) ئافەرین، ئافەرین! ئەندریۆشا تووشی دڵداری بووە!

**چیبووتیکین:**

(لە پشتەوە لە ئەندرێی نزیک ئەبێتەوە و بە هەردوو دەستی ناوقەدی ئەگرێ) سروشت ئێمەی تەنها بۆ دڵداری دروست کردووە (ڕۆژنامەکەی هەر بە دەستەوەیە، پێ ئەکەنێ)

**ئەندرێی:**

بەسە... بەسە... (دەموچاوی ئەسڕێتەوە) بە درێژایی شەو



نەنووستووم و ئێستا، وەک ئەڵێن، کەمێک بێ تاقەتم. هەتا سەعات چوار ئەمخوێندەوە و دوایی پاڵ کەوتم، بەڵام خەوم لێ نەکەوت.... بیرم لە هەزار شت کردەوە و ئیتر ڕۆژ هەڵات و تیشکەکەی هاتە ژووری نوستنەکەم. ئەمەوێ ئەم هاوینە هەتا لێرەم کتێبێک لە ئینگلیزییەوە وەربگێڕم.

**ڤێرشینین:**

تۆ ئینگلیزی ئەزانی؟

**ئەندرێی:**

باوکم بەڕەحمەت بێ بە پەروەردەکردنی سەخت فەوتاندبووی، ئەمە شتێکی سەیرە، بەڵام پێی لی ئەنێم کە دوای مردنی دەستم کرد بە قەڵەو بوون و بە ساڵێک لەشم وەک لە چەوەساندنەوە ڕزگاری بووبێ ئەوەندە قەڵەو بوو نەبێتەوە. لە سایەی باوکمەوە من و خوشکەکانم فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی ئەزانین. ئیرینا ئیتاڵیش ئەزانێ. ئای چەند سزامان چێشت هەتا فێربووین!

**ماشا:**

لەم شارەدا زانینی سێ زمان ئارایشێکی بێ کەڵکە. بگرە ئارایشیش نییە، شتێکی زیادەی نائاساییە و وەکو ئەوە وایە دەستت شەش پەنجەی هەبێ! ئێمە زۆر شتی زیادە و بی کەڵک ئەزانین.

**ڤێرشینین:**

ئاوا! (پێ ئەکەنێ) زۆر شتی زیادە ئەزانن! من وا بزانم لە

جیهاندا شارێکی وا نائاسایی نییە و ناشی ببێ کە پێویستی
بە مرۆڤی وریا و ڕۆشنبیر نەبێ. با وای دابنێین کە لەناو سەد
هەزار دانیشتوانی گێل و نەفامی ئەم شارەدا تەنیا ئێوە
ڕۆشنبیرن. تەنیا سێ کەسن... دیارە ناتوانن هەموو دەوروبەرە
نەفامەکەتان تێ بگەیەنن و بەرە بەرە لەناو ئەو سەد هەزار
کەسەدا ئەشاردرێنەوە و ژیان داتان ئەپۆشێ، بەڵام بە تەواوی
ون نابن و بەبێ کارکردنە سەر دەوروبەرتان نابن. ڕەنگە پاش
خۆتان شەش کەسی تری وەک ئێوە پەیدا بن، دوایی ئەبنە
دوازدە و بەم جۆرە هەتا ڕۆژێک دێ ئەوانەی وەک ئێوەن ئەبنە
زۆربەی خەڵک. پاش دوو سەد.. سێ سەد ساڵی تر ژیان لەسەر
زەوی بێ سنوور ئەڕازێتەوە و نایاب ئەبێ. مرۆڤ پێویستی بە
ژیانێکی ئاوا هەیە. ئەگەر ژیانی وا هێشتا نەشبێ ئەبێ
هەستی پێ بکا و چاوەڕێی بێ و ئاواتی بۆ بخوازێ و ئامادە
بێ بۆی، بۆ ئەمەش پێویستە لە باوک و باپیری زیاتر ببینێ و
زیاتر بزانێ (پێ ئەکەنێ) کەچی ئێوە سکالا ئەکەن کە زۆر
شتی زیادە ئەزانن!

**ماشا:**

(شەبقەکەی دائەگرێ) ئەمێنمەوە بۆ نان خواردن!

**ئیرینا:**

(هەناسە هەڵئەکێشێ) لەڕاستیدا پێویستە ئەم قسانە
بنووسرێتەوە! (ئەندرێی دیار نەماوە، بە دزییەوە چووەتە دەرێ)

**توزینباخ:**

تۆ ئەڵێی پاش چەند ساڵێکی تر ژیان لەسەر زەوی بێ سنوور



ئەڕازێتەوە و نایاب ئەبێ، ئەمە ڕاستە، بەڵام بۆ ئەوەی لە
ئێستاوە هەستی پێ بکەی ئەبێ خۆتی بۆ ئامادە بکەی...
پێویستە ئیش بکەی.

**ڤێرشینین:**

(هەڵئەستێ) بەڵێ.. ئای گوڵتان چەند زۆرە (سەیر ئەکا)
ماڵەکەشتان ڕازاوە و نایابە، بەغیلیتان پێ ئەبەم. من بە
درێژایی هەموو ژیانم لە خانوویەکەوە بۆ خانوویەکی تر بە دوو
کورسی و قەنەفەیەک و زۆپایەکی پڕ لە دووکەڵەوە لە هاتوچۆدا
بووم. من لە ژیانمدا لەم جۆرە گوڵانە بێ بەش بووم
(دەستەکانی بەیەکدا دێنێ) ئاخ... بەڵێ...

**توزینباخ:**

بەڵێ، ئیشکردن پێویستە. ڕەنگە بڵێن ئەم ئەڵمانە[٢٢]
بیروهۆشی مردووە، بەڵام بە نامووسم من ڕووسم و ئەڵمانی
هەر نازانم... باوکیشم پراڤۆسلاڤی[٢٣] بوو. (بێ دەنگییەک)

**ڤێرشینین:**

(بە شانۆکەدا هاتوچۆ ئەکا) من زۆر بیر لەوە ئەکەمەوە، کەچی
ئەبێ ئەگەر ژیانمان سەرلەنوێ دروست بێتەوە و وەک ئێستاش
ژیر بین؟ ئەگەر ئەم ژیانەی ئێستامان، وەک ئەڵێن، ڕەشە و
ئەوی تر پاک و ڕووناک بێ وا بزانم هەموو یەکێک لە ئێمە
هەوڵی ئەوەی ئەدا پێش هەموو شتێک خۆی دووبارە نەکاتەوە،
یان هیچ نەبێ هەوڵی ئەدا ژیانێکی تر بۆ خۆی هەڵبژێرێ و
ماڵێکی پڕ لە گوڵ پێکەوە بنێ. من ژنێک و دوو کچم هەیە و
ژنەکەشم تەندروستی تەواو نییە و بەم جۆرە! و هەتا دوایی...

ئەگەر من دووبارە زیندوو ببمەوە و سەرلەنوێ ژیان دروست بکەمەوە ژن ناهێنم! (کۆلیگێن بە جل و بەرگی مامۆستایانی قوتابخانەی گیمنازیاوە).

**کوڵیگێن:**

(لە ئیرینا دێتە پێشێ) خوشکی خۆشەویستم ڕێم بدە بەبۆنەی ڕۆژی (پەری) یەکەتەوە پیرۆزباییت لێ بکەم[24]، پڕ بە دڵ ئاواتی لەش ساغی و هێنانەدی هەموو ئەو ئامانجانەت بۆ بخوازم کە کیژۆڵەیەک لە تەمەنی تۆدا ئاواتەخوازیانە و ئەم کتێبەشم بە دیاری لێ وەربگرە (کتێبێکی ئەداتێ) دەربارەی مێژووی قوتابخانەکەمانە و خۆم نووسیومە، کتێبێکی زۆر باشیش نییە، لە بێ ئیشیدا نووسیومە، بەڵام بیشی خوێنەرەوە.. گەورەکانم، ڕۆژتان باش! (بۆ ڤێرشینین) من کوڵیگینم، مامۆستای قوتابخانەی ئێرەم، فەرمانبەری پلەی حەوتەمم (بۆ ئیرینا) لەم کتێبەدا ناوی هەموو ئەوانە ئەبینی کە لەماوەی ئەم پەنجا ساڵەدا خوێندنی قوتابخانەکەمانیان تەواو کردووە. من چیم لە توانادا هەبوو کردم و کێ لە توانایدایە با باشتری بکا[25] (ماشا ماچ ئەکا)

**ئیرینا:**

تۆ لە جەژنی پاسخاشدا[26] کتێبێکی وات پێشکەش کردم.

**کوڵیگێن:**

(پێ ئەکەنی) وا نەڵێی! دە کەواتە بمدەرەوە، یەن باشتر وایە بیدە بە ڤێرشینین. فەرموو جەنابی ڤێرشینین، ڕۆژێک دێ لە بێ تاقەتیدا ئەیخوێنیتەوە!



**ڤێرشینین:**

سوپاس (ئەیەوێ بڕوا) بێ سنوور شادمانم کە ئێوەم ناسی!

**ئۆلگا:**

ئەڕۆی؟ نابێ، نابێ!

**ئیرینا:**

ئەبێ نانمان لەگەڵدا بخۆی!

**ئۆلگا:**

تکات لێ ئەکەم مەڕۆ...

**ڤێرشینین:**

(ئەچەمێتەوە) وا دیارە لە ڕۆژی لەدایکبووندا هاتووم، ببوورن نەمزانیبوو، پیرۆزباییم لێ نەکردن.

(لەگەڵ ئۆلگادا ئەچنە هۆڵەکەوە).

**کوڵیگێن:**

ئەمڕۆ یەک شەممەیە و ڕۆژی حەسانەوەیە. کەواتە با بحەسێینەوە و هەریەکە لە ئێمە با بەپێی تەمەنی ئاهەنگ بگێڕێ، مافوورەکام پێویستە هەڵگیرێن و نەفتالینیان پێوە بکرێ. خەڵکی ڕۆمای کۆن چونکە ئیشیان ئەکرد و ئەیانزانی چۆن بحەسێنەوە تەندروستییان باش بوو... مێشکی ساغ بەهۆی لەشی ساغەوەیە[27]، ڕۆمانییەکانیش ژیانیان ڕێبازێکی دیاریکراوی هەبووە. بەڕێوەبەرەکەمان ئەڵێ گرنگترین شتی ژیان ڕێبازەکەیەتی، هەر شتێ ڕێبازی خۆی ون بکا لەناو ئەچێ. ئەم ژیانە ئاساییەی ئێمەش هەروایە (بە پێکەنینەوە

دەست ئەخاتە ناوقەدی ماشاوە) ماشا منی خۆش ئەوێ... ژنەکەم خۆشی ئەوێم. پەردەی پەنجەرەکانیش لەگەڵ مافوورەکاندا بپێچنەوە. من ئەمڕۆ دڵم خۆشە و گیانم پێ ئەکەنێ. ماشا ئەمڕۆ سەعات چوار لای بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمانین، لەگەڵ مامۆستا و خێزانەکانیاندا ئەچین بۆ پیاسە..!

**ماشا:**

من نایەم.

**کوڵیگین:**

(پەست ئەبێ) ماشا گیان، بۆچی؟

**ماشا:**

دوایی پێت ئەڵێم (بە تووڕەییەوە) باشە دێم، بەڵام تکایە لێم گەڕێ.

**کوڵیگین:**

ئێوارەش لە ماڵی بەڕێوەبەر بەسەر ئەبەین، ئەو پیاوە هەرچەندە نەخۆشیشە بەڵام هەوڵ ئەدا لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دوور نەکەوێتەوە. پیاوێکی بێ وێنە و بە ڕەوشت و نایابە. دوێنێ پاش کۆبوونەوە پێی وتم:" فیدرۆئیلیچ، ماندووم... ماندووم " (سەیری سەعاتی دیوارەکە ئەکا و دواییش سەیری سەعاتەکەی خۆی ئەکا) سەعاتەکەتان حەوت دەقیقە لەپێشە... بەڵێ، ئەڵێ ماندووم. (لەودیو شانۆوە دەنگی کەمانچە دێت)

**ئۆلگا:**

گەورەکانم، تکایە فەرموون بۆ نان خواردن. فەرموون بۆرەک...



**کوڵیگین:**

ئۆلگا نەشمیلەکەم... نەشمیلەکەم، دوێنێ لە بەیانییەوە هەتا سەعات یازدەی شەو ئیشم کردووە و ئەمڕۆ هەست بە کامەرانی ئەکەم (ئەچێتە هۆڵەکە، بۆ لای مێزەکە) نەشمیلەکەم...

**چیبووتیکین:**

(ڕۆژنامەکە ئەخاتە گیرفانییەوە و دەست دێنێ بە ڕیشیدا) بۆرەک؟ شتێکی نایابە!

**ماشا:**

(بە تووڕەییەوە بۆ چیبووتیکین) بەڵام ئاگات لە خۆت بێ، ئەمڕۆ هیچ نەخۆیتەوە. گوێت لێیە؟ خواردنەوە بۆ تۆ خراپە!

**چیبووتیکین:**

وا نییە، چاک بوومەتەوە. دوو ساڵە نەمخواردۆتەوە (بێ ئارام) دایە گیان، جیاوازی نییە!

**ماشا:**

لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆیتەوە... نابی بخۆیتەوە! (بە تووڕەیی بەڵام بە جۆرێک کە مێردەکەی گوێی لێ نەبێ) شەیتان بە نەعلەت بی!... هەمدیسان ئەبی بە درێژایی ئێوارێ لای بەڕێوەبەرەکەی بین!

**توزینباخ:**

من بوومایە لەباتی تۆ نەئەچووم... زۆر بە ئاسانی نەئەچووم!

**چیبووتیکین:**

گیانە مەچۆ!

**ماشا:**

بەڵێ مەچۆ... ئەم ژیانە ناپەسەندە و بەرگەی ناگرین. (ئەچێتە هۆڵەکە).

**چیبووتیکین:**

(ئەچێتە لایەوە) ئێ؟

**سەلیۆنی:**

(پێ ئەکەنێ) هی... هی... هی!

**توزینباخ:**

دە بەسە، بیبڕەوە!

**سەلیۆنی:**

هی... هی... هی!

**کوڵیگین:**

(بە خۆشییەوە) جەنابی ڤێرشینین، لە تەندروستی تۆ. من مامۆستام و لێرەش خاوەن ماڵم، مێردی ماشام... ژنێکی زۆر بە بەزەییە، زۆر...

**ڤێرشینین:**

من ئەم ڤۆدگا خەستە ئەخۆمەوە (ئەخواتەوە) لە تەندروستیتان
(بۆ ئۆلگا) من لەگەڵ ئێوەدا ئەوەندە دڵم خۆشە!
(بە تەنیا ئیرینا و توزینباخ لە ژووری میوان ئەمێننەوە)

**ئیرینا:**

ئەمڕۆ ماشا لەسەر خۆی نییە. کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا شووی پێ کرد وای زانی ژیرترین پیاوی سەرزەمینە، بەڵام



ئێستا وا نییە... ڕاستە بە بەزەییترین مرۆڤە، بەڵام ژیرترین مرۆڤ نییە.

**ئۆلگا:**

(بە بێزارییەوە) ئەندرێی... دە وەرە!

**ئەندرێی:**

(لەودیو شانۆوە) هەر ئێستا... (دێت و ئەچێتە لای مێزەکە)

**توزینباخ:**

بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

**ئیرینا:**

لە هیچ... من ئەم سەلیۆنییەی تۆم خۆش ناوێ[٢٨]، لێی ئەترسم، هەر قسەی هیچ و پووچ ئەکا.

**توزینباخ:**

پیاوێکی سەیرە... بەزەییشم پێدا دێتەوە و بە دڵیشم نییە... بەڵام زیاتر بەزەییم پێدا دێتەوە... وا تێ ئەگەم شەرمن بێ.. کە خۆمان دوو بەدووین زیرەک و ڕێکوپێکە، بەڵام لەناو کۆمەڵدا پیاوێکی ڕەقە و شەڕی لی ئەبارێ. جارێ هەتا لە دەوری مێزەکە دائەنیشن مەچۆ، ڕێگەم بدە لە نزیکتەوە بم. بیر لە چی ئەکەیتەوە؟ (بێ دەنگییەک) تۆ تەمەنت بیست و نۆ ساڵە و من هێشتا سیم تەواو نەکردووە، چەند ساڵمان ژیان ماوە! ڕۆژانێکی دوور و درێژ و پڕ لە خۆشەویستی تۆ...

**ئیرینا:**

نیکۆلای لڤۆڤیچ، دەربارەی خۆشەویستی هیچ بە من مەڵێ.

**توزینباخ:**

(گوێی لێ ناگری) من زۆر تینووی ژیان و تێکۆشانم و ئەم تینوێتییەم لە گیانمدا تێکەڵی خۆشەویستی تۆ بووە... ئیرینا، دیارە تۆ هەر بە ئەنقەست و لە بەختتی ڕەشی مندا هێندە نەشمیل و ڕازاوەی و ژیانی منیش لەوە ئەچێ وا بێ... بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

**ئیرینا:**

تۆ ئەڵێی ژیان ڕازاوەیە؟ با بڵێین وایە.. ئەی ئەگەر هەر لە دوورەوە وا بنوێنێ کە ڕازاوەیە ئەڵێی چی؟ ئێمە سێ خوشکین و هێشتا ژیانمان ڕازاوە نەبووە، بەڵکو ژیان وەک گیاکەڵە دەستی ناوەتە بینمان و تاساندوونی. من فرمێسک لە چاوم دێ و پێویستیش نییە وا بم (بە خێرایی فرمێسکەکانی ئەسڕێ و زەردەخەنە ئەیگرێ) ئیشکردن پێویستە، ئەبێ ئیش بکەین، لەبەرئەوەی ئیش ناکەین بێ بزەین و ژیانمان تاڵە.. ئێمە لەو دایک و باوکانە کەوتووینەتەوە کە بێزیان لە ئیشکردن هاتۆتەوە. (ناتالیا ئیڤانۆڤا دێتە ژوورێ، کراسێکی پەمەیی لەبەردایە و پشتێنێکی سەوزی بەستووە)

**نەتاشا:**(٢٩)

وا نان ئەخۆن... من دوا کەوتم، (بە تیلەی چاو سەیری ئاوێنەکە ئەکا و خۆی ڕێک ئەخا) وا بزانم قژم جوان ڕێک خستووە. (ئیرینا ئەبینێ) ئیرینا سیرگێیڤنای نازدار، پیرۆزباییت لێ ئەکەم. (بە توندی و بۆ ماوەیەکی زۆر ماچی ئەکا) میوانتان زۆرە و من لە شوێنی وادا شەرم ئەکەم.... بارۆن ڕۆژباش!



**ئۆلگا:**

(دێتە ژووری میوان) وا ناتالیا ئیڤانۆڤناش گەیشت. نازدارەکەم ڕۆژباش. (یەکتری ماچ ئەکەن)

**نەتاشا:**

پیرۆز بێ... ئەوەندە قەڵەبالغە من تەریق ئەبمەوە و ئەشڵەژێم.

**ئۆلگا:**

هەموو خۆیین، بێگانەمان تێدا نییە. (بە چرپە و بە ترسەوە) نازدارەکەم، پشتێنەکەت سەوزە، ئەمە نیشانەیەکی خراپە!

**نەتاشا:**

شتی وا هەیە؟

**ئۆلگا:**

نەء... هەر لەبەرئەوەی لێت نایە و سەیرە!

**نەتاشا:**

(بە دەنگێکی گریاناوییەوە) بەڕاست؟ بەڵام خۆ سەوزی تەواو نییە، بریقە ناداتەوە. (لەدوای ئۆلگاوە ئەچێتە هۆڵەکە)

(لە هۆڵەکە دائەنیشن بۆ نان خواردن. ژووری میوان کەسی تێدا نییە)

**کوڵیگین:**

ئیرینا، هیوای دەسگیرانێکی باشت بۆ ئەخوازم، کاتی ئەوەت هاتووە شوو بکەی!

**چیبووتیکین:**

ناتالیا ئیڤانۆڤنا، هیوای دەسگیرانێک بۆ تۆش ئەخوازم.

**کوڵیگین:**

نەتالیا ئیڤانۆڤنا هەیەتی!

**ماشا:**

(بە چەتاڵێک لە قاپەکەی بەردەمی ئەدا) پێکێک مەی ئەخۆمەوە.

(گۆرانی ئەڵێ) لێم گەڕێ باڵاکەت ببینم... با دەرچی گیانی شیرینم[٣٠].

**کوڵیگین:**

وەزعت خەراپ نییە!

**ڤێرشینین:**

مەیەکی خۆشە، لە چی دروست کراوە؟

**سەلیۆنی:**

لە سیسرک!

**ئیرینا:**

(بە دەنگێکی گریاناوییەوە) تف، شتێکی چەند پیسە!

**ئۆلگا:**

گەورەکانم ئێوارە وەرن... قەلی سوورەوەکراو و بۆرەکی ناو پڕ لە سێومان هەیە... سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ بە درێژایی ڕۆژ لە ماڵەوەم و ئێوارەش هەر لە ماڵەوەم.

**ڤێرشینین:**

ڕێم بدە منیش بێم!

**ئیرینا:**

بەخێر بێی.



**نەتاشا:**

کاریان چەند ئاسان و ئاساییە!

**چیبووتیکین:**

سروشت ئێمەی بۆ دڵداری دروست کردووە (پێ ئەکەنێ)

**ئەندرێی:**

(بە تووڕەییەوە) گەورەکانم بیبڕنەوە... تاقەتیان نەچووە؟

(فیدۆتیک و ڕۆدێ بە سەبەتەیەکی گەورەی پڕ لە گوڵەوە دێنە ژوورێ[٣١]).

**فیدۆتیک:**

ئای خۆ ئەوە نان ئەخۆن!

**ڕۆدێ:**

(بە دەنگێکی بەرز و بڵتەبڵتەوە) نان ئەخۆن؟ بەڵێ نان ئەخۆن!

**فیدۆتیک:**

نەختێک ڕاوەستن (وێنەیان ئەگرێ) ئەمە یەک... نەختێکی تریش بووەستن.... (وێنەیەکی تر ئەگرێ) ئەمە دوو.. تەواو (سەبەتەکە هەڵئەگرن و ئەیبەنە هۆڵەکە و بە دەنگە دەنگەوە پێشوازییان ئەکەن)

**ڕۆدی:**

(بە دەنگی بەرز) پیرۆز بێ و هیوام خۆشیتانە! ئەمڕۆ ئاوو هەوا زۆر نایابە. ئەمڕۆ بە درێژایی سەر لەبەیانی لەگەڵ قوتابییەکاندا پیاسەمان کرد. من لە قوتابخانە وەرزش فێر ئەکەم.

**فیدۆتیک:**

ئەتوانن بجووڵێن... ئیرینا سێرگێیڤنا ئەتوانن بجووڵێن (وێنەی ئەگری) ئەمڕۆ زۆر نایابی. (وژوژەیەک لە گیرفانی دەردێنێ) ئەم وژوژەیە دەنگێکی زۆر نایابی هەیە.

**ئیرینا:**

ئای چەند جوانە!

**ماشا:**

چنار و لاولاو سەریان گرتووە گیر — من بۆ کێ ئەگریم بە کێ ئەمکەن ژیر.... (بە پەستییەوە) ئەوە چییە. لە بەیانییەوە ئەم وشانەم پێوە نووساون!

**کولیگین:**

سیازدە کەسین لە دەوری مێزێک[۳۲]!

**ڕۆدی:**

(بە دەنگی بەرز) گەورەکانم... بۆچی ئێوە بڕواتان بەم شتە پڕوپووچانە هەیە؟ (پێ ئەکەنێ)

**کولیگین:**

ئەڵێن ئەگەر سیازدە کەس لە دەوری مێزێک کۆببنەوە ئەوە یەکێکیان تووشی دڵداری بووە. ئیڤان ڕۆمانۆڤیچ، تۆ تووش نەبوویی؟

**چیبووتیکین:**

وا من پیرەمێردێکی گوناهبارم... ئەی بۆچی نەتالیا ئیڤانۆڤنا گرژ بووە؟ تێ ناگەم.



(پێکەنینێک بە دەنگی بەرز. نەتاشا بە ڕاکردن لە هۆڵەکەوە دێتە ژووری میوان و ئەندرێی بەدوایدا ڕائەکا)

**ئەندرێی:**

بەسە، گوێ مەدەرێ... بووەستە... تکایە بووەستە!

**نەتاشا:**

پێم شەرمە، نازانم چیم لێ قەوماوە وا پێکەنینم دێ، شتێکی جوان نییە. لە دەوری مێزەکە هەستام و لاچووم، بەڵام ناتوانم... ناتوانم (بە دەستەکانی ڕووی دائەپۆشێ)

**ئەندرێی:**

گیانەکەم، تکات لێ ئەکەم، لێت ئەپاڕێمەوە، مەشڵەژێ... دڵنیابە گاڵتە ئەکەن و لە دڵێکی پاکەوە قسە ئەکەن. گیانەکەم، نازدارەکەم... هەموویان دڵپاکن و منیش و تۆشیان خۆش ئەوێ. وەرە ئێرەوە، وەرە لای پەنجەرەکەوە. لێرە نامانبینن (سەیری دەوری خۆی ئەکا)

**نەتاشا:**

من بەم جۆرە لەناو کۆمەڵدا ڕانەهاتووم.

**ئەندرێی:**

ئای گەنجێتی؟ گەنجێتی شتێکی سەیر و نایابە، گیانەکەم، نازدارەکەم، وا مەشڵەژێ. بڕوام پێ بکە، من هێندە لە خۆشیدام گیانم قوڵپ ئەدا و پڕە لە خۆشەویستی.. ئا.. نامانبینن، نامانبینن. تێ ناگەم چۆن تووشی داوی خۆشەویستیت بووم. تێ ناگەم. گیانە شیرینەکەم، نازدارەکەم، کیژۆڵە پاکیژەکەم، شووم پێ بکە، خۆشم ئەوێی، هەرگیز کەسم

ئەوەندەی تۆ خۆش نەویستووە (ماچی ئەکا).

(دوو ئەفسەر دێنە ژوورێ و کە بەم جۆرە ئەیانبینن لە جێی خۆیان وشک ئەبن)

پەردە دائەدرێتەوە



## ڕووداوی دووەم

*هەمان دیکۆرەکانی ڕووداوی یەکەمن.*

*سەعات هەشتی ئێوارەیە. لە دەرەوەی شانۆوە، لەسەر شەقامەکە، بەحاڵ نووزەی لێدانی هارمۆنیا دێ. تاریکە. نەتالیا ئیڤانۆڤا ڕۆبێکی لەبەردایە، مۆمێکی بە دەستەوەیە، ئەڕوات و لای ئەو دەرگایەوە ئەوەستێ کە ئەچێتە سەر ژوورەکەی ئەندرێی.*

**نەتاشا:**

ئەندرێی، چی ئەکەی؟ ئەخوێنیتەوە؟ مەجووڵێ، ئیشم نییە. (ئەڕوات و دەرگایەکی تر ئەکاتەوە، سەیری ناوەوە ئەکات و دایئەخاتەوە) چرای لێ نییە؟

**ئەندرێی:**

(دێتە دەرێ، کتێبێکی بە دەستەوەیە) نەتاشا، ئەڵێی چی؟

**نەتاشا:**

ئەبینم چرا ناسووتێ. ئێستا جەژنی ماسلینیتسایە[٣٣]. ئیشکەرەکان دوورن و کەس ئاگای لەخۆی نییە، ئەبێت خۆت چاودێری ماڵ بکەی! دوێنێ لە نیوەشەودا هاتمە ژووری نان خواردن سەیر ئەکەم مۆمەکان داگیرساون، ویستم بزانم کێ دایگیرساندوون بۆم نەدۆزرایەوە (مۆمەکە دائەنێ) سەعات چەندە؟

**ئەندرێی:**

(سەیری سەعاتەکەی ئەکا) هەشت و چارەکە.

**نەتاشا:**

ئۆلگا و ئیرینا دیار نین، هێشتا نەهاتوون. بەستەزمانانە هەر خەریکی ئیشن، ئۆلگا لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی مامۆستایانە و ئیرینا لە دائیرەی تەلەگرافە (هەناسە هەڵئەکێشێ). ئەم بەیانییە بە خوشکەکەتم وت " ئیرینا گیان، ئاگات لە خۆت بێ " بەڵام بە گوێم ناکا. وتت هەشت و چارەکە؟ ئەترسم... بۆبیکمان نەخۆشە، بۆچی لەشی وا ساردە؟ دوێنێ تای لێ هاتبوو و ئەمڕۆش لەرزی لێ هاتووە. هێندە ئەترسم!

**ئەندرێی:**

نەتاشا، هیچ نییە... تەندروستی منداڵەکە زۆر باشە!

**نەتاشا:**

لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ پارێز بکا و خواردنی سووک بخوا.. زۆر ئەترسم... ئەڵێن ئەمڕۆ سەعات دە میوانەکانی ڕێزان[٣٤] دێن. خۆزگە نەهاتنایە!

**ئەندرێی:**

لەڕاستیدا نازانم.. ئاخر بانگ کراون!

**نەتاشا:**

ئەم بەیانییە منداڵەکە لە خەو هەستا و سەیری کردم لە پڕ زەردەخەنە گرتی... کەواتە ناسیمییەوە کە پێم وت " ڕۆژباش بۆبیک، ڕۆژباش خنجیلانەکەم " پێکەنی. منداڵان تێ ئەگەن...



زۆر چاک تێ ئەگەن... ئەندریوشا، کەواتە پێتان ئەڵێم با میوانەکانی ڕێزان نەیەن!

**ئەندرێی:**

(بە نابەدڵییەوە) چۆن ئەبێ، ئەوانە وەک خوشک وان و لێرە خۆیان بە خاوەن ماڵ ئەزانن!

**نەتاشا:**

ئەوانیش هەروان... پێتان ئەڵێم! مرۆڤی چاکن. (ئەڕوا) پێم وتوون بۆ ئێوارە ماست و سەرتوێژ دابنێن. دکتۆر ئەڵێ بۆ ئەوەی لاواز ببم ئەبێ لە ماست بەولاوە هیچ نەخۆم (ڕائەوەستێ) لەشی بۆبیک ساردە، ترسم لێ نیشتووە، ڕەنگە ژوورەکەی سارد بێ، ئەبێ هیچ نەبێ هەتا هاوین بیبەینە ژوورێکی تر. ژوورەکەی ئیرینا بۆ منداڵ زۆر باشە، وشکە و بەدرێژایی ڕۆژ تیشکی خۆری تێدایە. ئەبێ پێی بڵێین. ئەو ئەتوانێ جارێ لەگەڵ ئۆلگادا لە ژوورێکدا بنوون. خۆ بەڕۆژ لە ماڵ نییە و هەر بۆ نوستن دێتەوە. (بێ دەنگی) ئەندریۆشانچیک[٣٥] بۆچی قسە ناکەی؟

**ئەندرێی:**

بۆ هیچ... بیرم ئەکردەوە... هیچ نییە بیڵێم.

**نەتاشا:**

ئا... ویستم شتێکت پێ بڵێم... ئا، بەڵێ فێراپونت لە بەڕێوەبەرایەتییەوە هاتووە و داوای تۆ ئەکا.

**ئەندرێی:**

(باوێشک ئەدا) بانگی بکە.

(نەتاشا ئەچێتە دەرێ، ئەندرێی بەسەر ئەو مۆمەدا ئەچەمێتەوە کە نەتاشا لێی بەجێ ماوە و کتێبێک ئەخوێنێتەوە. فێراپۆنت دێتە ژوورێ، پاڵتۆیەکی کۆنی ژاکاوی یەخە هەڵگەڕاوەی لەبەردایە و گوێچکەکانی بەستراون).

گیانەکەم رۆژباش، ئەڵێی چی؟

**ڤێراپۆنت:**

سەرۆک کتێبێک و هەندێ نووسراوی بۆ ناردووی، ئەوەتان (کتێبێک و پاکەتێکی ئەداتێ).

**ئەندرێی:**

باشە، سوپاس... بۆچی وا درەنگ هاتی؟ وا سەعات نۆیە!

**ڤێراپۆنت:**

چی؟

**ئەندرێی:**

(بە دەنگێکی بەرز) ئەڵێم درەنگ هاتی... سەعات نۆیە!

**فێراپۆنت:**

بەڵێ، ڕاستە. من کە هاتم تازە ڕۆژ هەڵاتبوو بەڵام نەیانهێشت بێمە لات، وتیان جەنابت سەری قاڵە... قەیدی چییە، سەرت قاڵە... سەرت قاڵە... من ئیشم چییە؟ (وا ئەزانێ ئەندرێی پرسیاری لێ ئەکا) چی؟

**ئەندرێی:**

هیچ (سەیری کتێبەکە ئەکا) بەیانی هەرچەندە هەینییە و ڕۆژی حەسانەوەیە بەڵام هەر دێم و خەریک ئەبم، لە ماڵەوە تاقەتم چووە (بێ دەنگییەک) باپیرە گیان، ژیان چەند سەیر ئەگۆڕێ و



مرۆڤ ئەخەڵەتێنێ... ئەمرۆ لە بێ ئیشی و بێ تاقەتیدا ئەم کتێبەم گرت بە دەستمەوە، کە بینیم وتاری کۆنی وانەکانی زانکۆن، پێکەنین گرتمی، ئەگەر زۆر زۆر ئاوات بخوازم و هەوڵ بدەم ڕەنگە بگەمە پایەی ئەندامێتی لیژنەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی ئێرە، لە کاتێکدا کە هەموو شەوێک خەو بەوەوە ئەبینم ببم بە پرۆفیسۆری زانکۆی مۆسکۆ و زانایەکی هێندە ناودار هەموو خاکی ڕوسیا شانازیم پێوە بکا.

**فێراپۆنت:**

نازانم... باش گوێم لێ نییە!

**ئەندرێی:**

ئەگەر باش گوێت لێ بوایە، ڕەنگە ئەم قسانەم بۆ نەکردیتایە، هەر ئەمەوێ لەگەڵ یەکێکدا قسە بکەم... ژنەکەم تێم ناگا و ناشزانم بۆچی لە خوشکەکانم ئەترسم، لەوە ئەترسم پێم پێ بکەنن و تەریقم بکەنەوە. من هەر چەندە ناخۆمەوە و حەزم لە مەیخانە نییە، بەڵام ئەگەر بۆم بلوایە ئێستا بە خۆشییەوە لە مەیخانەی (تیستۆڤ) یان (مۆسکۆی گەورە) لە مۆسکۆ دائەنیشتم!

**ڤێراپۆنت:**

ماوەیەکی کەم لەمەوبەر قۆنتەراتچییەکەی بەڕێوەبەرایەتی مۆسکۆ گێڕایەوە کە گوایا چەند بازرگانێک شلکێنەیان خواردووە و یەکێکیان لە ئەنجامی ئەوەدا کە چل دانەی خواردووە، مردووە! بە تەواوی لەبیرم نەماوە یان چل شلکێنەی خواردووە یان پەنجا.

**ئەندرێی:**

کە لە هۆڵێکی گەورەی چێشتخانەیەکی مۆسکۆ دائەنیشی نە کەس ئەناسی و نە کەس ئەتناسێ، کەچی هەست ناکەی غەریبی، بەڵام لێرە هەموو کەسێک ئەناسی و هەموو ئەتناسن لەگەڵ ئەوەشدا غەریبی... نامۆی! غەریب و تەنیای!

**فێراپۆنت:**

چی؟ (بێ دەنگییەک) هەمان قۆنتەراتچی گێڕایەوە گوایا سەرانسەری مۆسکۆ بە گوریس گیراوە، ڕەنگە درۆ بکا!

**ئەندرێی:**

بۆچی بە گوریس گرتوویانە؟

**فێراپۆنت:**

نازانم، قۆنتەراتچییەکە وای وت!

**ئەندرێی:**

قسەی قۆڕ (کتێبەکە ئەخوێنێتەوە) تۆ مۆسکۆت دیوە؟

**فێراپۆنت:**

(پاش بێدەنگییەک) نەء، خوا نەیداومەتێ (بێ دەنگی) من برۆم؟

**ئەندرێی:**

ئەتوانی بڕۆی، خوات لەگەڵ (فێراپۆنت ئەجووڵێ) خوات لەگەڵ (ئەخوێنێتەوە) سبەی بەیانی وەرەوە و ئەم نووسراوانە بەرەوە (بێ دەنگییەک) ڕۆیشت. (زەنگ لێ ئەدرێ) بەڵێ کار پەیدا ئەبێ. (خۆی ئەکێشێتەوە و لەسەرخۆ ئەڕواتەوە ژوورەکەی خۆی).



(لەلەکە لەودیو شانۆوە منداڵێک ڕائەژەنێ و لایلایەی بۆ ئەکا. ماشا و ڤێرشینین دێنە ژوورێ. هەتا ئەوان بە چرپە قسە ئەکەن کارەکەرەکە مۆمەکان و چراکە دائەگیرسێنێ).

**ماشا:**

نازانم! (بێ دەنگییەک) نازانم... بێ گومان ڕاهاتن دەوری خۆی ئەبینێ. بۆ وێنە، ماوەیەکی زۆر پاش مردنی باوکمان هێشتا بڕوامان نەئەکرد کە موڕاسیلمان نەماوە. من وا بزانم جگە لە ڕاهاتن دڵم داد و عەدالەتیشی تێدا چەسپ بووە... ڕەنگە لە شارێکی تر وا نەبێ، بەڵام لێرە ئەوانەی لە سوپادا کار ئەکەن لە هەموو کەس ڕێکوپێکتر و بەبەزەییتر و ڕەوشت بەرزترن.

**ڤێرشینین:**

حەز ئەکەم شتێ بخۆمەوە... حەزم لە چایە.

**ماشا:**

(سەیری سەعاتەکەی ئەکا) تۆزێکی تر ئەیهێنین... کە دایانم بە شوو تەمەنم هەژدە ساڵ بوو و لە مێردەکەم ئەترسام، چونکە ئەو مامۆستا بوو و من تازە خەریک بووم خوێندن تەواو بکەم. ئەوسا وا ئەهاتە بەرچاوم کە پیاوێکی زۆر زانا و گرنگە، بەڵام بە داخەوە ئێستا وا نییە...

**ڤێرشینین:**

ئاوا!...

**ماشا:**

من باسی مێردەکەی خۆم ناکەم، لەگەڵیدا ڕاهاتووم. بەڵام لەناو

خەڵکی دوور لە سوپادا زۆر کەسی قسە ڕەق و بێ بەزەیی و ڕەوشت نزم هەن. من قسەی ڕەق ئازارم ئەدا و دڵم ئەشکێنێ و کە ئەبینم یەکێک بەپێی پێویست نەرم و ڕێکوپێک و بە بەزەیی نییە پەست ئەبم... کە ئەکەومە ناو برادەرە مامۆستاکانی مێردەکەمەوە، دڵم ئەگیرێ.

**ڤێرشینین:**

بەڵێ، بەڵام من لام وایە پیاوانی سوپایی و خەڵکی تر جیاوازییان نییە و وەک یەک خۆشن، بەتایبەتی لەم شارەدا. هەر خوێندەوارێکی ئێرە بدوێنی، سا ئیتر سوپایی بێ یان نەء، ئەبینی بەدەست ژنەکەیەوە سزا ئەکێشێ... بە دەست ماڵەوە سزا ئەکێشێ... بە دەست ڕۆژی لەدایکبوونەوە سزا ئەکێشێ... بەدەست ئەسپەکانییەوە سزا ئەکێشێ. ڕادەی بیری مرۆڤی ڕووسی بەرزە، بەڵام پێم بڵێ بۆچی لە ژیاندا هێند بەرز نییە؟ بۆچی؟

**ماشا:**

بۆچی؟

**ڤێرشینین:**

بۆچی لەگەڵ ژنەکەیدا سزا ئەکێشێ؟ بۆچی ژن و منداڵەکانیشی لەگەڵ ئەودا سزا نەکێشن؟

**ماشا:**

ئەمرۆ کەمێک لەسەرخۆ نیت.

**ڤێرشینین:**

ڕەنگە وا بم. من ئەمرۆ لە بەیانییەوە هیچم نەخواردووە، کچێکم



کەمێک نەخۆشە، من کە کچەکانم نەخۆش ئەکەون شپرزە ئەبم و ئازار ئەچێژم و تەریق ئەبمەوە کە دایکێکی وایان هەیە، ئای ئەمرۆ ژنەکەمت بدیایە... چەند هیچ و پووچە! لە سەعات حەوتی بەیانییەوە بە شەڕ هاتین و ناچار لە سەعات نۆدا دەرگاکەم توند داخست و هاتمە دەرێ (بێ دەنگی) من هەرگیز ئەم شتانە بە کەس ناڵێم.. سەیرە، سکاڵای دڵم تەنها بۆ تۆ ئەکەم (دەستی ماچ ئەکا) لێم دڵگیر مەبە، من لە تۆ بەولاوە کەسم نییە... کەس... کەس.. (بێ دەنگی)

**ماشا:**

کوورەکە چەند وژەی لێ دێ. ماوەیەکی کەم پێش مردنی باوکیشم لوولەکانی وژەیان ئەهات.

**ڤێرشینین:**

تۆ باوەڕت بە شتی وا هەیە؟

**ماشا:**

بەڵێ!

**ڤێرشینین:**

سەیرە!... (دەستی ماچ ئەکا) تۆ ژنێکی نایاب و بێ وێنەی... نایاب و بێ وێنەی... هەرچەندە تاریکە بەڵام بریقەی چاوەکانت ئەبینم.

**ماشا:**

(لەسەر کورسییەکی تر دائەنیشێ) ئێرە ڕووناکترە.

**ڤێرشینین:**

من چاوەکانتم خۆش ئەوێن... خۆشم ئەوێن... خۆشم ئەوێن..

جوولاَنەوەکانتم خۆش ئەوێن و خەویان پێوە ئەبینم.. ژنێکی
نایاب و بێ وێنەی!

**ماشا:**

(بە نزمی پێ ئەکەنێ) کە تۆ ئەم قسانەم لەگەڵدا ئەکەی هەرچەندە لام سەیرن بەڵام پێ ئەکەنم. تکات لێ ئەکەم دووبارەیان مەکەرەوە. (بە دەنگێکی نزم) ئارەزووی خۆشتە، بیانکە... لای من کردنیان و نەکردنیان وەک یەکە. (بە دەستەکانی رووی دائەپۆشێ) لای من وەک یەکە. هاتن، باسی شتێکی تر بکە.

(ئیرینا و تۆزینباخ بەناو هۆڵەکەدا دێن)

**تۆزینباخ:**

من نازناوەکەم سێ پارچەیە، پێم ئەڵێن بارۆن (تۆزینباخ – کرۆنی – ئاڵتشاوەر) بەڵام منیش وەک تۆ ڕوسم و پراڤۆسلاڤیم. پاشماوەی ئەڵمانیم زۆر کەم ماوە، مەگەر هەر خۆڕاگرتن و کەللەڕەقیم مابێ و بەمانەش چارەی خۆم لای تۆ گران ئەکەم... من هەموو ئێوارەیەک بەڕێت ئەکەم.

**ئێرینا:**

چەند ماندووم!

**تۆزینباخ:**

دە ساڵی تریش و بیست ساڵی تریش هەموو ڕۆژێک هەتا دەرم نەکەی دێم بۆ دائیرەی تەلەگراف و هەتا ماڵەوە بەڕێت ئەکەم (چاوی بە ماشا و ڤێرشینین ئەکەوێ، بە بەختیارییەوە) ئەمە ئێوەن؟ ڕۆژتان باش!



**ئیرینا:**

وا گەیشتمەوە ماڵێ. (بۆ ماشا) ئەمڕۆ ژنێک هات، کوڕەکەی مردبوو ئەیویست برووسکەیەک بۆ شاری سەراتۆڤ بنێرێ و براکەی ئاگادار بکا. بەڵام لەبەر گریان ناونیشانەکەی بیر نەکەوتەوە و بەبێ ناونیشان ناردی، هەر بۆ سەڕاتۆڤ و هیچی تر. کەچی من بەبێ هۆ پیایدا هەڵشاخام و پێم وت: "کاتم نییە". هەڵوێستێکی زۆر ناڕەوا بوو. میوانەکانی ڕێزان هاتوون؟

**ماشا:**

بەڵێ.

**ئیرینا:**

(لەسەر قەنەفەکە پاڵ ئەداتەوە) ماندووم، با کەمێک بحەسێمەوە.

**توزنباخ:**

(بە زەردەخەنەوە) کە لە ئیش ئەگەڕێیتەوە گەنج و خنجیلە و بەدبەخت دیاری! (بێ دەنگی)

**ئیرینا:**

ماندووم... حەزیشم لە دائیرەی تەلەگراف نییە... نەخێر حەزم لێی نییە!

**ماشا:**

لاواز بووی... (فیکە لێ ئەدا) گەنج بوویتەوە و ڕووت وەک ڕووی کوڕێکی منداڵی لێ هاتووە.

**توزینباخ:**

شێوەی قژ داهێنانەکەی وای لێ کردووە.

**ئیرینا:**

ئەبی ئیشێکی تر بدۆزمەوە، ئەم ئیشە بۆ من دەست نادا! ئەوەی من بەتەمای بووم و ئاواتەخوازی بووم لەم ئیشەدا نییە، ئیشێکی بێ مانا و بێ شاعیرییە. (لە زەوییەکە ئەدرێ) ئەوە دکتۆرە لێی ئەدا.. (بۆ تۆزینباخ) گیانەکەم تۆ بۆی لێدەرەوە، من ناتوانم، ماندووم!

**توزینباخ:**

(لە زەوییەکە ئەدا)

**ئیرینا:**

ئێستا دێ، ئەبێ خۆمان ئامادە بکەین. دوێنێ دوکتۆر و ئەندرێی لە یانە بوون و هەمدیسان دۆڕاندوویانە، ئەڵێن ئەندرێی دوو سەد ڕۆبڵی دۆڕاندووە.

**ماشا:**

(بە ساردییەوە) تازە چی بکەین!

**ئیرینا:**

دوو هەفتەش لەمەوبەر دۆڕاندی... لە مانگی کانوونی یەکەمیشدا هەر دۆڕاندی... خۆزگە هەرچی هەیە بیدۆڕاندایە بەڵکو لەم شارە بارمان بکردایە. ئای خوایە هاوار، هەموو شەوێک خەو بە مۆسکۆوە ئەبینم و وەک شێتم لێ هاتووە. (پێ ئەکەنێ) مانگی حوزەیران ئەڕۆین... هێشتا شوبات و مارت و



نیسان و مایسی ماوە بۆ حوزەیران. نزیکی نیو ساڵی ماوە...

**ماشا:**

نابێ نەتاشا بزانێ کە ئەندرێی پارەی دۆڕاندووە!

**ئیرینا:**

وا بزانم گوێ ناداتێ!

(چیبوتیکین دوای نانی نیوەڕۆ پاڵ کەوتبوو بحەسێتەوە، ئێستا هەستاوە، دێتە هۆڵەکە و بە ڕێگاوە ڕیشی شانە ئەکا. دوایی لە دەوری مێزەکە دائەنیشێ و ڕۆژنامەیەک لە گیرفانی دەردێنێ)

**ماشا:**

وا هات. کرێ خانووەکەی داوە؟

**ئیرینا:**

(پێ ئەکەنێ) نەء. هەشت مانگە پوولێکی نەداوە، دیارە بیری چۆتەوە!

**ماشا:**

(پێ ئەکەنێ) چەند بە سەنگین دانیشتووە!

(هەموو پێ ئەکەنن)

**ئیرینا:**

ئەلیکساندەر ئیگناتیچ، بۆچی قسە ناکەی؟

**ڤێرشینین:**

نازانم... حەزم لە چایە! نیوەی تەمەنم ئەدەم بە یەک پەرداخ چا... لە بەیانییەوە هیچم نەخواردووە.

**چیبووتیکین:**

ئیرینا سیرگێیڤنا...

**ئیرینا:**

ئەڵێی چی؟...

**چیبووتیکین:**

تکایە وەرە بۆ ئێرە... (ئیرینا ئەچێت لە دەوری مێزەکە دائەنیشێ) من بەبێ تۆ ئیدارە ناکەم. (کاغەزی بەخت گرتنەوەکان بڵاو ئەکاتەوە)

**ڤێرشینین:**

ئەگەر چامان نادەنێ، با فەلسەفە بنوێنین.

**توزینباخ:**

دەی، دەربارەی چی؟

**ڤێرشینین:**

دەربارەی چی؟.. با بیر بکەینەوە... بۆ وێنە، دەربارەی ژیانی دوو سەد... سێ سەد ساڵی پاش ئێمە!

**توزینباخ:**

باشە... دوای ئێمە خەڵک سواری تۆپی هەوایی ئەبن و بە ئاسماندا ئەفڕن، مۆدەی چاکەت ئەگۆڕێ، ڕەنگە هەستی هەشتەم بدۆزرێتەوە و پەرەی پێ بدرێ بەڵام ژیان هەروەک ئێستا گران و پڕ لە نهێنی و بەختیاری ئەبێ. دوای هەزار ساڵی تریش مرۆڤ هەر هەناسە هەڵئەکێشێ و ئەڵێ:" ئاخ، ژیان چەند سەختە!" ئەوساش هەر وەک ئێستا ئەترسن و حەز ناکەن بمرن.



**ڤێرشینین:**

(بیر ئەکاتەوە) چۆنت بۆ ڕوون بکەمەوە... وا بزانم هەموو شتێک لەسەر زەمین وردە وردە ئەگۆڕێ و ئێمەش بە چاوی خۆمان ئەم گۆڕانکارییە ئەبینین، گرنگ ماوەی ساڵ نییە، بەڵام دوو سەد... سێ سەد ساڵ و بگرە هەزار ساڵی تر ژیانێکی نوێی پڕ لە کامەرانی دێتە گۆڕێ. هەرچەندە ئێمە ئەو ژیانە نابینین بەڵام لە ئێستاوە لەڕێی هێنانەدی ئەو ژیانەدا ئەژین و، ئیش ئەکەین و، سزا ئەکێشین بۆ ئەوەی پێی بگەین. هەر بۆ ئەوەی پێی بگەین. هەر بۆ ئەم ئامانجەش ئەژین و ئەوەش بزانن کە کامەرانیمان لەمەدایە.

(ماشا لەسەرخۆ پێ ئەکەنێ)

**توزینباخ:**

ئەوە چیتە؟

**ماشا:**

نازانم، ئەمڕۆ لە بەیانییەوە هەر پێ ئەکەنم.

**ڤێرشینین:**

منیش هەر خوێندنی ئەو شوێنەم تەواو کردووە کە تۆ لێت خوێندووە و لە ئەکادیمیا نەمخوێندووە. زۆر ئەخوێنمەوە بەڵام نازانم کتێبی باش هەڵبژێرم، ڕەنگە ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کە پێویست نین، لەگەڵ ئەوەشدا چەند زیاتر بژیم حەز ئەکەم زیاتر بزانم، سەرم سپی بووە و پیر بووم بەڵام هێشتا کەم ئەزانم. ئاخ چەند کەم ئەزانم! لەگەڵ ئەوەشدا وا بزانم گرنگترین شتی پێویست ئەزانم و باشیشیان ئەزانم. چەند حەز ئەکەم پێتان

بسەلمێنم کە کامەرانی نییە و نابێ ببێ و ئێمەش نایبینین. هەر ئەبێ ئیش بکەین و ئیش بکەین و کامەرانیش هیوای پاشەڕۆژی نەوە دوورەکانمانە. (بێ دەنگییەک) من نایبینم، بەڵام بەڵکو نەوەی نەوەکانم بیبینن!

(فیدۆتیک و ڕۆدێ لە هۆڵەکەدا دەرئەکەون، دائەنیشن و لەسەرخۆ گیتار لێ ئەدەن و گۆرانی ئەڵێن).

**توزینباخ:**

بەڕای تۆ نابێ ئاوات بۆ کامەرانی بخوازین؟ کێ ئەڵێ من کامەران نیم؟

**ڤێرشینین:**

نەخێر کامەران نیت!

**توزینباخ:**

(دەست بە دەستدا ئەدا و پێ ئەکەنێ) لەوە ئەچێ لە یەکتری نەگەین. چۆن پێت بسەلمێنم؟

**ماشا:**

(لەسەرخۆ پێ ئەکەنێ)

**توزینباخ:**

(پەنجەی لێ ڕائەوەشێنێ) پێ ئەکەنێ! (بۆ ڤێرشینین) نەک پاش دوو سەد یان سێ سەد ساڵ، بەڵکو پاش ملیۆنێک ساڵ ئێستا ژیان چۆنە ئەوساش هەروا ئەبێ و ناگۆڕێ و بە نەگۆڕاوی ئەمێنێتەوە و ڕێباز و یاسای ئاسایی خۆی بەرنادا، ئەو ڕێباز و یاسایەی کە ئێمە هەقمان بە سەرییەوە نییە، یان



هیچ نەبێ تۆ هەرگیز نایزانی. ئەو باڵندانەی گەرمیان و کوێستان ئەکەن، بۆ وێنە، حاجی لەقلەق، گەرمیان و کوێستانی خۆیان هەر ئەکەن و هەر چەند بیری بچووک و مەزن بە مێشکیاندا بێ هەر ئەفڕن و ناشزانن بۆچی ئەفڕن و بۆ کوێ ئەفڕن. چەندەها فەیلەسوفیان تێدا هەڵبکەوێ هەر لەسەر فڕین بەردەوام ئەبن. با چۆنیان بوێ فەلسەفە بنوێنن، بەڵام هەر ئەبێ بەو جۆرە بفڕن!

**ماشا:**

ئەمە بە لایەنی کەمەوە بیروڕایەکە!

**توزینباخ:**

بیروڕایە؟ وا بەفر ئەبارێ.. ئەمە چی بیروڕایەکە؟ (بێ دەنگییەک).

**ماشا:**

بەڕای من مرۆڤ ئەبێ ئیمانی بە خوا هەبێ، یان هیچ نەبێ بۆی بگەڕێ، ئەگینا ژیان بۆشە. بۆشە، پووچە!

**ڤێرشینین:**

بەداخەوە ئێمە لاویمان بەسەر چووە!

**ماشا:**

گۆگۆڵ ئەڵێ: گەورەکانم، ژیانی ئەم جیهانە پڕە لە بێزاری!

**توزینباخ:**

گەورەکانم، منیس ئەڵێم لەگەڵ ئێوەدا زەحمەتە بگەینە ئەنجام... چیتان لێ بکەم!

**چیبووتیکین:**

(ڕۆژنامـەیەک ئەخـوێنێتـەوە) بەلزاک[٣٦] لە بیـردیچـێڤ ژنی هێناوە.

**ئیرینا:**

(لەسەرخۆ گۆرانی ئەڵێ)

**چیبووتیکین:**

ئەمە لای خـۆم ئەنـووسم...(لە دەفتـەرێکی بچـووکدا ئەنووسێ) بەلزاک لە بیردیچێڤ ژنی هێناوە (ڕۆژنامەکە ئەخوێنێتەوە)

**ئیرینا:**

(کاغـەزی یارییـەکان بڵاو ئەکاتەوە) بەلزاک لە بیردیچێڤ ژنی هێناوە.

**توزینباخ:**

بڕیاری چاوەنووسی خـۆم دا... ماریا سیـرگێیڤا ئەزانی داوای خانەنشینیم کردووە؟

**ئیرینا:**

بیستم... هیچ شتێکی باش لەمەدا نابینم... من حەزم لە پیاوی مەدەنی نییە.

**توزینباخ:**

جیـاوازی نیـیـە. (هـەڵئـەسـتێ) من جـوان نیم، ئیـتـر پیـاوی سەربازی چیم؟ بەڵێ، جیاوازی نییە. ئیش ئەکەم... هیچ نەبێ با یەک ڕۆژ لە ژیانمدا ئـەوەندە ئیش بکەم کە ئێوارە گەڕامـەوە مـاڵێ لە مـاندوویەتیـدا هـەر کـە لەسـەر جـێگاکـە پاڵ کـەوتم



یەکسـەر خـەوم لێ بکەوێ (ئەچێتـە هۆڵەکە) ڕەنگە ئیشکەران چاک بنوون.

**فیدۆتیک:**

(بۆ ئیـرینا) ئێـسـتـا لای پیـژیکوڤ لەسـەر شـەقـامی مـۆسکۆ ڤسکایا پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ و ئەم چەقۆ بچکۆلەیەم بۆ کڕی.

**ئیرینا:**

تۆ وا ڕاهـاتووی کـە وەک منداڵ سـەیرم بکەی، بەڵام من گـەورە بووم. (بە دڵخـۆشـییـەوە پێنووسـەکان و چەقـۆکە وەرئەگـرێ) چەند نایابن!

**فیدۆتیک:**

چەقـۆیەکـیشـم بۆ خـۆم کـڕی. بڕوانە، ئەمـە چەقـۆیەک، ئەمـەش چەقـۆیەکی تر، ئەمــەش یەکـێکی تر... ئـەمــەیان بۆ گـوێچکە پاککردنەوە و خوراندنی، ئەمەشیان بۆ نینۆک پاککردنەوە.

**ڕۆدێ:**

دوکتۆر، تەمەنت چەندە؟

**چیبووتیکین:**

من؟ سی و دوو ساڵ. (پێ ئەکەنێ)

**فیدۆتیک:**

ئێـسـتـا بەخـتـتـان بۆ ئـەگـرمـەوە (کـاغـەزی یارییـەکـان بڵاو دەکاتەوە).

(سـەمـاوەرێک ئەهـێنن، ئەنفـیسـا لای سـەمـاوەرەکـەوەیە. پاش کەمـێک نەتاشـا دێ و لە مـێزەکە نزیک ئەکەوێتـەوە. سـەلیـۆنی دێ، ڕۆژباش ئەکا و لە دەوری مێزەکە دائەنیشێ)

**ڤێرشینین:**

بایەکی چەند بەهێزە!

**ماشا:**

بەڵێ. لە زستان بێزار بووم. بیرم نەماوە هاوین چۆنە.

**ئیرینا:**

کاغەزەکان ئەڵێن دێنە دی... ئەچین بۆ مۆسکۆ...

**فیدۆتیک:**

نەخێر نایەتە دی. سەیرکە، هەشت لۆ لەسەر دوو لۆی ماچەیە.

(پێ ئەکەنێ) ئەمە مانای ئەوەیە نایەتە دی و ناچن بۆ مۆسکۆ!

**چیبووتیکین:**

(ڕۆژنامەکە ئەخوێنێتەوە) شاری سیسیکار... لێرە ئاوڵەیەکی ترسناک بڵاو بۆتەوە.

**ئەنفیسا:**

(دێتە لای ماشاوە) ماشا گیان، چا بخۆ[٣٧]! (بۆ ڤێرشین) فەرموو گەورەم... باوکە ببوورە، ناوی خۆت و باوکتم بیرچۆتەوە[٣٨].

**ماشا:**

بیهێنە بۆ ئێرە... نایەمە ئەوێ!

**ئیرینا:**

(بانگ ئەکا) لەلە!

**ئەنفیسا:**

هاتم.



**نەتاشا:**

(بۆ سەلیۆنی) منداڵی کۆرپە زۆر چاک تێ ئەگەن. کە بە بۆبیکم وت:" ڕۆژباش بۆبیک... ڕۆژباش " بە جۆرێکی تایبەتی تێی ڕوانیم... ڕەنگە وا بزانێ کوڕی خۆمە بۆیە وا ئەڵێم؟ دڵنیابە لەبەر ئەوە نییە، منداڵێکی بلیمەتە...

**سەلیۆنی:**

ئەگەر ئەم منداڵە هی من بوایە لە تاوەدا سوورم ئەکردەوە و ئەمخوارد. (بە پەرداخێکەوە ئەچێتە ژووری میوان و لە قوژبنێکدا دائەنیشێ).

**نەتاشا:**

(بە دەستەکانی دەموچاوی خۆی دائەپۆشێ) پیاوێکی چەند قسە ڕەق و بێ ڕەوشتە!

**ماشا:**

ئەو کەسە بەختیارە کە گوێ ناداتە ئەوەی ئێستا هاوینە یان زستانە. پێم وایە ئەگەر من ئێستا لە مۆسکۆ بوومایە گوێم نەئەدایە ئاووهەوا.

**ڤێرشینین:**

لەم ڕۆژانەدا یاداشتی وەزیرێکی فەڕەنسیم خوێندەوە کە لە بەندیخانەدا نووسیویە. ئەو وەزیرە لەسەر مەسەلەکەی پەنەما[٣٩] حوکم درابوو. زۆر بە پەرۆشەوە باسی ئەو باڵندانە ئەکا کە لە پەنجەرەی بەندیخانەکەوە بینیونی و لە کاتێکدا کە وەزیر بووە گوێی نەداوەتێ، و نەیبینیون.... کە ئێستاش بەرەلا

بووه بێ گومان هەمدیسان نایانبینێ و گوێیان ناداتێ....
هەروەها تۆش ئەگەر لە مۆسکۆ بژی، گوێی نادەیتێ و
نایبینی... ئێمە کامەرانیمان نییە و هەرگیزیش نامانبێ و هەر
بە تەماشین!

**توزینباخ:**

(پاکەتێک لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێ) نوقوڵەکان کوان؟

**ئیرینا:**

سەلیۆنی خواردنی.

**توزینباخ:**

هەمووی خواردن؟

**ئەنفیسا:**

(چا دێنێ) باوکە، نامەیەکت بۆ هاتووە.

**ڤێرشینین:**

بۆ من؟ (نامەکەی لێ وەرئەگرێ) لە کچەکەمەوەیە.
(ئەیخوێنێتەوە).
بەڵێ، بێ گومان... ماریا سیر گێیڤنا ببوورە، بە خشپە و بێ
دەنگ ئەڕۆم، چا ناخۆمەوە (بە شپرزەیی هەڵئەستێ) ئەم
مەسەلانە نابڕێنەوە!

**ماشا:**

چی قەوماوە؟... نهێنییە؟

**ڤێرشینین**

(بە دەنگی نزم) دووبارە ژنەکەم خۆی دەرمانخوارد کردووە...



ئەبێ بڕۆم... بە جۆرێک ئەڕۆم کەس پێ نەزانێ... بە ڕاستی
شتێکی ناخۆشە. (دەستی ماچ ئەکا) نەشمیلەکەم، بە دزییەوە
ئەڕۆم. (ئەچێتە دەرێ)

**ئەنفیسا:**

بۆ کوێ ئەچێ؟ چا م بۆ تێ کردووە... پیاوێکی سەیرە!

**ماشا:**

(بە تووڕەیییەوە) واز بێنە... پێمەوە ئەلکێی و ئارامم لێ
هەڵدەگری. (بە کووپێکەوە ئەچێتە لای مێزەکەوە) پیرێژن...
بێزارت کردووم!

**ئەنفیسا:**

نەشمیلەکەم، بۆچی تووڕە ئەبی؟

**دەنگی ئەندرێی:**

ئەنفیسا؟

**ئەنفیسا:**

(لاسایی ئەکاتەوە) ئەنفیسا!... هەر لەوێ دانیشتووە و هاوار
ئەکا. (ئەچێتە دەرێ)

**ماشا:**

(بە تووڕەیی لای مێزی ژووری میوانەوە وەستاوە) لێم گەڕێن با
دانیشم. (کاغەزی یارییەکان لەسەر مێزەکە تێک ئەدا)... ئێرە
شوێنی ئەم کاغەزانەیە؟ چایەکەتان بخۆنەوە!

**ئیرینا:**

ماشا، تۆ تووڕە و تڕۆی!

**ماشا:**

مادام من تووڕه و تڕۆم قسەم لەگەڵ مەکەن! مەیەن بە لامدا .

**چیبووتیکین:**

(بە پێکەنینەوە) مەچن بە لایدا!... لێی گەڕێن و مەچن بە لایدا!

**ماشا:**

تۆ تەمەنت شەست ساڵە کەچی هێشتا ئەڵێی منداڵیت. هەر شەیتان ئەزانی چی ئەکەی و چی ئەڵێی!

**نەتاشا:**

(هەناسە هەڵئەکێشێ) ماشا نازدارەکەم... بۆچی ئەم زاراوانە بەکار دێنی؟ تۆ بەم ڕەنگ و ڕوخسارە جوانەتەوە ئەگەر لەم شوێنە ڕیکوپێکانەدا ئەم وشانەت بەکار نەهێنایە زۆر نایاب ئەبووی. ماشا، تکایە لێم ببوورە، بەڵام قسەکانت کەمێک ڕەقن!

**توزینباخ:**

(هەوڵ ئەدا پێ نەکەنێ) ئەو کۆنیاکەم بدەنێ... بمدەنێ!

**نەتاشا:**

وا بزانم بۆبیک خەبەری بۆتەوە... ئەمڕۆ تەندروستی تەواو نییە، ببوورن ئەچم بۆ لای.

(ئەچێتە دەرێ)

**ئیرینا:**

ئەی ئەلیکساندەر ئیگناتێڤیچ بۆ کوێ چوو؟

**ماشا:**

ڕۆیشتەوە ماڵێ، دیسان ژنەکەی شتێکی لێ قەوماوە!



**توزینباخ:**

(سوراحییەکی بچووک کۆنیاکی بە دەستەوەیە، ئەچێتە لای سەلیۆنی) تۆ هەمیشە بە تەنیا دائەنیشی و بیر لە شتێک ئەکەیتەوە، ناشزانی دەربارەی چی بیر ئەکەیتەوە. دەی با ئاشت بینەوە، با کۆنیاک بخۆینەوە. (ئەخۆنەوە) من بە درێژایی ئەمشەو ئەبێ پیانۆ لێ بدەم و ڕەنگیشە ئاوازی هیچ و پووچ لێ بدەم. من چیم داوە لەمە؟

**سەلیۆنی:**

بۆچی ئاشت بینەوە؟ خۆ شەڕمان نەبووە!

**توزینباخ:**

تۆ هەمیشە هەستی وا دەرئەبڕی کە وەک لەنێوانماندا شتێک ڕوویدابێ... پیاوێکی سەیری!

**سەلیۆنی:**

(بە پۆزەوە) من سەیرم؟ ئەی کێ سەیر نییە؟ ئەلیکۆ[٤٠] تووڕە مەبە...

**توزینباخ:**

باسی ئەلیکۆ بۆ دێنیتە پێشێ؟ (بێ دەنگییەک)

**سەلیۆنی:**

کە دوو بەدووین، زۆر ئاساییم، بەڵام کە لەناو کۆمەڵێکدا ئەبم شەرم ئەکەم و لەسەر خۆم نیم و قسەی هیچ و پووچ ئەکەم.. ئەشتوانم ئەمە بسەلمێنم!

**توزینباخ:**

من زۆر جار لێت دڵگیر ئەبم... تۆ هەمیشە کە لەناو خەڵکدا بین

تێمەوە ئەئاڵێی کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نازانم بۆچی هەر خۆشم ئەوێی.. لێگەڕێ... من ئەمڕۆ زۆر ئەخۆمەوە... با بخۆینەوە!

**سەلیۆنی:**

با بخۆینەوە. (ئەخۆنەوە) بارۆن، من هەرگیز هیچم دژی تۆ نەبووە، بەڵام من ڕەوشتم وەک لێرمەنتۆڤ[٤١] وایە. (بە دەنگی نزم) وەک ئەڵێن خۆشم کەمێک لە لێرمەنتۆڤ ئەچم. (شووشەیەکی بۆن لە گیرفانی دەردێنێ و لە دەستەکانی خۆی ئەپرژێنێ).

**توزینباخ:**

خۆم خانەنشین ئەکەم... ئیتر بەسە، پێنج ساڵە بیر لەمە ئەکەمەوە و وا بڕیارم دا.. ئیتر ئیش ئەکەم...

**سەلیۆنی:**

(سنگی دەرئەپەڕێنێ) ئەلیکۆ، تووڕە مەبە... لەبیر خۆتی بەرەوە، ئاواتەکانت لەبیر خۆت بەرەوە!

(کە ئەمان خەریکی قسە کردنن، ئەندرێی بە کتێبێکەوە دێ و بێ دەنگ لای مۆمەکەوە دائەنیشێ)

**توزینباخ:**

ئیش ئەکەم!

**چیبووتیکین:**

(لەگەڵ ئیرینادا دێتە ژووری میوان) هەموو خواردنەکانیش قەفقاسی بوون... پیازاو و قەزاتمە بوو، قەزاتمەی گۆشت بوو.

**سەلیۆنی:**

پیازاو گۆشت نییە، بەڵکو شتێکە وەک پیازی خۆمان.



**چیبووتیکین:**

نەخێر بەرخۆڵەکەم قەزاتمە پیاز نییە، بەڵکو گۆشتی مەڕی سوورەوەکراوە.

**سەلیۆنی:**

ئەڵێم پیازاو پیازە[٤٢]!

**چیبووتیکین:**

منیش ئەڵێم قەزاتمە گۆشتە!

**سەلیۆنی:**

منیش ئەڵێم پیازاو پیازە!

**چیبووتیکین:**

من بۆچی لەگەڵ تۆدا خۆم ماندوو بکەم؟ خۆ تۆ هەرگیز قەفقاست نەدیوە و قەزاتمەت نەخواردووە!

**سەلیۆنی:**

نەمخواردووە چونکە ئێستا ناتوانم بیخۆم... پیازاویش بۆنی سیری لێ دێ!

**ئەندرێی:**

(بە پاڕانەوەوە) گەورەکانم بیبڕنەوە... تکایە بیبڕنەوە!

**توزینباخ:**

میوانەکانی ڕێزان کەی دێن؟

**ئیرینا:**

بڕیاریان داوە بۆ سەعات نۆ بگەن، کەواتە ئێستا دێن.

**توزینباخ:**

(باوەش ئەکا بە ئەندرێی دا و گـۆرانی ئەڵێ) " دە وەرە با لێک بئاڵێین.... بۆ تۆ ئاگرم تێ بەربوو....

**ئەندرێی:**

(هەڵئەپەڕێ و گۆرانی ئەڵێ)

هەی وا مەکە وا مەکە.... دایکت دیارە و ئابڕووم چوو."[٤٣]

**چیبووتیکین:**

(هەڵئەپەڕێ) قایمتر...

**توزینباخ:**

(ئەندرێی ماچ ئەکا) شـەیتان بە لەعنەت بێ... منیش لەگەڵ تۆدا دێم بۆ مۆسکۆ... با بخۆینەوە... ئەندرێی با بخۆینەوە... ئەلیۆشا، ئەچمە زانکۆ!

**سەلیۆنی:**

مۆسکۆ دوو زانکۆی لێیە، ئەچیتە کامیان؟

**ئەندرێی:**

یەک زانکۆی لێیە.

**سەلیۆنی:**

من ئەڵێم دووانی لێیە.

**ئەندرێی:**

با سیانی لێ بێ... باشتر.

**سەلیۆنی:**

مۆسکۆ دوو زانکۆی لێیە (بە منگەمنگ و ناڕەزاییەوە) مۆسکۆ



دوو زانکۆی لێیە، کۆنەکە و تازەکە. ئەگەر قسەکانی منتان پێ ناخۆشە و ناتانەوێ گوێم لێ بگرن، ئەچمە ژوورێکی تر. (لە دەرگایەکەوە ئەچێتە دەرێ).

**توزینباخ:**

ئافەرین! (پێ ئەکەنێ) گەورەکانم، ئێوە گۆرانی بڵێن و من پیانۆ لێ ئەدەم... ئەم سەلیۆنییە کابرایەکی چەند سەیرە. (لەبەردەم پیانۆکەدا دائەنیشێ و مۆسیقایەکی ڤالس لێ ئەدا).

**ماشا:**

(بە تەنیا دانسی ڤالس ئەکا) بارۆن سەرخۆشە... بارۆن سەرخۆشە... بارۆن سەرخۆشە!). (نەتاشا دێتە ژوورێ)

**نەتاشا:**

(بۆ چیبووتیکین) ئیڤان ڕۆمانیچ! (شتێک بە چیبووتیکین ئەڵێ و دوایی بێ دەنگ ئەچێتە دەرێ. چیبووتیکین دەست ئەماڵێ بەسەر شانی توزینباخدا و شتێک بە گوێیدا ئەچرپێنێ)

**ئیرینا:**

چییە؟

**چیبووتیکین:**

درەنگە، ئەبێ بڕۆین... خواتان لەگەڵ..

**توزینباخ:**

ئەبێ بڕۆین، شەوێکی شاد.

**ئیرینا:**

ببوورن، ئەی میوانەکانی ڕێزان؟

**ئەندرێی:**

(بە گرژییەوە) نایەن، ئەزانی چی نازدارەکەم؟ نەتاشا ئەڵێ بۆبیک کەمێک نەخۆشە و لەبەر ئەمە.. ڕاستیت ئەوێ، نازانم... لای من جیاوازی نییە!

**ئیرینا:**

(شان هەڵئەتەکێنێ) بۆبیک نەخۆشە!

**ماشا:**

با بڵاوەی لێ بکەین، وا دیارە دەرمان ئەکەن... با بڕۆین (بۆ ئیرینا) بۆبیک نەخۆش نییە، نەتاشا خۆی.... ئاوا (پەنجەی ئەدا لە ناوچەوانی خۆی) شێتە!

(ئەندرێی لە دەرگای لای ڕاستەوە ئەچێتەوە ژوورەکەی خۆی. چیبووتیکین بە دوایدا ئەڕوات و لە هۆڵەکەدا خواحافیزی لەیەک ئەکەن.)

**فیدۆتیک:**

چەند ناخۆشە... من وام نیاز بوو ئاهەنگێکی بچووک ساز بکەم، بەڵام ئەگەر منداڵەکە نەخۆش بێ..... بێ گومان بەیانی دیارییەکی منداڵانەی بۆ دێنم.

**ڕۆدێ:**

(بە دەنگی بەرز) ئەمڕۆ بە ئەنقەست دوای نانی نیوەڕۆ نووستم وام زانی بە درێژایی شەو دانس ئەکەم... هێشتا سەعات نۆیە.

**ماشا:**

با بچینە دەرێ، لەوێ باسی ئەکەین و بڕیار ئەدەین... (دەنگی خوات لەگەڵ، لەشت ساغ بێ... دەنگی پێکەنینی پڕ لە خۆشی



توزینباخ دێ. هەموو ئەچنە دەرێ. ئەنفیسا و کارەکەرەکە مێزەکە پاک ئەکەنەوە، چرا و مۆمەکان ئەکوژێننەوە. لەلەکە گۆرانی ئەڵێ. ئەندرێی پاڵتۆی لەبەردایە و شەبقەی لەسەردایە و، چیبووتیکین لەسەرخۆ دێتە ژوورێ).

**چیبووتیکین:**

لەبەر ئەوەی ژیانم وەک هەورە برووسکە تیژ و خێرا بەسەر چوو، فریا نەکەوتم ژن بهێنم، هەروەها لەبەر ئەوەش ژنم نەهێناوە چونکە دایکتم زۆر خۆش ئەویست، هەرچەندە ژنی مێرداریش بوو!

**ئەندرێی:**

ژن هێنان پێویست نییە، چونکە ئەنجامی بێزارییە.. شتێکی زیادە!

**چیبووتیکین:**

ئێ... ئێ... تەنیایی! خۆشەویستەکانم، بەهەر جۆرێک فەلسەفە بنوێنی بەڵام ئەبێ بزانی کە تەنیایی شتێکی سامناکە... گوێ مەدەرێ!

**ئەندرێی:**

با خێرا بڕۆین..

**چیبووتیکین:**

پەلەمان چییە؟ فریا ئەکەوین...

**ئەندرێی:**

ئەترسم ژنەکەم نەیەڵێ بڕۆین!

**چیبووتیکین:**

ئێ...

**ئەندرێی:**

ئەمڕۆ مۆسیقا لێ نادەم و هەر دائەنیشم... کەمێک نەخۆشم.

ئیڤان ڕۆمانیچ، چی باشە بۆ هەناسە سواری؟

**چیبووتیکین:**

گیانەکەم تۆ چیم لێ ئەپرسی، بیرم نەماوە.. نازانم....

**ئەندرێی:**

با لە مەتبەخەکەوە بڕۆین. (ئەچنە دەرێ).

(زەنگ لێ ئەدرێ، جــارێکی تریش لێ ئەدرێ... دەنگە دەنگ و پێکەنین).

**ئیرینا:**

(دێتە ژوورێ) ئەوە چییە؟

**ئەنفیسا:**

(بە چرپە) میوانەکانی ڕێزانن (زەنگ لێ ئەدرێتەوە)

**ئیرینا:**

لەلە گیان، پێیان بڵێ کەس لێرە نییە.. داوای لێبووردنیـان لێ بکە.

(ئەنفیسا دەچێتە دەرێ. ئیرینا بیر ئەکاتەوە... شڵەژاوە و بە ژوورەکەدا دێ و ئەچێ. سەلیۆنی دێتە ژوورێ)

**سەلیۆنی:**

(بە تێ نەگەیشتنەوە) کەسی لێ نییە.. ئەوە لەکوێن.



**ئیرینا:**

ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە.

**سەلیۆنی:**

سەیرە... تۆ لێرە بە تەنیای؟

**ئیرینا:**

بە تەنیام... (بێ دەنگییەک) خوات لەگەڵ.

**سەلیۆنی:**

لەوە ئەچێ نەمتوانیبێ بە تەواوی خۆم بگرم... نەمئەزانی چی بکەم... بەڵام تۆ وەک ئەوانی تر نیت. تۆ بەرز و پاکی و ڕاستی.. تەنها تۆ ئەتوانی لە من بگەی... من لە کانگای دڵمەوە خۆشم ئەوێی... بێ سنوور خۆشم ئەوێی!

**ئیرینا:**

خوات لەگەڵ... فەرموو بڕۆ...

**سەلیۆنی:**

من ناتوانم بەبێ تۆ بژیم... (دوای ئەکەوێ) ئەی خەڵاتی خواوەندم! (بە فرمێسکەوە) ئەی کامەرانیم... ئەو چاوە بریسکەدار و نایاب و بێ وێنانەتم بە هیچ ژنێکەوە نەدیوە.

**ئیرینا:**

(بە ساردییەوە) بیبڕەوە!

**سەلیۆنی:**

ئەمە یەکەم جارە خۆشەویستی خۆمت بۆ دەرئەبڕم. وەک لەسەر زەوی نەبم و لەسەر ئەستێرەیەکی تر بم. (ناوچەوانی

خۆی ئەسوێتەوە) گوێ مەدەرێ. دیارە مرۆڤ ناتوانێ بەزۆر خۆی جوان بکا، بەڵام ناشێ ناحەزێکی بەختیارم هەبێ... ناشێ ناحەزەکەم بەختیار بێ.. ناشێ و نابێ، کیژۆڵە نایابەکەم... بە هەموو شتێکی پیرۆز سوێند ئەخۆم ناحەزم ئەکوژم..

(نەتاشا بە مۆمێکەوە نزیک ئەبێتەوە)

**نەتاشا:**

(ئەڕوانێتە دەرگایەک. سەیری دەرگایەکی تر ئەکا و بەلای دەرگای ژووری مێردەکەیدا ئەڕوا) ئەندرێی لێرەیە، با بخوێنێتەوە... ڤاسیلی ڤاسیلیچ ببوورە، نەمزانی تۆ لێرەی.. ئیشێکی خێزانیم هەیە بۆیە هاتم.

**سەلیۆنی:**

هیچ نییە.. خوات لەگەڵ. (ئەچێتە دەرێ)

**نەتاشا:**

کیژۆڵە نازدار و بەستەزمانەکەم، ماندووی. (ئیرینا ماچ ئەکا) زۆرتر بنووی باشتر.

**ئیرینا:**

بۆبیک نووستووە؟

**نەتاشا:**

نوستووە، بەڵام زوو زوو خەبەری ئەبێتەوە، بەم بۆنەیەوە نازدارەکەم ویستم شتێکت پێ بڵێم، بەڵام یان تۆ لێرە نی، یان من ماوەم نییە.. وا بزانم ئەم ژوورەی ئێستای بۆبیک سارد و



شێدارە، ژوورەکەی تۆ بۆ منداڵ باشە، نازدارەکەم، کەسەکەم، جارێ بگوێزەرەوە لای ئۆلا...

**ئیرینا:**

(تێ ناگا) بۆ کوێ؟

(دەنگی نزیکبوونەوەی زەنگۆڵەی عەرەبانەیەکی سێ ئەسپی دێ).

**نەتاشا:**

جارێ لەگەڵ ئۆلادا لە ژوورێکدا بژی و ژوورەکەی خۆت بدە بە بۆبیک... بۆبیک ئەوەندە بچووک و لاوازە نەبێتەوە. ئەمڕۆ پێم وت:" بۆبیکەکەم " کەچی ئەو بێ دەنگ بە چاوە بچووکەکانی سەیری کردم. (زەنگ لێ ئەدرێ) ڕەنگە ئۆلگا بێ... چەند درەنگ دێتەوە.

(کارەکەرەکە دێتە لای نەتاشا وەو بە گوێیدا ئەچرپێنێ)

پرۆتۆپۆپۆڤ؟... پیاوێکی سەیرە... هاتووە و داوا ئەکا لە گەڵیدا بە عەرەبانە بچین بۆ پیاسە؟ (پێ ئەکەنێ)... پیاوان چەند سەیرن. (زەنگ لێ ئەدرێ) یەکێک هات. ئەڵێم بۆ چارەکە سەعاتێک لەگەڵی بچم بۆ پیاسە (بۆ کارەکەرەکە) پێی بڵێ ئێستا دێم. (زەنگ لێ ئەدرێتەوە) لە زەنگ ئەدەن... ئەبێ ئۆلگا بێ. (ئەچێتە دەرێ).

(کارەکەرەکە ڕائەکا، ئیرینا دائەنیشێ و بیر ئەکاتەوە. کوڵیگین و ئۆلگا دێنە ژوورێ و ڤێرشینین لە دوایانەوە دێ).

**کوڵیگین:**

دە بخۆ دەی... لای خۆی وتیان لێرە ئاهەنگ ئەگێڕن!

**ڤێرشینین:**

سەیرە... کە من نیو سەعات لەمەوبەر جێم هێشتن، چاوەڕێی میوان نەبوون.

**ئیرینا:**

هەموویان ڕۆیشتوون!

**کوڵیگین:**

ماشاش ڕۆیشتووە؟ بۆ کوێ چوو؟ ئەی پرۆتۆپۆپۆڤ بۆچی لە خوارەوە بە عەرەبانەکەیەوە وەستاوە؟ چاوەڕێی کێ ئەکا؟

**ئیرینا:**

پرسیار لە من مەکە... من ماندووم!

**کوڵیگین:**

تۆ ئافرەتێکی سەیری!

**ئۆلگا:**

کۆبوونەوەکە ئێستا تەواو بوو، من زۆر ماندووم. بەڕێوەبەرەکەمان نەخۆشە و ئێستا من لە جێی ئەوم. سەرم دێشێ.. سەرم زۆر دێشێ. (دائەنیشێ) دوێنێ ئەندرێی دوو سەد ڕۆبڵی دۆڕاندووە... هەموو شار باسی ئەمە ئەکا!

**کوڵیگین:**

بەڵێ، منیش لە کۆبوونەوەکەمدا ماندوو بووم. (دائەنیشێ)

**ڤێرشینین:**

ژنەکەم زراوی بردم، خەریک بوو بمرێ. باش بوو سەلامەت دەرچوو. من بەمە کامەرانم و ئەحەسێمەوە... وا بزانم ئەبێ



بڕۆم... بیدۆر ئیلیچ، با بڕۆین بۆ شوێنێک... من ناتوانم لە ماڵەوە بمێنمەوە، ناتوانم... با بڕۆین!

**کوڵیگین:**

من ماندووم، نایەم. (هەڵئەستێ) ماندووم... ژنەکەم ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە؟

**ئیرینا:**

ئەبێ ڕۆیشتبێتەوە!

**کوڵیگین:**

(دەستەکانی ئیرینا ماچ ئەکا) ماڵئاوا، بەیانی و دوو بەیانی کاتی حەسانەوەیە. بە خۆشیتان. (ئەڕوا) زۆرم حەز لە چایە. وام ئەزانی ئێوارەیەکی پڕ لە ئاهەنگ بەسەر ئەبەم. "ئەی ئاواتی ڕوون و پاکی مرۆڤ!" ئەمە زاراوەیەکی سەرسامی دەربڕینە[٤٤].

**ڤێرشینین:**

کەواتە هەر خۆم ئەڕۆم. (بە فیکە لێدانەوە لەگەڵ کوڵیگیندا ئەچنە دەرێ).

**ئۆلگا:**

سەرم دێشێ، سەرم!... ئەندرێی دۆڕاندوویەتی و هەموو شار باسی ئەکا. ئەچم پاڵ ئەکەوم (ئەڕوا) بەیانی بێ ئیشم... ئای خوایە چەند خۆشە... بەیانی بێ ئیشم و... سەرم دێشێ، سەرم! (ئەچێتە دەرێ)

**ئیرینا:**

(بە تەنیا) هەموو ڕۆیشتن، کەسی لێ نەما! (دەنگی هارمۆنیا

لە شەقامەکەوە دێ. لەلەکە گۆرانی ئەڵێ.)

**نەتاشا:**

(پاڵتۆیەکی فەرووی لەبەردایە، شەبقەیەکی لەسەردایە، بەناو هۆڵەکەدا ئەڕوا و کارەکەرەکەشی بەدواوەیە) کەمێک ئەگەڕێم و پاش نیو سەعاتی تر دێمەوە.

(ئەچێتە دەرێ)

**ئیرینا:**

(بە تەنیا و پەستییەوە) ئەبێ بچین بۆ مۆسکۆ... بۆ مۆسکۆ... بۆ مۆسکۆ..

(پەردە دائەدرێتەوە)





## ڕووداوی سێیەم

*ژوورەکەی ئۆلگا و ئیرینایە. لای چەپ و ڕاستەوە جێگەی نووستنەکانیانە و بە پەردەیەک لە یەکتری جیا کراونەتەوە. سەعات سێی بەیانییە. لە دەرەوە بەهۆی ئەوەوە کە دەمێکی ئاگر بەربۆتەوە زەنگی نیشانەی ئاگرکەوتنەوە لێ ئەدرێ. دیارە هێشتا نەنوستوون. ماشا وەک جاران کراسێکی ڕەشی لەبەردایە و لەسەر قەنەفەیەک ڕاکشاوە. ئۆلگا و ئەندرێی دێنە ژوورێ.*

**ئەنفیسا:**

وا لە خوارەوە لەژێر پلیکانەکاندا دانیشتوون. پێیان ئەڵێم:" هیچ نییە " فەرموون وەرنە سەرەوە، کەچی ئەگرین و ئەڵێن:" نازانین باوکمان لەکوێیە، خوا بکا نەسووتابێ.. " بیر لە چی ئەکەنەوە.. حەوشەش خەڵکی لێیە.. ئەوانیش ڕووت و قووتن!

**ئۆلگا:**

(کراسێک لە کەنتۆرەکە دەردێنێ) ئەم کراسە خۆڵەمێشییەیان بۆ بەرە... ئەم بلووسەش.. لەلە گیان ئەم تەنوورەیەش بەرە.. ئەی ئەمە چییە؟ ئای خوایە، لەوە ئەچی هەموو ماڵەکانی کۆڵانی کیرسنۆڤسکی سووتابن و کوڵ و کۆیان دامردبێتەوە... ئەمە بەرە... ئەمەش بەرە (جلەکان ئەخاتە سەر دەستی لەلەکە) ماڵی ڤێرشینینی بەستەزمان تۆقیون، هێندەی نەمابوو

ماڵەکەیان بسووتێ... با شەو لێرە بمێننەوە... نابێ بهێڵین بچنەوە ماڵی خۆیان. فیدۆتیکی بەستەزمان هەرچییەکی هەبوو سووتاوە، هیچی بۆ دەرنەچووە.

**ئەنفیسا:**

ئۆلیوشکا[٤٥]، خۆزگە فیراپۆنتت بانگ بکردایە، من بە تەنیا ئەم شتانەم بۆ هەڵناگیرێن!

**ئۆلگا:**

(زەنگ لێ ئەدا) کەس نایە بە دەنگتەوە. (ڕووەو دەرگاکە) کێ لەوێیە؟ (لە دەرگا کراوەکەوە شەوقی پەنجەرە سوور هەڵگەڕاوەکە دیارە... دەنگی هاتنی دەستەی ئاگرکوژاندنەوە دێتە گوێ) ئەمە چەند ناڕەوایە! چەند بێزار بووم!

(فیراپۆنت دێتە ژوورێ)

**ئۆلگا:**

ها بیانگرە و بیانبەرە خوارێ. کچانی "کەلۆتیلین" لەژێر پلیکانەکەدان، بیاندەرێ... ئەمەشیان بدەرێ.

**فیراپۆنت:**

بەڵێ باشە... لە ساڵی دوازدەشدا مۆسکۆش سووتا[٤٦]، ئای خوایە، فەرەنسییەکان سەریان چەند سوورما بوو!

**ئۆلگا:**

بڕۆ دەرێ!

**فیراپۆنت:**

بەڵێ. (ئەچێتە دەرێ)



**ئۆلگا:**

لەلە گیان، هەموویان بدەرێ، هیچمان پێویست نییە، هەموویان بدەرێ. ئەوەندە ماندووم خۆم بەپێوە ناگرم. نابی بهێڵن خێزانی ڤێرشینین بچنەوە ماڵێ. با کچەکان لە ژووری میوان بنوون و ئەلێکساندەر ئیگناتیچ لەگەڵ بارۆندا لە خوارەوە بمێننەوە... با فیدۆتیکیش بچێتە لایان، یان با لە هۆڵەکە بنوێ. دوکتۆر چیبووتیکین وەک بە ئەنقەست بێ سەرخۆشە، ئەوەندە سەرخۆشە نابی کەسی لەلا بنوێ... با ژنەکەی ڤێرشینینیش لە هۆڵەکە بنوێ.

**ئەنفیسا:**

(بە ماندووییەوە) ئەلیوسکا گیان... دەرم مەکە.. دەرم مەکە..

**ئۆلگا:**

لەلە گیان، تۆ قسەی سەیر ئەکەی، کەس دەرت ناکا!

**ئەنفیسا:**

(سەری ئەخاتە سەر سنگی ئۆلگا) کەسەکەم... زێڕەکەم... من ڕەنج ئەدەم و ئیش ئەکەم، چونکە هێز و توانای جارانم نەماوە هەموو دەرم ئەکەن.. بۆ کوێ بڕۆم، بۆ کوێ؟ تەمەنم حەفتا ساڵە.. حەفتاو دووەمین ساڵمە...

**ئۆلگا:**

لەلە گیان دانیشە، تۆ ماندووی... بەسەزمان... (دایئەنیشێنێ) خۆشەویستەکەم بحەسێرەوە... ڕەنگت چەند زەر هەڵگەڕاوە.

**نەتاشا:**

ئەڵێن پێویستە بە پەلە کۆمەڵەیەک پێکەوە بنرێ بۆ یارمەتیدانی

ماڵ سووتاوەکان. ئێ، چییە؟ ڕایەکی نایابە.. لەڕاستیدا پێویستی سەر شانی دەوڵەمەندان ئەوەیە بەزووترین کات یارمەتی هەژاران بدەن. بۆبیک و سۆقۆچکا نوستوون و هەست ناکەن شتێک قەومابێ. ئێستا ئەوەندە قەڵەباڵغە بۆ هەر کوێیەک ئەچی، ماڵ پڕە... ئەنفلۆنزاش لە شاردا بڵاوبۆتەوە، ئەترسم منداڵەکان تووشی ببن.

**ئۆلگا:**

(گوێ لەو ناگرێ) ئەم ژوورە شوێنەواری ئاگری تێدا نییە... ئێرە هێمنە.

**نەتاشا:**

بەڵێ... ڕەنگە زۆر ژاکا بم! (لەبەر ئاوێنەکەدا) ئەڵێن قەڵەو بووم، ڕاست نییە... یەک تۆز چییە قەڵەو نەبووم... ماشا نوستووە، بەستەزمانە زۆر ماندووە. (بە ساردییەوە بۆ ئەنفیسا) تۆ لەبەر چاوی من نابێ دانیشی، هەستە.. لاچۆ لێرە. (ئەنفیسا ئەچێتە دەرێ، بێ دەنگییەک) تێ ناگەم، تۆ ئەم پیرێژنەت بۆچی ڕاگرتووە؟

**ئۆلگا:**

(بە پەلە) ببوورە، منیش تێ ناگەم!

**نەتاشا:**

بوونی هیچ پێویست نییە. ئەو جوتیارە و پێویستە لە لادێ بژی... بۆچی ئەوەندەتان داوە بە دەمییەوە؟ من حەزم لە ماڵی ڕیکوپێکە... (دەست بە ڕوومەتیدا دێنێ) بەستەزمان، تۆ ماندووی! بەڕێوەبەرەکەمان ماندووە.... کە سۆقۆچکای کچم



گەورە بوو و هاتە قوتابخانەکەت، ئەوسا لێت ئەترسم!

**ئۆلگا:**

من نابم بە بەڕێوەبەر.

**نەتاشا:**

ئۆلیچکا... بڕیار دراوە و هەڵت ئەبژێرن.

**ئۆلگا:**

ڕەتی ئەکەمەوە، ناتوانم... لە توانامدا نییە. (ئاو ئەخواتەوە) تۆ ئێستا لەگەڵ لەلەکەدا زۆر بە ڕەقی جووڵایتەوە... ببوورە من بەرگەی ئەمە ناگرم... بەری چاوم تاریک بووە...

**نەتاشا:**

(بە شڵەژاوییەوە) ببوورە ئۆلا، ببوورە... من مەبەستم ئەوە نەبوو دڵگیرت بکەم. (ماشا هەڵئەستێ، سەرینێک هەڵئەگرێ و بە تووڕەیییەوە ئەچێتە دەرێ)

**ئۆلگا:**

نازدارەکەم، ڕەنگە ئێمە بە شێوەیەکی سەیر پەروەردە کرابین، بەڵام من بەرگەی ئەمە ناگرم.. ئەم جۆرە پەیوەندییانە ئەمچەوسێننەوە، نەخۆشم ئەخەن و ئەمتاسێنن..

نەتاشا

ببوورە... ببوورە. (ماچی ئەکا)

**ئۆلگا:**

بچووکترین کاری ناڕەوا و ڕەق، یان وشەیەکی نەشیاو دڵە لەرزەم پێ ئەخەن!

**نەتاشا:**

ڕاستە، من زۆر جار قسەی زیادە ئەکەم، بەڵام نەشمیلەکەم پێی لێ بنێ کە ئەتوانێ لە لادێ بژی.

**ئۆلگا:**

سی ساڵە لە لامانە و ڕەنجمان لەگەڵ ئەدا.

**نەتاشا:**

بەڵام ئێستا ناتوانێ ئیش بکا! یان من تێ ناگەم، یان تۆ ناتەوێ لە من بگەی. توانای ئیشکردنی نەماوە و هەمیشە یان ئەنوێ یان دائەنیشێ.

**ئۆلگا:**

با دانیشێ...

**نەتاشا:**

(بە سەرسامییەوە) چۆن با دانیشێ؟ نازانی ئەو کارەکەرە؟ (بە فرمێسکەوە) ئۆلا، من تێت ناگەم... من لەلەی خۆمم هەیە، دایەنی منداڵم هەیە، کارەکەرمان هەیە، چێشتکەرمان هەیە، ئیتر ئەم پیرێژنەمان بۆچییە؟ بۆچیمانە؟

(لەودیو شانۆوە زەنگی ئاگر کەوتنەوە لێ ئەدرێتەوە)

**ئۆلگا:**

من ئەمشەو دە ساڵ پیر بووم!

**نەتاشا:**

ئۆلا، با ڕێک بکەوین... تۆ مامۆستای، من لە ماڵەوەم، تۆ خەریکی زانیاری و من کەیبانووم... کە من دەربارەی



ئیشکەرەکان شتێک ئەڵێم ئەزانم چی ئەڵێم! ئە... زا... نم.... چی... ئە... ڵێم! ئەبێ بەیانی ئەم پیرێژنە دز و خەڵەفاوە لێرە نەمێنێ (پێ ئەدا بە زەویدا) ئەم خێوە! نەخەڵەتابی لاساییم بکەیتەوە، نەخەڵەتابی! (لەپڕ دێتەوە سەر خۆی) لە ڕاستیدا ئەگەر تۆ نەگوێزیتەوە بۆ نهۆمی خوارەوە هەمیشە شەڕ و هەرامان ئەبێ... ئەمەش شتیکی زۆر خراپە!

(کوڵیگین دێتە ژووری)

**کوڵیگین:**

کوا ماشا؟ کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە... ئەڵێن ئاگرەکە خەریکە ئەکوژێتەوە. (خۆی ئەکێشێتەوە) هەر یەک گەڕەک سووتاوە.. لە سەرەتاوە با هەڵی کردبوو، وامان زانی هەموو شار گڕ ئەگرێ. (دائەنیشێ) هێزم لێ بڕاوە.. ئۆلیچکا نازدارەکەم، من زۆر جار بیر ئەکەمەوە گەر ماشا نەبوایە تۆم مارە ئەکرد.. ئۆلیچکا، تۆ زۆر نازداری، نەشمیلی... هێزم لێ بڕاوە.. (گوێ هەڵئەخا).

**ئۆلگا:**

چییە؟

**کوڵیگین:**

وەک بە ئەنقەست بێ، دوکتۆر دیسان سەرخۆشە... هەر ئەڵێی بە ئەنقەستە! (هەڵئەستێ) وا بزانم دێ بۆ ئێرە. (ئەچێتە لای کەنتۆرەکە و لە قوژبنەکەدا ئەوەستێ) ئای لەم چەتەیە!

**ئۆلگا:**

دوو ساڵ نەیخواردەوە، کەچی وا لە پڕ دەستی پێ کردەوە.

(لەگەڵ نەتاشادا ئەچنە ئەوپەڕی ژوورەکە)

(چیبووتیکین وەک نەیخواردبێتەوە بە قنجی دێتە ژوورێ، بە ژوورەکەدا هەنگاو ئەنێ، ئەوەستێ، سەیر ئەکا، دوایی دێتە لای دەستشۆرەکەوە و دەست ئەکا بە دەست شتن)

**چیبووتیکین:**

هەمووتان بە لەعنەت بن... سندانم لێ دان... هەرایە.. وام ئەزانی دکتۆرم و ئەتوانم چارەی هەموو نەخۆشییەک بکەم، کەچی هیچ نازانم... هەموو شتێکم لەبیر چۆتەوە... هەرچیم زانیوە هەموویم لەبیر چۆتەوە، هیچم لەبیر نەماوە. (بێ ئەوەی هەست پێ بکا ئۆلگا و نەتاشا ئەچنە دەرێ) شەیتان بە لەعنەت بی... چوارشەممەی ڕابوردوو لە زاسیپ ژنێکم تیمار ئەکرد، کەچی مرد.. من تاوانبارم، بەڵێ، بیست و پێنج ساڵێک لەمەوبەر هەندێ شتم ئەزانی، بەڵام هیچم لەبیر نەماوە.. هیچ... باشە، بەڵکو من مرۆڤ نەبم و بە خۆڕایی وا خۆم پیشان ئەدەم کە دەست و قاچ و سەرم هەیە... بەڵکو لەڕاستیدا من هەر نەبم و وا بزانم دێم و ئەچم و ئەخۆمەوە! (ئەگری) ئاخ، خۆزگە هەر نەبوومایە. (ژیر ئەبێتەوە و بە تووڕەییەوە) شەیتان ئەزانێ... سێ ڕۆژە لە یانە هەرایە و باسی شکسپیر و ڤۆڵتەر ئەکەن... من نەمخوێندوونەتەوە و هیچیان دەربارە نازانم، کەچی وا خۆم پیشان ئەدا کە خوێندوومنەتەوە.. ئەوانی تریش هەروەکو من بوون.. ئەمە نزمییە. ئەو ژنەشم هاتەوە بەرچاو کە چوارشەممە کوشتم و لەبەر چاوم ون نەئەبوو... دڵم گیراوە، ئەمە ناڕەوایە، کارێکی



چەوتە، تاوانە.

(ئیرینا و ڤێرشینین و توزینباخ دێنە ژوورێ. توزینباخ جل و بەرگی سەربازی لەبەردا نییە و جلێکی تازەی موڵکی بە پێی مۆدەی نوێ لەبەر کردووە.)

**ئیرینا:**

با لێرە دانیشین، کەس نایەتە ئێرە...

**ڤێرشینین:**

ئەگەر سەربازەکان نەبوونایە شار هەمووی ئەسووتا و کوڵ و کۆی دائەمردەوە. ئافەرین... (بە ڕەزامەندییەوە دەستەکانی لەیەک ئەخا) کۆمەڵە مرۆڤێکی زێڕینن! ئای لەو خەڵکە نایابانە!

**کوڵیگین:**

(دێتە لایانەوە) گەورەکانم، سەعات چەندە؟

**توزینباخ:**

لە سێ تێپەڕیوە. خەریکە دنیا ڕووناک ئەبێتەوە.

**ئیرینا:**

هەموو لە هۆڵەکە دانیشتوون و کەس ناڕوا، سەلیۆنییەکەی تۆش دانیشتووە. (بۆ چیبووتیکین) دوکتۆر، تۆ بۆ ناچی بنووی؟

**چیبووتیکین:**

گوێ مەدەرێ... سوپاس! (ڕیشی شانە ئەکا)

**کوڵیگین:**

(پێ ئەکەنێ) وەیش... وەیش ئیڤان ڕۆمانیش... (دەست ئەماڵێ بە شانیدا) ئافەرین.. ڕاستی لە مەی خواردنەوەدایە!

**توزینباخ:**

هەموو داوام لێ ئەکەن بۆ یارمەتی ماڵ سووتاوەکان ئاهەنگ بگێڕم.

**ئیرینا:**

ئەوە کێیە لەوێ؟

**توزینباخ:**

ئەگەر بمەوێ ئەتوانم ئەم ئاهەنگە ساز بکەم، بە ڕای من ماریا سێرگێیڤنا زۆر نایاب پیانۆ لێ ئەدا!

**کوڵیگین:**

زۆر نایاب!

**ئیرینا:**

بیری چۆتەوە... سێ چوار ساڵە پیانۆی لێ نەداوە!

**توزینباخ:**

لەم شارەدا کەس لە مۆسیقا نازانێ و تێی ناگا، یەک کەس تێی ئەگا... بەڵام من، من – بە ناموسم دڵنیاتان ئەکەم کە ماریا سێرگێیڤنا زۆر نایاب، بگرە وەک بەهرەدارێک پیانۆ لێ ئەدا!

**کوڵیگین:**

بارۆن، تۆ ڕاست ئەکەی... من ئەم ماشایەم زۆر خۆش ئەوێ... ئافرەتێکی مەزنە!

**توزینباخ:**

هەرچەندە ئەشزانێ کەس تێی ناگا، کەچی وا نایاب پیانۆ لێ ئەدا!



**کوڵیگین:**

(هەناسە هەڵئەکێشێ) بەڵێ، بەڵام شوورەیی نییە لە ئاهەنگدا بەشداری بکا؟ (بێ دەنگییەک) ڕەنگیشە شوورەیی نەبێ، گەورەکانم من نازانم... هەرچەندە بەڕێوەبەرەکەمان پیاوێکی چاکە، پیاوێکی زۆر چاکە، زیرەکە... بەڵام بیر و ڕای سەیری هەیە، هەرچەندە ئەو هەقی بە سەرمەوە نییە، بەڵام ئەگەر ئەتانەوێ من لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ ئەکەم.

(چیبووتیکین سەعاتێکی فەرفووری هەڵئەگرێ و سەیری ئەکا)

**ڤێرشینین:**

لە ئاگر کوژاندنەوەکەدا ئەوەندە پیس و چڵکن بووم لە هیچ ناچم. (بێ دەنگییەک) دوێنێ لەلاوە بیستم کە گوایە ئەیانەوێ " لیوا " سەربازییەکەمان بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی دوور... هەندێک ئەڵێن بۆ وڵاتی پۆڵۆنیا و هەندێکیش ئەڵێن بۆ چیتا .

**توزینباخ:**

منیش ئەمەم بیستووە – ئینجا چییە؟ ئەوسا شار بەتەواوی چۆڵ ئەبێ...

**ئیرینا:**

ئێمەش ئەڕۆین...

**چیبووتیکین:**

(سەعاتەکە ئەخاتە خوارێ و ئەیشکێنێ) ئاه.. ورد و خاش بوو!

(بێ دەنگییەک، هەموویان بەمە گرژ ئەبن)

**کوڵیگین:**

(پارچەکانی هەڵئەگرێتەوە) ئای ئیڤان ڕۆمانیچ... ئیڤان ڕۆمانیچ... چۆن ئەم شتە گرانبەهایە ئەشکێنی؟ لەسەر ئەم کردەوەیەت سفرت بۆ دائەنێم!

**ئیرینا:**

ئەم سەعاتە هی دایکی خوالێخۆشبووم بوو.

**چیبووتیکین:**

ڕەنگە هی دایکت بووبێ... ئینجا با هی دایکت بووبێ. ڕەنگە من نەمشکاندبێ، بەڵکو وا هاتبێتە بەر چاو کە من شکاندوومە. وا بزانم هەموومان هەروا تێ ئەگەین کە ئێمە هەین و کەچی لە ڕاستیشدا نین. من هیچ نازانم... کەس هیچ نازانێ (لای دەرگاکەوە) بۆچی سەیرم ئەکەن؟ نەتاشا لەگەڵ پرۆتۆپۆپۆڤدا ڕائەبوێرێ، کەچی ئێوە نایانبینن... ئێوە ئێستا لێرە دانیشتوون و هیچ نابینن... ناتاشا لەگەڵ پرۆتۆپۆپۆڤدا ڕائەبوێرێ (گۆرانی ئەڵێ) ئەم خورمایەتان ناوێ؟! (ئەچێتە دەرێ)

**ڤێرشینین:**

بەڵێ... (پێ ئەکەنێ) شتێکی چەند سەیرە... (بێ دەنگییەک) کە ئاگرەکە کەوتەوە من بە پەلە ڕام کردەوە بۆ ماڵێ، سەیر ئەکەم خانووەکەمان لە جێی خۆیەتی و مەترسی لەسەر نییە، کەچی هەردوو کچەکانم بە جلی ژێرەوە لەبەر دەرگا وەستاون و ژنەکەشم لە ماڵ نییە، خەڵک بەیەکدا دێن، سەگ و ئەسپ ڕائەکەن، کچەکانم تۆقیون و ڕوویان پێوە نەماوە. کە ڕوویانم



بینی شێت بووم... نەمزانی چی بکەم. بیرم کردەوە: خوایە ئاخۆ ئەم کچانە لە ژیاندا تووشی چ نارەحەتییەک بن! باوەشم پێدا کردن و فڕاندمن، هەر بیریشم لەوە ئەکردەوە ئەبی لەم جیهانەدا چییان بەسەر بێ. (زەنگی نیشانەی ئاگر کەوتنەوە لێ ئەدرێ. بێ دەنگییەک) کە هاتمە ئێرە سەیر ئەکەم دایکیان لێرەیە و هاوار ئەکا و توورە بووە! (ماشا بە سەرینێکەوە دێتە ژوورێ و لەسەر قەنەفەکە دائەنیشێ)

**ڤێرشینین:**

کە کچەکانم بە جلی ژێرەوە لەبەر دەرگاکە وەستابوون و شەقامەکە لەبەر ئاگر سوور هەڵگەڕابوو و گرمە و هەرا هەرا بوو، بیرم کەوتەوە، چەند ساڵێکی زۆر لەمەوبەر هەمان شت ڕووی داوە. ئەوسا دوژمن لەپڕ هێرشی هێنا و شاری تاڵان کرد و سووتاندی... لە ڕاستیشدا جیاوازی لەنێوان ئەمەی ئێستا و ئەوەی ئەوسادا چییە؟... ماوەیەکی تر بەسەر ئەچێ، دوو سەد سێ سەد ساڵێکی تر تێ ئەپەڕێ، ئەوسا بە ترسی پێکەنینەوە ئەڕواننە ئەم ژیانەی ئێستامان و بە ژیانێکی سەخت و پڕ لە مەینەتی و زۆر سەیری تێ ئەگەن... ئای ژیانێکی چۆن ئەبێ... چۆن ژیانێک ئەبێ! (پێ ئەکەنێ) لێم ببوورن، من دووبارە فەلسەفەم نواند! گەورەکانم، ڕێم بدەن بڕۆم. من ئێستا وام لێ هاتووە زۆر حەز ئەکەم فەلسەفە بنوێنم. (بێ دەنگییەک) هەموو ئەڵێی نوستوون. من پێتان ئەڵێم ژیانێکی چۆن ئەبێ! بیهێننەوە بەرچاوتان، ئێستا ئێوە سێ کەسن لەم شارەدا و کەسی تری وەک ئێوەی تێدا نییە، تەنها

سێ کەسن. بەڵام لە نەوەی داهاتوودا زۆرتر ئەبن، هەر زیاد ئەکەن و زیاد ئەکەن. کاتێکیش دێ بە ئارەزووی ئێوە هەموو شتێک ئەگۆڕێ و ژیان بەو جۆرەی لێ دێ کە ئێوە حەزی پێ ئەکەن، دوایی ئێوەش پیر ئەبن و مرۆڤی لە ئێوە باشتر پێ ئەگەن. (پێ ئەکەنێ) ئەمڕۆ من تاقەت و ئارەزوویەکی سەیرم هەیە، ئەمەوێ وەک شەیتان بژیم. (گۆرانی ئەڵێ) خۆشەویستی بە تەمەن نییە.. لە هەموو تەمەنێکدا هەر خۆشە. (پێ ئەکەنێ)

**ماشا:**

(بە دەم مۆسیقای بۆ لێ ئەدا) تڕام.... تڕام... تڕام!

**ڤێرشینین:**

تام.... تام!

**ماشا:**

تڕا .... ڕا .... ڕا!

**ڤێرشینین:**

تڕا .... تا .... تا! (پێ ئەکەنێ)

(فیدۆتیک دێتە ژوورێ)

**فیدۆتیک:**

(دانس ئەکا)... سووتا، هەمووی سووتا (پێ ئەکەنن)

**ئیرینا:**

ئەم قسە سەیرانە چین؟ چی هەمووی سووتان؟

**فیدۆتیک:**

(پێ ئەکەنێ) هەمووی، هیچ دەرنەچوو... گیتارەکە سووتا،



نیگارەکە سووتا، هەموو نامەکانم سووتان، دەفتەرێکی یاداشتم هەبوو ویستم پێشکەشتی بکەم، ئەویش سووتا.

(سەلیۆنی دێتە ژوورێ)

**ئیرینا:**

تکایە مەیە.. بڕۆ.. ڤاسیلی ڤاسیلیچ، هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە!

**سەلیۆنی:**

ئەی بۆچی بۆ بارۆن قەدەغە نییە و بۆ من قەدەغەیە؟

**ڤێرشینین:**

لەڕاستیدا ئەبێ بڕۆین... ئاگرەکە لەچیدایە؟

**سەلیۆنی:**

ئەڵێن خەریکە دائەمرکێتەوە. نەخێر زۆرم بەلاوە سەیرە، بۆچی بۆ بارۆن قەدەغە نییە و بۆ من قەدەغەیە؟ (شووشەی بۆنەکەی دەردێنێ و لە خۆی ئەپرژێنێ)

**ڤێرشینین:**

تڕام.... تام.... تام!

**ماشا:**

تڕام... تام!

**ڤێرشینین:**

(بە پێکەنینەوە بۆ سەلیۆنی) با بچینە هۆڵەکە.

**سەلیۆنی:**

باشە، ئەمەش ئەنووسین... لەڕاستیدا ئەمتوانی ئەم بیروڕایە باشتر ڕوون بکەمەوە، بەڵام ئەترسم قازەکان دڵگیر ببن!

(سەیری توزینباخ ئەکا... پێ ئەکەنێ) هی... هی... هی! (پێ ئەکەنێ لەگەڵ ڤێرشینین و فیدۆتیکدا ئەچنە دەرێ)

**ئیرینا:**

ئەم سەلیۆنییە هێندەی جگەرە کێشا، کردی بە چەرە دووکەڵ.
(بە دڵنیاییەکی کەمەوە) بارۆن نوستووە... بارۆن! بارۆن!

**توزینباخ:**

(ئاوڕ ئەداتەوە) لە ڕاستیدا ماندووم... کارگەی خشت... لە ڕاستیدا من بەرگەی ئەمە ناگرم، بەڵام بەم زووانە هەر ئەچم بۆ ئەم کارگەی خشتە و لەوێ ئیش ئەکەم... دەربارەی ئەمە قسەمان کردووە... (بە شێنەیی بۆ ئیرینا) ئەوە بۆچی وا زەرد هەڵگەڕاوی؟ تۆ هێندە نەشمیلیت، هێندە بێ وێنەی، من لەلام وایە ئەم زەردییەشت هەوای ڕەش وەک خۆر ڕووناک ئەکاتەوە.... تۆ پەست و ژیانی خۆتت بە دڵ نییە... لەگەڵم وەرە، لەگەڵم وەرە با بەیەکەوە بڕۆین و ئیش بکەین!

**ماشا:**

نیکۆلای لڤۆڤیچ، بڕۆرە دەرێ!

**توزینباخ:**

(پێ ئەکەنێ) تۆش لێرەی؟ کوای؟... چاوم لێت نییە!
(دەستی ئیرینا ماچ ئەکا) خوات لەگەڵ، من ئەڕۆم... من کە ئێستا سەیرت ئەکەم ئەو کاتە ڕابردووەم بیر ئەکەوێتەوە کە لە ڕۆژی بیرەوەری لەدایکبوونتدا چوست و چالاک و ڕووخۆش بوویت و دەربارەی کامەرانی قسەت ئەکرد. ئای ئەوسا ژیانم چەند بەختیار ئەهاتە بەرچاو! کوا ئەو ژیانە؟ (دەستی ماچ





ئەکا) ئەوە ئەگری؟ پاڵ کەوە، بنوو... وا ڕۆژ هەڵدێ، وا بەیانە، خۆزگە ڕێگام پێ بدرایە ژیانم لە پێناوی تۆدا بەخت بکردایە.

**ماشا:**

ئەوە چیتە نیکۆلای لڤۆڤیچ؟... بڕۆ دەرێ!

**توزینباخ:**

ئەڕۆم... (ئەچێتە دەرێ)

**ماشا:**

(پاڵ ئەکەوێ) فیدۆر... نوستووی؟

**کوڵیگین:**

ها؟

**ماشا:**

بۆ ناڕۆیتەوە؟

**کوڵیگین:**

ماشا نەشمیلەکەم، ماشا نازدارەکەم!

**ئیرینا:**

فێدیا[٤٧]، ماشا ماندووە، لێی گەڕێ با بحەسێتەوە.

**کوڵیگین:**

ژنە خۆشەویستەکەم، ئێستا ئەڕۆم، شانازەکەم، تاقانەکەم... خۆشم ئەوێی...

**ماشا:**

(بە تووڕەییەوە لاسایی ئەکاتەوە) خۆشم ئەوێی... خۆشت ئەوێم؟

**کوڵیگین:**

(پێ ئەکەنێ) درۆ ناکەم، زۆر نایابی... وا حەوت ساڵە تۆم هێناوە کەچی بە نامووسم ئەڵێی دوێنێیە. بەڕاستمە، تۆ ژنێکی نایاب و بێ وێنەی. من لە بەختی خۆم ڕازیم... ڕازیم... ڕازیم!

**ماشا:**

منیش بێزار بووم... بێزار بووم!... (هەڵئەسێ، دائەنیشێتەوە و قسە ئەکا) هەراسانی کردووم و وەک بزمار لە دڵم چەقیوە... ناتوانم بێ دەنگ ببم. من مەبەستم لە ئەندرێیە... ئەم خانووەمانی خستۆتە ڕەهنی بانقەوە و ژنەکەی هەموو پارەکەی لێ سەندووە. خۆ بە تەنیا خانووی ئەو نییە، هی هەر چوارمانە. ئەگەر پیاوێکی ڕێکوپێک بێ، ئەبێ ئەمە بزانێ.

**کوڵیگین:**

تۆ چیت داوە لەمە؟ ئەندرێی تووکی سەریشی قەرزە، لێی گەڕێ.

**ماشا:**

هەرچۆنێک بێ کارێکی ناڕەوایە. (پاڵ ئەکەوێ)

**کوڵیگین:**

ئێمە هەژار نین و پێویستمان پێی نییە. من ئیش ئەکەم، من لە قوتابخانە ئیش ئەکەم و دوای ئەوەش دەرس ئەڵێمەوە. من پیاوێکی ڕاست و ڕەوانم، پیاوێکی ساکارم، من وەک ئەڵێن لە شتی خۆمم پتر ناوێ و پێویستم بە شتی کەس نییە.

**ماشا:**

منیش پێویستم بە هیچ نییە، بەڵام ئەمە کارێکی خراپە، ناڕەوایە...



(بێ دەنگییەک) فیدۆر، تۆ بڕۆ..

**کوڵیگین:**

(ماچی ئەکا) تۆ ماندووی... نیو سەعاتێک بحەسێرەوە، منیش لەوێ دائەنیشم و چاوەڕێت ئەکەم... بنوو... (ئەڕوا) من لە بەختی خۆم ڕازیم... ڕازیم... ڕازیم!

(ئەچێتە دەرێ)

**ئیرینا:**

لەڕاستیدا ئەندرێی لەگەڵ ئەم ژنەدا بە تەواوی تواوەتەوە و وشک هەڵگەڕاوە و پیر بووە. جاران هەوڵی ئەدا ببێ بە پرۆفیسۆر، کەچی دوێنێ بەوە دڵخۆش بوو کە بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گوندەکان وەرگیراوە، ئەو ئەندامی کۆمیتە و پرۆتۆپۆپۆڤ سەرۆکیەتی، هەموو خەڵکی شار لەمە ئەدوێن و پێ ئەکەنن و بە تەنیا ئەو هیچ نابینێ و نازانێ. هەموو چوون بە هاواری ئاگر کوژاندنەکەوە کەچی ئەو خزاوەتە ژوورەکەی خۆی و گوێ ناداتە هیچ و هەر خەریکی کەمانچە لێدانە... (بە دەمار گیرییەوە) ئەمە بێ ماناییە... بێ ماناییە... بێ ماناییە... (ئەگری) من ناتوانم... ناتوانم لەمە پتر بەرگە بگرم... ناتوانم، ناتوانم!

(ئۆلگا دێتە ژوورێ و لای مێزە بچووکەکەی خۆیەوە پاک ئەکاتەوە)

**ئیرینا:**

(بە دەنگی بەرز ئەگری) فڕێم دەن... فڕێم دەن... من لەمە زیاتر ناتوانم!

**ئۆلگا:**

نەشمیلەکەم ئەوە تۆ چیتە؟ چیتە؟

**ئیرینا:**

(بە گریانەوە) کوا، چی لێ هات؟ چی لێ هات؟... کوا؟ ئای خوایە، خوایە هاوار... من هیچم لەبیر نەماوە، هیچم لەبیر نەماوە، مێشکم ئاڵۆزە و بیرم نەماوە بە ئیتاڵی بە پەنجەرە و بن میچ ئەڵێن چی!... هەموو شتێکم لەبیر ئەچێتەوە، رۆژ بەڕۆژ هیچم لەبیر نامێنێ و ژیانم بەرەو نەمان ئەچێ و هەرگیز ناگەڕێتەوە، وا دیارە ئێمە هەرگیز ناچین بۆ مۆسکۆ، دڵنیام کە هەرگیز ناچین.

**ئۆلگا:**

نەشمیلەکەم... نەشمیلەکەم! نازدارەکەم!

**ئیرینا:**

(خۆی ئەگرێ) ئاخ، من بەدبەختم، من ناتوانم ئیش بکەم، ئیش ناکەم، بەسە... ئیتر بەسە... ئەوسا لە دائیرەی تەلەگراف ئیشم ئەکرد.. ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی شار کار ئەکەم و هەرچییەکم ڕائەسپێرن بیکەم ڕقم لێیەتی و بێزم لێ دێتەوە و وا تەمەنم بیست و چوار ساڵە و دەمێکە ئیش ئەکەم. مێشکم پواوە، لاواز بووم، گێل بووم و پیر بووم کەچی هیچ خۆشی و دڵنیاییەکم نییە، کات ئەڕوات و منیش وا هەست ئەکەم لەم ژیانە خۆش و ڕازاوەیە ئەترازێم و دوور ئەکەومەوە و بەرەو نەمان ئەچم. دڵم تەزیوە و نازانم چۆن هەتا ئێستا خۆم نەکوشتووە! تێ ناگەم!



**ئۆلگا:**

مەگری کیژۆڵەکەم، مەگری... تۆ بگری من دڵم ئەگوشرێ.

**ئیرینا:**

ناگریم، ناگریم... بەسە، ئەه... ئیتر ناگریم! بەسە، بەسە...

**ئۆلگا:**

نازدارەکەم، من وەکو خوشکێک و وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز پێت ئەڵێم... ئەگەر بەگوێی من ئەکەی شوو بە بارۆن بکە!

**ئیرینا:**

(بە نزمی ئەگری)

**ئۆلگا:**

خۆ تۆ ڕێزی ئەگری و بە پیاوێکی بەرز و گرنگی ئەزانی. ڕاستە پیاوێکی جوان نییە، بەڵام پیاوێکی پاک و ڕێکوپێکە... خۆ خەڵک کە شوو ئەکەن مەرج نییە هەر بۆ خۆشەویستی شوو بکەن، بەڵکو پێویستی سەر شانیانە و بەجێی دێنن... هیچ نەبێ من خۆم وا بیر ئەکەمەوە و ئەگەر بۆم ڕێک بکەوتایە، بەبێ خۆشەویستیش شووم ئەکرد. هەر کەسێک بێت بۆ خوازبێنیم بەو مەرجەی مرۆڤێکی ڕێکوپێک بێ، شووی پێ ئەکەم... پیرەمێردێکیش بێ شووی پێ ئەکەم.

**ئیرینا:**

من بە تەما بووم بچین بۆ مۆسکۆ و لەوێ ئەو هاوسەری ڕاستەقینەیەی خۆم هەڵبژێرم و بیدۆزمەوە کە ئاواتی بۆ ئەخوازم و خۆشم ئەوێ، بەڵام وا دیارە ئەمانە هەر خەیاڵ بوون.

**ئۆلگا:**

(باوەش ئەکا بە خوشکەکەیدا) نازدارەکەم، خوشکە جوانکیلەکەم، من تێ ئەگەم... کە بارۆن وازی لە ئەفسەری هێنا و بە چاکەتەوە هات بۆ لامان ئەوەندە ناشیرین هاتە بەرچاوم گریام! لێی پرسیم:" بۆچی ئەگری" چۆنم پێ بوتایە؟... بەڵام ئەگەر تۆ بهێنێ ئەوە شتێکی ترە و من بەمە کامەران ئەبم.

(نەتاشا بە مۆمێکەوە، لای ڕاستەوە، بە پێشەوەی شانۆکەدا، بێ دەنگ بەرەو دەرگای لای چەپ ئەڕوا)

**ماشا:**

(دائەنیشێ) بە ڕۆیشتنەکەیدا ئەڵێی سووتاوە!

**ئۆلگا:**

ماشا تۆ کەری... تۆ لە هەموومان گێلتر و کەرتری... تکایە لێشم ببوورە کە وا ئەڵێم. (بێ دەنگییەک)

**ماشا:**

خوشکە نازدارەکەم... ئەمەوێ بە خەفەتەوە پێ لە گوناهی خۆم بنێم... بارێکی گرانە لەسەر دڵم... بۆ ئێوە پێ لە گوناهی خۆم ئەنێم و جارێکی تر هەرگیز بۆ کەس ئەمە ناکەم، هەر ئێستا پێتان ئەڵێم... (بە دەنگی نزم) هەر چەندە ئەمە نهێنی خۆمە بەڵام ئەبێ ئێوەش بیزانن. ناتوانم بێ دەنگ بم... (بێ دەنگییەک) من تووشی داوی دڵداری بووم... من دڵدارم! حەزم لەو پیاوە کردووە کە ئێستا هەمووتان بینیتان، بەڵێ چیتان لێ بشارمەوە، حەزم لە ڤێرشینین کردووە!



**ئۆلگا:**

(ئەچێتە پشت پەردەی بەشە ژوورەکەی خۆیەوە) لەم قسانە گەڕێ... من گوێت لی ناگرم!

**ماشا:**

چی بکەم. (بە دەستەکانی سەری خۆی ئەگرێ) لە سەرەتادا بە پیاوێکی سەیر هاتە بەر چاوم، دواییش بەزەییم پێدا هاتەوە، دواییش حەزم لێ کرد... بە هەموو کەموکوڕییەکییەوە حەزم لێ کردووە: بە خۆی و بە دەنگییەوە و بە بەدبەختییەکەیەوە و بە دوو کچەکانییەوە...

**ئۆلگا:**

(لە پشت پەردەکانەوە) هەرچی بڵێیت گوێت لێ ناگرم.

**ماشا:**

ئۆلگا، کەر مەبە، تازە حەزم لێ کردووە و بڕاوەتەوە. دیارە چارەنووسم وایە، ئەویش منی خۆش ئەوێ. بۆچی ئەمە شتێکی باش نییە؟ (دەستی ئیرینا ئەگرێ و ڕایئەکێشێ) ئای نازدارەکەم، چارەنووسمان چۆن بێ بەو جۆرە ئەژین. کە ڕۆمانێک ئەخوێنیتەوە وا ئەزانی هەرچی تێدایە ئاشکرایە و باسێکی کۆنە، بەڵام کە خۆت تووشی دڵداری ئەبی ئەوسا تێ ئەگەی کە کەس هیچ نازانێ و هەموو کەسێک ئەبێ خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدا. خوشکە نازدارەکەم، وا نهێنییەکەم بۆ ئاشکرا کردن و ئیتر بێ دەنگ ئەبم... ئیتر وەک شێتەکەی گۆگۆڵ بێ دەنگ ئەبم[٤٨]... بێ دەنگ ئەبم!

(ئەندرێی دێ و فێراپۆنت بە دوایدا)

**ئەندرێی:**

(بە تووڕەیییەوە) تۆ چیت ئەوێ؟ من تێ ناگەم!

**فیراپۆنت:**

(لەناو دەرگاکەدا، بە ورە بەردانەوە) ئەندرێی سیر گێیڤیچ، دە جارم پێ وتی چیم ئەوێ!

**ئەندرێی:**

من ئەندرێی سیرگێیڤیچی تۆ نیم، جەنابی بەگتم.

**فێراپۆنت:**

جەنابی بەگ... ئاگرکوژێنەرەوەکان تکات لێ ئەکەن کە ڕێگایان بدەی لە باخەکەوە بچن بۆ سەر ڕووبارەکە، چونکە ئێستا دەوراندەور ئەچن و زۆر دوورە و هێزیان لێ ئەبڕێ.

**ئەندرێی:**

باشە، پێیان بڵێ باشە! (فێراپۆنت ئەچێتە دەرێ)... بێزاریان کردم. کوا ئۆلگا؟ (ئۆلگا لە پشت پەردەکەوە دێتە دەرێ) کلیلی کەنتۆرەکەم بدەرێ چونکە ئەوەی خۆم لێ ون بووە... تۆ کلیلێکی بچووکت هەیە.

**ئۆلگا:**

(بە بێ دەنگ کلیلەکەی ئەداتێ. ئیرینا ئەچێتە بەشە ژوورەکەی خۆی لە پشت پەردەکەوە. بێ دەنگییەک)

**ئەندرێی:**

ئاگرێکی چەند گەورە و فراوان بوو! تازە ئەکوژێتەوە و دائەمرکێتەوە. شەیتان بە لەعنەت بێ. ئەم فێراپۆنتە تووڕەی



کردم و منیش قسەی قۆڕم پێ وت: جەنابی بەگ! قسەی قۆڕ!... (بێ دەنگییەک) ئۆلگا، بۆ تۆ قسە ناکەی؟ (بێ دەنگییەک) کاتی ئەوە هاتووە ئەوەندە فوو نەکەیتە خۆت. تۆ زۆر نایاب ئەژیت. ماشا، ئەوە تۆش لێرەی؟ ئیریناش لێرەیە، زۆر چاکە. هەموو شتێک بە یەک جار ڕوون ئەکەینەوە. پێم بڵێن، ئێوە چیتان هەیە دژی من؟... چیتان هەیە؟

**ئۆلگا:**

ئەندرێی واز بێنە، بەیانی باسی ئەمە ئەکەین (ئەشڵەژێ) شیوێکی چەند دڵتەزێنە!

**ئەندرێی:**

(زۆر بە بێزارییەوە) مەترسە، من زۆر بە خوێن ساردییەوە لێتان ئەپرسم: چیتان هەیە دژی من؟ بەڕاستی پێم بڵێن.

**دەنگی ڤێرشینین:**

تڕام..... تام.... تام!

**ماشا:**

(هەڵئەسێ و بە دەنگی بەرز) تڕا... تا.... تا!

(بۆ ئۆلگا) ئۆلا خوات لەگەڵ! (ئەچێتە ئەودیو پەردەی بەشە ژوورەکەی خۆیەوە. ئیرینا ماچ ئەکا) بێ خەم بنوو. ئەندرێی خوات لەگەڵ. بڕۆ، ماندوون! بەیانی باسی بکەن (ئەچێتە دەرێ)

**ئۆلگا:**

ئەندرێی، ڕاست ئەکا... با بیخەینە بەیانی... (ئەڕواتە بەشە ژوورەکەی خۆی، لە پشت پەردەکەوە) ئێستا کاتی نوستنە.

**ئەندرێی:**

خێرا ئەیڵێم و ئەڕۆم. ڕاوەستە، یەکەم: ئێوە شتێکتان هەیە دژی نەتاشای ژنم و من لە یەکەم ڕۆژی ژن هێنانەکەمەوە هەستم بەمە کردووە. من ڕام دەربارەی نەتاشا ئەوەیە کە مرۆڤێکی نایاب و پاک و بە شەرەف و بە وەفایە. من ژنەکەمم خۆش ئەوێ و ڕێزی ئەگرم... تێ ئەگەن؟ ڕێزی ئەگرم و ئەبێ خەڵکی تریش ڕێزی بگرن. دووبارەی ئەکەمەوە: ژنێکی پاک و بە شەرەف و بە وەفایە و ببوورن کە ئەڵێم ئێوە لە داخا حەزتان لە چارەی نییە. (بێ دەنگییەک) دووەم: ئێوە لەوە دڵگیر بوون کە من پرۆفیسۆر نیم و خەریکی کاروباری زانیاری نیم، بەڵام من لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گوندەکاندا ئیش ئەکەم و ئەندامی کۆمیتەکەم و ئەم ئیشەم وەک زانیاری لەلا پیرۆزە... ئەگەر حەزیش ئەکەن بزانن، من شانازی بە ئەندامێتی ئەم کۆمیتەیەوە ئەکەم... (بێ دەنگییەک) سێیەم: ئەمەوێ پێی لێ بنێم من لەوەدا تاوانبارم کە بەبێ پرسی ئێوە خانووەکەم خستۆتە ڕەهنەوە... لەمەدا تاوانبارم، پێی لێ ئەنێم، بەڵام قەرزاری ناچاری ئەمەی کردم... من سی و پێنج هەزار ڕۆبڵ قەرزار بووم. من ئێستا قومار ناکەم و دەمێکە وازم لێ هێناوە. کچینە، ئەوەی کە ئەتوانم بۆ خۆ پەڕاندنەوە بیڵێم ئەوەیە کە ئێوە مووچەی تەقاویتیتان هەیە و من نیمە و ناچار بووم ئەمە بکەم... (بێ دەنگییەک)

**کوڵیگین:**

(لە دەرگاکەوە) نەتاشا لێرە نییە؟ (بە شڵەژاوییەوە) لە کوێیە؟... (ئەچێتە دەرێ)



**ئەندرێی:**

گوێم لێ ناگرن... نەتاشای ژنم ئافرەتێکی نایاب و پاک و بە شەرەفە. (بەبێ دەنگ بە شانۆکەدا هات و چۆ ئەکا، دوایی ڕائەوەستێ) کە ژنم هێنا وام ئەزانی بەختیار ئەبین... وام ئەزانی هەموومان بەختیار ئەبین، بەڵام ئەی خوایە!... (ئەگری) خوشکە نازدارەکەم... خوشکە خۆشەویستەکانم... بڕوا بە من مەکەن... بڕوام پێ مەکەن! (ئەچێتە دەرێ)

**کوڵیگین:**

(لە ناو دەرگاکەدا، بە شپرزەییەوە) کوا ماشا؟ ماشا لێرە نییە؟ شتیکی سەیرە! (ئەچێتە دەرێ).

(زەنگی ئاگر بەرزبوونەوە لێ ئەدرێتەوە. سەر شانۆ چۆڵە.)

**ئیرینا:**

(لە پشت پەردەی ژوورەکەی خۆیەوە) ئۆلگا، ئەوە کێیە لە زەوییەکە ئەدا؟

**ئۆلگا:**

ئەوە دکتۆر ئیڤان ڕۆمانیچە... سەرخۆشە!

**ئیرینا:**

شەوێکی چەند ناهەموارە!... (بێ دەنگییەک) ئۆلگا... (لە پشت پەردەکەوە سەر دەردێنێ) بیستووتە؟ لەشکرەکە لێرە ناهێڵن و ئەیانگوێزنەوە بۆ شوێنێکی دوور.

**ئۆلگا:**

ئەمە هەر قسەیە!

**ئیرینا:**

ئینجا ئەوساش بە تەنیا ئەمێنینەوە!

**ئۆلگا:**

ئێ؟

**ئیرینا:**

نەشمیلەکەم، نازدارەکەم... من ڕێزی بارۆن ئەگرم و نرخی ئەزانم... پیاوێکی نایابە... قایلم شووی پێ بکەم، شووی پێ ئەکەم، هەر بەو مەرجەی بچین بۆ مۆسکۆ. لێت ئەپاڕێمەوە، با بچین. لە هەموو جیهاندا لە مۆسکۆ خۆشتر نییە... با بچین. ئۆلا، با بچین!

(پەردە دائەدرێتەوە)



## ڕووداوی چوارەم

*(باخێکی کۆنی ماڵی پرۆزۆرۆڤە. ڕووبارەکە لەوسەری ئەو ڕێگا درێژەوە دیارە کە لە هەردوو لایەوە دار سنەوبەر هەڵچوون. ئەوبەری ڕووبارەکە دارستانە، لای ڕاست تارمەی ماڵەکەیە، لە تارمەکە مێز دانراوە و بوتڵ و پەرداخی لەسەرن، دیارە کە دەمێک نییە شەمپانیای لێ خوراوەتەوە. سەعات دوازدەی نیوەڕۆیە. جار جار لە شەقامەکەوە خەڵک بە باخەکەدا ئەڕۆن بۆ لای ڕووبارەکە و پێنج شەش سەربازێکیش بە خێرایی بەرەو ئەوێ ئەچن.)*

***

چیبووتیکین دڵی خۆشە و ئەم دڵخۆشییەی بە درێژایی ڕووداوی چوارەم لە ڕوودا دیارە... لەسەر کوسییەک لە باخەکەدا دانیشتووە و چاوەڕێیە بانگی بکەن. کاسکێتێکی لەسەردایە و گۆچانێکی بەدەستەوەیە. کوڵیگێن بێ سمێڵە و (نۆت) خەڵاتی لە ملدایە. لەگەڵ ئیرینا و توزینباخدا لە تارمەکە وەستاون. فیدۆتیک و ڕۆدێ بەڕێ ئەکەن کە جلی ڕێگا و سەفەریی ئەفسەرییان لەبەردایە و بەرەو خوارەوە ئەچن.

**توزینباخ:**

(لەگەڵ فیدۆتیکدا یەکتری ماچ ئەکەن) تۆ پیاوێکی باشی و ئێمە دۆستانە کاتمان بە یەکەوە بەسەر برد. (لەگەڵ ڕۆدێدا

یەکتری ماچ ئەکەن) جارێکی تریش... خۆشەویستەکانم، خواتان لەگەڵ، بۆ بە یەک گەیشتنەوە!

**ئیرینا:**

خواتان لەگەڵ، بە یەک ئەگەینەوە.

**فیدۆتیک:**

جارێکی تر بە یەک ناگەینەوە، ماڵئاوا! جارێکی تر هەرگیز یەکتری نابینینەوە.

**کولیگین:**

کێ ئەزانێ! (چاوەکانی ئەسڕێ و زەردەخەنە ئەیگرێ) وا منیش گریام!

**ئیرینا:**

ڕۆژێک لە ڕۆژان بەیەک ئەگەینەوە!

**فیدۆتیک:**

دە – پازدە ساڵی تر؟.. ئەوساش بە حاڵ یەکتری ئەناسینەوە و بە ساردییەوە چاکوچۆنی لە یەکتری ئەکەین. (وێنەیان ئەگرێ) بووەستن... جارێکی تریش، بۆ یادگاری دوا جار.

**ڕۆدی:**

(باوەش ئەکا بە توزینباخدا) جارێکی تر یەکتری نابینینەوە (دەستی ماچ ئەکا) سوپاس بۆ هەموو شتێک... بۆ هەموو شتێک...

**فیدۆتیک:**

(بە خەفەتەوە) دە ڕاوەستە!



**توزینباخ:**

خوا بیکا بە یەک بگەینەوە... نامەمان بۆ بنووسن، ئەبێ بۆمان بنووسن!

**ڕۆدێ:**

(سەیرێکی باخەکەی دەوروبەر ئەکا) درەختەکان خواتان لەگەڵ... (هاوار ئەکا) هۆپ[٤٩].... هۆپ... (بێ دەنگی) خوات لەگەڵ ئەی دەنگدانەوە!

**کولیگین:**

ژن هێنان لە پۆڵۆنیا چی چاکییەکی تێدایە؟ ژنە پۆڵۆنی باوەش ئەکا بە پیاودا و ئەڵێ:" کۆخانیێ"[٥٠]. (پێ ئەکەنێ)

**فیدۆتیک:**

(سەیری سەعاتەکەی ئەکا) لە سەعاتێکمان کەمتر ماوە... لە لیواکەمان تەنیا سەلیۆنی بە سواری پاپۆڕ ئەڕوا، ئەوانی تر، هەموومان، لەگەڵ پیادەکاندا ئەڕۆین. ئەمڕۆ سێ بەتالیۆن ئەڕۆن و بەیانیش سیانی تر، ئەوساش شار کشومات و هێمن ئەبێ...

**توزینباخ:**

شار بێ تاقەت ئەبێ.

**ڕۆدی:**

ئەی ماریا سیر گێیڤنا لە کوێیە؟

**کوڵیگین:**

لەناو باخەکەدایە.

**فیدۆتیک:**

با خوا حافیزی لێ بکەین.

**ڕۆدی:**

ماڵئاوا... با بڕۆین، ئەگینا ئەگریم. (بە پەلە باوەش ئەکا بە توزینباخ و کوڵیگیندا و دەستەکانی ئیرینا ماچ ئەکا). ئێمە لێرە زۆر خۆش ژیاین!

**فیدۆتیک:**

(بۆ کوڵیگین) ئەم کتێب و قەڵەمەت پێشکەش بن بۆ یادگار. ئێمە لێرەوە ئەچین بۆ لای ڕووبارەکە. (ئەڕۆن و هەردووکیان ئاوڕ ئەدەنەوە).

**ڕۆدێ:**

(هاوار ئەکا) هۆپ!... هۆپ!

**کوڵیگین:**

(هاوار ئەکا) خواتان لەگەڵ.

(لە قووڵایی شانۆکەدا فیدۆتیک و ڕۆدێ بە ماشا ئەگەن و ماڵئاوایی لێ ئەکەن و ئەویش لەگەڵیان ئەچێتە دەرێ)

**ئیرینا:**

ڕۆیشتن!... (لەسەر پلەی خوارەوەی پلیکانەی تارمەکە دائەنیشێ)

**چیبووتیکین:**

بیریان چوو خوا حافیزی لە من بکەن!

**ئیرینا:**

ئەی تۆ؟



**چیبووتیکین:**

منیش لە بیرم چوو! هیچ نییە، بەم زووانە بە یەک ئەگەینەوە... بەیانی منیش ئەڕۆم. بەڵێ، یەک ڕۆژم ماوە، ساڵێکی تریش خانەنشین ئەبم و دیسان دێمەوە ئێرە و ژیانم چەندی ماوە لای ئێوە بە سەری ئەبەم. تەنها ساڵێکم ماوە خانەنشین ببم. (ڕۆژنامەکەی دەستی ئەخاتە گیرفانێکیەوە و ڕۆژنامەیەکی تر لە گیرفانێکی تری دەردێنێ) ئەوساش دێمەوە لاتان و بە تەواوی ڕێبازی ژیانی خۆم لە ڕەگ و ڕیشەوە ئەگۆڕم و ئەبم بە پیاوێکی هێمن و بە وەفا و ڕێکوپێک!

**ئێرینا:**

بەڵێ، پێویستە ژیانی خۆت بگۆڕی.. هەرچۆنێک بێ ئەبێ بیگۆڕی.

**کوڵیگین:**

چاک نابێ... چیبووتیکین چاک نابێ، ناگۆڕێ!

**چیبووتیکین:**

دێمەوە لای تۆ و شتت لێوە فێر ئەبم و ئەوساش چاک ئەبم و ئەگۆڕێم.

**ئیرینا:**

فیدۆر لەوەتی سمێڵی تاشیوە... ناتوانم سەیری بکەم!

**کوڵیگین:**

ئینجا چییە؟

**چیبووتیکین:**

حەزم ئەکرد بڵێم ئێستا ڕوخسارت لە چی ئەچێ، بەڵام ناتوانم بیڵێم!

**کوڵیگین:**

هەر ئەوەیە!... ڕێبازی ژیان وایە.. بەڕێوەبەرەکەشمان بێ سمێڵە، منیش هەر کە بووم بە "پشکنەر" تاشیم... کەس ئەمەی بە دڵ نییە و حەزی لەمە نییە، بەڵام لای من جیاوازی نییە. من سمێڵم هەبێ و سمێڵم نەبێ دڵم پێی خۆشە! (دائەنیشێ). (لە قووڵایی شانۆکەوە ئەندرێی لە لانکێکی بچووکدا منداڵێکی نوستوو دێنێ)

**ئیرینا:**

ئیڤان رۆمانیچ... بەرخۆڵەکەم... کەسەکەم... من بێ سنوور شپرزەم... تۆ دوێنێ لە باخی گشتی بووی، پێم بڵێ لەوێ چی ڕووی داوە؟

**چیبووتیکین:**

چی ڕووی داوە؟ هیچ... هیچی وا نییە. (رۆژنامەیەک ئەخوێنێتەوە) گوێ مەدەرێ!

**کوڵیگین:**

ئەڵێن گوایا دوێنێ سەلیۆنی و بارۆن لە نزیک شانۆی باخەکە بەیەک گەیشتن.

**توزینباخ:**

ئەوە چییە؟ دە بیبڕنەوە! (دەستی ڕائەوەشێنێ و ئەڕوا)

**کوڵیگین:**

سەلیۆنی لە نزیک شانۆکە بەرەنگاری بارۆن بووە و لێی نەبۆتەوە و ئەویش خۆی پێ نەگیراوە و قسەیەکی مزری پێ وتووە.



**چیبووتیکین:**

نازانم، ئەمانە قسەی قۆڕن.

**کوڵیگین:**

سەیرە، ئەڵێن گوایا سەلیۆنی حەزی لە ئیرینا کردووە و چاوەکانی بە بارۆن هەڵنایەن و زۆر ڕقی لێیەتی... حەقیەتی، ئیرینا کچێکی زۆر جوانە، بگرە کەمێکیش لە ماشا ئەچێ، وەک ئەویش هێمن و لەسەرخۆیە. هەر چەندە ڕەوشتی ماشاش زۆر چاکە بەڵام ئیرینا نەرمترە. من ماشام خۆش ئەوێ! (لە قووڵایی باخەکەوە، لە پشت شانۆوە، دەنگی " ئا ... هۆپ... هۆپ " دێ)

**ئیرینا:**

(دائەچڵەکێ) من ئەمڕۆ ترسم لێ نیشتووە (بێ دەنگییەک) هەموو شتێکم ئامادەیە و پاش نانی نیوەڕۆ شتەکانم ڕەوانە ئەکەم. بەیانی بارۆن مارەم ئەبڕێ و هەر بەیانیش ئەچین بۆ کارگەی خشتەکە و دوو بەیانی ئەچمە قوتابخانە و ژیانێکی تازەم دەست پێ ئەکا، خواش یارمەتیم ئەدا. ئەو کاتەی تاقیکردنەوەی قوبوڵم دا و بە مامۆستا وەرگیرام لە خۆشیدا گریام و سوپاسی خوام کرد!... (بێ دەنگییەک) ئێستا عەرەبانەکە دێ بۆ شتەکان.

**کوڵیگین:**

ئاوا... بەڵام لەوە ئەچێ ئەمەتان زۆر بە ڕاست نەبێ... هەر بیرێکە و بە مێشکتاندا هاتووە و شتی ڕاستەقینەی کەم تێدایە... هەر چۆنێک بێ، لە کانگای دڵمەوە هیوای بەختیاریت بۆ ئەخوازم.

**چیبووتیکین:**

(بە هەستێکی ناسکەوە) نازدارەکەم، زێڕەکەم، جێی شانازییەکەم. تۆ زۆر دوور ڕۆیشتی و ئێمە پێت ناگەین. من لە دواوە ماومەتەوە. من وەک ئەو مەلە پیرە وام کە لە پۆل جێ ماوە و ناتوانێ لەگەڵیاندا بفڕێ و کۆچ بکا... نەشمیلەکانم ئێوە بفڕن... بفڕن... خواتان لەگەڵ، بفڕن... (بێ دەنگی) فیدۆر ئیڤانیچ، تۆ بە خۆڕایی سمێڵەکەت تاشیوە!

**کولیگین:**

با وا بێ (هەناسە هەڵئەکێشێ) وا ئەمڕۆ لیواکە ئەڕوا و هەموو شتێک وەک جارانی لێ دێتەوە. هەرچییەک ئەڵێن با بیڵێن، بەڵام ماشا ئافرەتێکی چاک و ڕەوشت پاکە و من زۆرم خۆش ئەوێ و سوپاسی خوا ئەکەم کە بە نسیبم بووە – چارەنووسی خەڵکی جیاوازە – کۆزیریۆڤ ناوێک هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی باج سەندن کار ئەکا، لە قوتابخانەدا بە یەکەوە بووین و لەسەر ئەوەی لە زمانی لاتینیدا خراپ بوو لە پۆلی پێنجەم دەریان کرد... ئێستا هەر سکاڵا ئەکا و نەخۆشە و کە ئەیبینم بە لاتینی قسەی لەگەڵدا ئەکەم، ئەویش هەر بە لاتینی وەرامم ئەداتەوە و ئەکۆکێ... من لە ژیانمدا بەختم یارە و هەموو شتێکم دەستگیر بووە. خەڵاتی ستانیسلاڤی پلەی دووەمم هەیە و ئێستا خۆم لاتینی بە خەڵکی تر ئەڵێمەوە. بێ گومان من زیرەکم و لە زۆر کەسی تر زیرەکترم، بەڵام بەختیاری بەمە نییە!

(لە ماڵەوە ئاوازی " نوێژی پەرییەکان[٥١] بە پیانۆ لێ ئەدرێ)



**ئیرینا:**

سبەی ئێوارە ئیتر گوێم لەم نوێژی پەرییانە نابێ و پرۆتۆپۆپۆڤیش نابینم (بێ دەنگییەک) پرۆتۆپۆپۆڤ هاتووە و ئێستا لە ژووری میوان دانیشتووە.

**کولیگین:**

ئەی بەڕێوەبەرەکە هێستا نەهاتووە؟

**ئیرینا:**

نەخێر... ناردوویانە بە شوێنیدا... خۆزگە بتزانیایە چەندم لا گرانە لێرە بە تەنیا، بە بێ ئۆڵگا بژیم. ئەو ئێستا لە قوتابخانە ئەژی، بەڕێوەبەرە. ئەو بە درێژایی ڕۆژ بە ئیشەوە خەریکە و من لێرە تەنیام و تاقەتم چووە و هیچ نییە بیکەم و ڕقم لەو ژوورەش هەستاوە کە تیایدا ئەژیم... هاتووشمەتە سەر ئەو ڕایەی ئەگەر مۆسکۆم بە نسیب نەبێ ئەبێ ڕابێم. دیارە چارەنووسم وایە و چارەنووسیش ناگۆڕێ. ڕاستە کە ئەڵێن هەموو شتێک لە خواوەیە... توزینباخ داخوازی کردم، چی تێدایە؟ منیش بیرم لێ کردەوە و بڕیارم دا... پیاوێکی چاکە و بگرە نایابە، زۆر باشە... لە پڕ وام زانی گیانم باڵی گرتووە: دڵم خۆش بوو، ژیانم ئاسان بوو و دووبارە ویستم ئیش بکەم... ئیش بکەم... بەڵام دوێنێ شەو شتێک ڕووی دا، نهێنییەک باڵی بە سەردا کێشام.

**چیبووتیکین:**

قسەی قۆڕ!

**نەتاشا:**

(لە پەنجەرەکەوە) بەڕێوەبەر گەیشت!

**کوڵیگین:**

بەڕێوەبەر گەیشت، با بڕۆین...

(لەگەڵ ئیرینادا ئەچنە ژوورێ)

**چیبووتیکین:**

(ڕۆژنامەکە ئەخوێنێتەوە و لەسەرخۆ گۆرانی ئەڵێ)

تاڕا.... ڕا............ بووم... لەسەر کورسی دانیشتووم...

(ماشا نزیک ئەبێتەوە، لە قووڵایی شانۆدا ئەندرێی لانکێکی پێیە).

**ماشا:**

لێرە بۆ خۆی دانیشتووە و نابزوێ!

**چیبووتیکین:**

ئینجا چییە؟

**ماشا:**

(دائەنیشێ) هیچ!... (بێ دەنگییەک) تۆ دایکمت خۆش ئەویست؟

**چیبووتیکین:**

زۆر!

**ماشا:**

ئەی ئەو تۆی خۆش ئەویست؟



**چیبووتیکین:**

(پاش بێ دەنگییەک) ئەمەم لە بیر نەماوە.

**ماشا:**

پیاوەکەم لێرەیە؟ جاران مارفای چێشتکەریش بە پۆلیسەکەی خۆی ئەوت " پیاوەکەم ".. پیاوەکەم لێرەیە؟

**چیبووتیکین:**

هێشتا نەهاتووە.

**ماشا:**

کاتێ بە ڕێکەوت و تۆزە تۆزە بەختیاریت دەستگیر ئەبێ و لە دواییشدا وەک من لە دەستت ئەچێ وردە وردە قسەت ڕەق ئەبێ... (ئیشارەت بۆ سەر سنگی خۆی ئەکا) من ئەمەم ئەکوڵێ...

(سەیری ئەندرێی برای ئەکا کە لانکەکە دێنێ) ئەوە ئەندرێی برامان.. هەموو ئاواتەکانی تێک شکاون... هەزارەها کەس زەنگۆڵەی کلێسەکەیان بەرز کردەوە... پارەیەکی زۆر و ماندوو بوونێکی زۆر بە فیڕۆ دران، کەچی لەپڕ کەوت و شکا... لە پڕ و بە بێ هۆ، وەک ئەندرێی شکا[٥٢].

**ئەندرێی:**

ئەرێ ئەم ماڵە کەی هێمن ئەبێتەوە؟ ئەم دەنگە دەنگە چییە؟

**چیبووتیکین:**

بەم زووانە. (سەیری سەعاتەکەی ئەکا) سەعاتەکەی من کۆنە، بەڵام زەنگیش لێ ئەدا... (قورمیشی ئەکا و لێ ئەدا) بەتالیۆنی

یەکەم و دووەم و پێنجەم سەعات یەکی تەواو بار ئەکەن و ئەڕۆن. (بێ دەنگییەک) منیش بەیانی ئەڕۆم.

**ئەندرێی:**

بە یەکجاری؟

**چیبووتیکین:**

نازانم، ڕەنگە ساڵێکی تر بگەڕێمەوە... مەگەر شەیتان بزانێ... جیاوازی نییە! گوێ مەدەرێ! (لە دوورەوە دەنگی کەمانچە و گیتار دێ...)

**ئەندرێی:**

شار چۆڵ ئەبێ و وەک بە پەردەیەکی ئەستوور داپۆشرابێ وای لێ دێ. (بێ دەنگییەک) ئەرێ دوێنێ لای شانۆکەوە چی رووی داوە؟ هەموو هەر باسی ئەمە ئەکەن، کەچی من نازانم چ باسە!

**چیبووتیکین:**

هیچ نەبووە... شتێکی هیچ و پووچ بووە.. سەلیۆنی بە بارۆنەوە نووساوە و لێی نەبۆتەوە، ئەویش هەڵچووە و زویری کردووە، دواییش وای لێ هاتووە سەلیۆنی بانگی کردووە بۆ شەڕی بەرامبەریی[٥٣] (سەیری سەعاتەکەی ئەکا) وا دیارە کاتی هاتووە.. بڕیارە سەعات دوازدە و نیو لەو دەشتایی دەوڵەتییەدا کە لەوبەر رووبارەکەوە دیارە بەرامبەر یەکتری بووەستن و تاق... تاق... یەکێکیان یەکێکیان بکوژێ. (پێ ئەکەنێ) سەلیۆنی وا ئەزانێ بووە بە لێرمەنتۆڤ و بگرە دەستیشی کردووە بە هۆنراوە نووسین، هەرچەندە سەیرە، بەڵام ئەمە سێیەم شەڕی بەرامبەرییەتی!



**ماشا:**

هی کێ؟

**چیبووتیکین:**

هی سەلیۆنی.

**ماشا:**

ئەی بارۆن؟

**چیبووتیکین:**

بارۆنی چی؟ (بێ دەنگییەک)

**ماشا:**

من مێشکم ئاڵۆزە... لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێم نابێ ڕێگای ئەم شەڕەیان بدرێ... سەلیۆنی ئەتوانێ بارۆن بریندار بکا، یان ئەتوانێ بیکوژێ!

**چیبووتیکین:**

بارۆن پیاوێکی باشە، بەڵام بارۆنێک کەم یان بارۆنێک زیاد هیچ ناگۆڕێت. لێیان گەڕێ... گوێ مەدەرێ! (لە پشت شانۆوە هاوارێک دێ: " ئا... هۆپ... هۆپ!...") ڕاوەستە، ئەوە سکۆڤۆرتسۆڤە ئەقیرێنێ... ناوبژیوانیانە[٥٤] و لە بەلەمێکدا دانیشتووە. (بێ دەنگییەک)

**ئەندرێی:**

من وا هەست ئەکەم بەشداریکردن لە شەڕی بەرامبەریدا یان ئامادەبوونی هەتا بگرە بە شێوەی دکتۆریش لەنێوانیاندا شتێکی ناڕەوا و دڕندانەیە.

**چیبووتیکین:**

ئەمە هەر هەستکردنە و هیچی تر... ئێمە بوونمان نییە، جیهان هیچی تێدا نییە... ئێمە ناژین، هەر بە خەیاڵ وا ئەزانین کە ئەژین و هەین... جیاوازی نییە! گوێ مەدەرێ!

**ماشا:**

بە درێژایی ڕۆژ هەر قسە ئەکەن و نایبڕنەوە (ئەڕوا) وا خەریکە باران ئەبارێ. دە وەرە لەم ئاووهەوایەدا بژی و ئەم قسانەشت گوێ لێ بن.. (ئەوەستێ) من ناچمەوە بۆ ماڵەوە.. ناتوانم بڕۆمەوە... ئەگەر ڤێرشینین هات پێم بڵێن (بە ڕاستە ڕێگا پڕ لە درەختەکەدا ئەڕوا) وا باڵندەی کوێستان و گەرمیانکەر دەرکەوتن. (سەیری ئاسمان ئەکا) قاز و قوڵنگن؟[٥٥]... ئای مەلە نازدارەکانم، مەلە بەختیارەکانم.... (ئەڕوا)

**ئەندرێی:**

ماڵەکەمان چۆڵ ئەبێ، ئەفسەرەکان ئەڕۆن، ئێوەش ئەڕۆن، خوشکەکانم شوو ئەکەن و ئەڕۆن و بە تەنها من لەم ماڵەدا ئەمێنمەوە.

**چیبووتیکین:**

ئەی ژنەکەت؟

(فیراپۆنت بە چەند پەڕە کاغەزێکەوە دێ)

**ئەندرێی:**

ژن هەر ژنە. ژنەکەم ڕێکوپێک و ڕەوشت بەرز و بە بەزەییە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو لایەنە چاکانەشدا شتێکی تێدایە کە لە ڕادەی کەم ئەکاتەوە و ئەیگەیەنێتە پلەی گیانلەبەرێکی بچووک



و کوێر و زبر! بە کورتی ژنەکەم مرۆڤ نییە. من ئەم قسانە لەگەڵ تۆدا ئەکەم، چونکە بە تاقە دۆستت ئەزانم کە بتوانم نهێنی دەروونی خۆمت بۆ ئاشکرا بکەم. ڕاستە من نەتاشام خۆش ئەوێ، ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام هەندێ جار ئەوەندە نارەسەن دێتە بەرچاوم کە ئاگام لە خۆم نامێنێ و تێ ناگەم لەبەر چی خۆشم ئەوێ، یان ڕاستتر لەبەر چی خۆشم ویستووە!

**چیبووتیکین:**

(هەڵدەستێ) براکەم، من بەیانی ئەڕۆم و ڕەنگە ئیتر هەرگیز جارێکی تر یەکتری نەبینینەوە، بەڵام ئەم ئامۆژگارییەی منت لەبیر بێ: شەبقەکەت بکەرە سەرت و گۆچانەکەت بگرە بە دەستەوە و ماڵ بەجێ بێڵە و بڕۆ... بێ ئاوڕدانەوە بڕۆ، هەتا دوورتریش بڕۆی باشترە!

(سەلیۆنی لەگەڵ دوو ئەفسەردا لە قووڵایی شانۆکەوە ئەڕۆن. کە چیبووتیکین ئەبینێ بەلایدا لا ئەکاتەوە، ئەفسەرەکان لەسەر ڕۆیشتنیان بەردەوامن.)

**سەلیۆنی:**

دوکتۆر، با بڕۆین... وا سەعات دوازدە و نیوە.

(لەگەڵ ئەندرێیدا ڕۆژباش ئەکا)

**چیبووتیکین:**

هەر ئێستا... مێشکت بردم، بێزارت کردم... (بۆ ئەندرێی) ئەندریوشا، هەر کەسێک هەواڵی پرسیم بڵێ ئێستا دێتەوە.

(هەناسە هەڵئەکێشێ) ئاخ... ئاخ... ئاز...

**سەلیۆنی:**

فریای نەکەوت هەناسە بدا.. ورچەکەی پەلاماری دا[٥٦] (لەگەڵی ئەڕوا) پیرەمێرد، ئەو لرخە لرخەت لە چییە؟

**چیبووتیکین:**

چی؟

**سەلیۆنی:**

تەندروستیت چۆنە؟

**چیبووتیکین:**

(بە تووڕەیییەوە) زۆر چاکم!....[٥٧]

**سەلیۆنی:**

ئەم پیرەمێردە بە خۆڕایی خۆی سەغڵەت ئەکا. من زۆر زیانی پێ ناگەیەنم، هەر کەمێک برینداری ئەکەم و.... وەک تاقتاقکەرە تێی ئەسرەوێنم. (شووشەی بۆنەکەی دەردێنێ و لە دەستەکانی خۆی ئەپرژێنێ) ئەمرۆ شووشەکە هەرچییەکی تێدا بوو کارم کرد، کەچی هێشتا بۆنێکی سەیری لێ دێ، بۆنی لاشەی مردووی لێ دێ. (بێ دەنگییەک) ئاوا... ئەرێ ئەو شیعرەت لەبەرە کە ئەڵێ:" ڕەوشتی وەک گەردەلوول وایە، بۆ گەرداو ئەگەڕێ، وەک هێمنی و فەرامۆشی لە گەرداوا بێ"

**چیبووتیکین:**

بەڵێ... فریا نەکەوت هەناسە بدا، ورچەکە پەلاماری دا...

(لەگەڵ سەلیۆنیدا ئەچێتە دەرێ)

(دەنگی هاوارێک دێ: هۆپ! ئا... ئەندرێی و فێڕاپۆنت دێن)



**فێڕاپۆنت:**

ئەم پەڕانە ئیمزا بکە.

**ئەندرێی:**

(بە تووڕەیییەوە) لێم گەڕێ... لێت ئەپاڕێمەوە، لێم گەڕێ.

(بە لانکەکەوە ئەچێتە دەرێ)

**فێڕاپۆنت:**

ئەم پەڕانە بۆ ئەوە ئامادە کراون ئیمزا بکرێن.

(ئەچێتە قوولایی شانۆکەوە)

(ئێریان و توزینباخ دێن. توزینباخ شەبقەیەکی پووشی لە سەردایە. کوڵیگین بە شانۆکەدا ئەڕوا و هاوار ئەکا: هێی، ماشا... هێی!)

**توزینباخ:**

وا دیارە ئەم پیاوە تاکە کەسە لەم شارەدا بەوە دڵی خۆشە کە سوپاکە لێرە ئەگوێزنەوە.

**ئیرینا:**

ئەمە ئاشکرایە... (بێ دەنگییەک) شارەکەمان چۆڵ ئەبێ!

**توزینباخ:**

نەشمیلەکەم، ئێستا دێمەوە.

**ئیرینا:**

بۆ کوێ ئەچی؟

**توزینباخ:**

ئەبێ بچمە ناو شار و دواییش برادەرەکانم بەڕێ ئەکەم.

**ئیرینا:**

نیکۆلای، ڕاست بڵێ، ئەمڕۆ تۆ بۆچی وا پەشۆکاوی؟ (بێ دەنگییەک) دوێنێ لە نزیک شانۆکەوە چی ڕووی داوە؟

**توزینباخ:**

(بە جووڵانەوەیەکی بێ ئارامییەوە) نەشمیلە بێ وێنەکەم، سەعاتێکی تر دێمەوە بۆ لات. (دەستی ماچ ئەکا و ئەڕوانێتە دەموچاوی) من پێنج ساڵە تۆم خۆش ئەوێ کەچی هێشتا پێت ڕانەهاتووم و ڕۆژ بەڕۆژ لەلام جوانتر ئەنوێنی... ئای لەم قژە ئەفسانەیییە... ئای لەم چاوانە... بەیانی لەگەڵ خۆم ئەتبەم، ئیش ئەکەین و دەوڵەمەند ئەبین و ئاواتەکانم سەرلەنوێ ئەبووژێنەوە. تۆ بەختیار ئەبی، بەڵام یەک شت هەیە: تۆ منت خۆش ناوێ.

**ئیرینا:**

ئەمە بە دەست خۆم نییە.. من ژنێکی بەوەفا و گوێڕایەڵت ئەبم، بەڵام خۆشەویستی لە دڵمدا نییە، بڵێم چی؟ (ئەگری) من هەرگیز لە ژیانمدا کەسم خۆش نەویستووە... من لە زۆر دەمێکەوە بە ئاواتی ئەوەوەم یەکێکم خۆش بوێ... شەو و ڕۆژ بە ئاواتەوە بووم، بەڵام دڵم وەک پیانۆیەکی گرانبەها وایە کە کلیلەکەی ون بووبێ! (بێ دەنگییەک)... چاوەکانت شڵەژاون!

**توزینباخ:**

بە درێژایی شەو نەنووستم... من لە ژیاندا هیچ شتێکی سامناکم نییە بمترسێنێ، بەڵام هەر ئەم کلیلە ونبووە گیانم



ئەشڵەژێنێ و ناهێڵێ بنووم... قسەیەک بکە. (بێ دەنگییەک) قسەیەک بکە.

**ئیرینا:**

چی؟ چی بڵێم؟... چی؟

**توزینباخ:**

هەرچییەک بێ.

**ئیرینا:**

بەسە... بەسە! (بێ دەنگییەک)

**توزینباخ:**

لە ژیاندا شتی چەند هیچ و پووچ لە پڕ و بێ هۆ گەورە و گرینگ ئەبن... هەر وەک جاران ئەم شتانە بە هیچ نازانی و پێکەنینت پێیان دێ، بەڵام هەر ئەڕۆی و هەست ناکەی کە هێزی ئەوەت نییە بوەستیتەوە. ئاخ.... با باسی ئەمە نەکەین... من دڵم خۆشە، ئەڵێی یەکەم جارە ئەم سنەوبەر و دار کەتان و بریۆزانە ئەبینم... وا ئەزانم بە جۆرێک سەیرم ئەکەن وەک بڵێی چاوەڕێی شتێکم لێ بکەن. ئای لەم درەختە جوانانە! پێویستە ژیانێکی چەند جوان و ڕازاوەشیان لێوە نزیک بێ! (هاوارێک: ئا... هۆپ... هۆپ!..) کاتی ڕۆیشتن هاتووە. ئەو درەختە وشک بووە کەچی با لەگەڵ ئەوانی تردا ئەیشەکێنێ... وا بزانم کە منیش مردم بە شێوەیەک بەشداری ژیانی دەوروپشتم هەر ئەکەم... نەشمیلەکەم، خوات لەگەڵ.. (دەستەکانی ماچ ئەکا) پەڕە کاغەزەکانت لەژێر ڕۆژژمێری سەر مێزەکەدان.

**ئیرینا:**

منیش لەگەڵت دێم.

**توزینباخ:**

(بە شڵەژاوییەوە) نەخێر... نەخێر... (بە خێرایی ئەڕوا و لەسەر ڕاستە ڕێ پڕ لە درەختەکە ڕائەوەستێ) ئیرینا!...

**ئیرینا:**

چی؟

**توزینباخ:**

(نازانێ بڵێ چی) ئەمڕۆ قاوەم نەخواردۆتەوە، پێیان بڵێ با بۆم لێنێن!... (بە خێرایی ئەڕوا).

(ئیرینا وەستاوە، بیر ئەکاتەوە... دوایی ئەچێتە قووڵایی شانۆکەوە و لەسەر جۆلانەیەک دائەنیشێ، ئەندرێی بەلانکەکەوە دێ. فێراپۆنت دەرئەکەوێ).

**فێراپۆنت:**

خۆ ئەو پەڕە کاغەزانە هی من نین، هی میرین و من نەمنووسیون.

**ئەندرێی:**

کوا ژیانی ڕابردووم؟ کوا ئەو کاتانەی لاو و دڵخۆش و زیرەک بووم! کوا ئەو کاتەی دڵم پڕ بوو لە ئاوات و بیروڕای ڕازاوە! کوا ئەو کاتەی ژیانی ڕۆژانەم پڕ بوو لە هیوا! بۆچی هەر کە ژیانی ڕاستەقینەمان دەست پێ ئەکا بێ تاقەت و مۆن و بێزار و تەمەڵ ئەبین و گوێ نادەینە هیچ و بێ کەڵک و بەدبەخت ئەبین؟ ئەم شارەمان دوو سەد ساڵە دامەزراوە و سەد هەزار



کەسی تێدا ئەژی کەچی خەڵکەکەی هەموو وەک یەکن... نە لە ڕابردوودا و نە ئێستا یەک تاقە زانا و هونەرمەندێک و پیاوێکی ناسراوی تێدا پەیدا نەبووە کە حەز بکەی وەک ئەو بی و لاسایی بکەیتەوە! هەر ئەخۆن و ئەخۆنەوە و ئەنوون و دوایی ئەمرن.. هی تر لە دایک ئەبن و دیسان ئەخۆن و ئەخۆنەوە و ئەنوون و بۆ ئەوەی لە بێزاریدا هار نەبن ژیانیان بە خواردنەوەی ڤۆدگای قوزەڵقورت و قومار و کاری ناڕەوا ئەڕازێننەوە. ژنان ناپاکی لە مێردەکانیان ئەکەن و پیاوەکانیان درۆ ئەکەن و خۆیان وا دەرئەخەن هیچ نابینن و هیچ نابیسن، و کارێکی خراپ ئەکەنە سەر منداڵان و تیشکی خواییان تێدا ئەکوژێننەوە و ئەوانیش وەک دایک و باوکەکانیان هیچ و پووچ دەرئەچن و چوون یەک وەک مردوویان لێ دێ. (بە تووڕەییەوە بۆ فێراپۆنت) چیت ئەوێ؟

**فێراپۆنت:**

چی؟ ئەم پەڕانە ئیمزا بکە.

**ئەندرێی:**

تۆ هەراسانت کردم.

**فێراپۆنت:**

(پەڕە کاغەزەکانی ئەداتێ) ئێستا دەرگاوانی دائیرەی میری وتی کە زستان لە پیتەربورگ پلەی ساردی دوو سەدی ژێر سفر بووە[٥٨].

**ئەندرێی:**

قێزم دێتەوە... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە بیر لە پاشەڕۆژ

ئەکەمــەوە دڵم خۆش ئەبێ، هێـمن ئەبمەوە، جیـهـان لەبەرچاوم فـــراوان ئەبێ و تیـــشک لـە دوورەوە دەرئـەکـــەوێ و ئـازادی ئەبینم... ئەبینـم چۆن منداڵـەکـانم لە ژیانی نـاڕەوا و خـواردنی شـەربەتی گـەنم و گۆشت قـاز بە کـەلەرمـەوە و نوسـتنی دوای نانی نیوەڕۆ و لەسەر ورگی خەڵک لەوەڕاندن ڕزگاریان ئەبێ.

**فێراپۆنت:**

ئەڵێن دوو هـەزار کــەس ڕەق بوونەتـەوە، ئەڵێن گـەل تۆقــیـوە، زراوی چووە، بـە تەواویش نـازانم ئـایا ئـەمــە لـە مـۆسـکۆ ڕووی داوە یان لە پیتەربورگ... بیرم نەماوە.

**ئەندرێی:**

(هەسـتی ناسک ئـەبێتـەوە) خـوشکە نـازدارەکـەم... خـوشکە نایابەکەم (بە فرمێسکەوە) ماشا گیان!

**نەتاشا:**

(لە پەنجەرەکـەوە) ئەوە کێیە وا ئەشـیـڕێنێ؟ ئەندریۆشـا ئەمـە تۆی؟ سـۆفـۆچکا[٥٩] خـەبـەر ئەکـەیتـەوە.. دەنگە دەنگ مـەکـەن، سـۆفـیـا نوسـتـووە.. نـوسـتـووە.. ئێـوە ورچن[٦٠] (تووڕە ئەبێ) ئەگــەر ئەتـەوێ قــســـە بکـەی، لانکەکـە بدە بە یەکــێکـی تر... فێراپۆنت لانکەکە لە بەگ وەرگرە..

**فێراپۆنت:**

بەڵێ باشە. (لانکەکەی لێ وەرئەگرێ)

**ئەندرێی:**

(بە گرژییەوە) من لەسەرخۆ قسە ئەکەم!



**نەتاشا:**

(لەودیو پەنجـەرەکـەوە کـوڕەکـەی ئەلاوێنێـتـەوە) ئەی بۆبیکە چەقاوەسوو.. بۆبیک، بۆبیکی بێ ئابڕوو!

**ئەندرێی:**

(ســەیری پەڕە کـاغـەزەکـان ئەکـا) باشـە سـەیریان ئەکـەم و ئەوانەی پێویست بوون ئیمـزایان ئەکەم و دوایی بیانبـەرەوە بۆ دائیرە.

(ئەچێتە ماڵەوە، کاغەزەکان بە ڕێگاوە ئەخوێنێتەوە، فێڕاپۆنت لانکەکە ئەباتە ئەوسەری باخەکە)

**نەتاشا:**

(لەودیو پـەنجـەرەکـەوە) بۆبیک... دایکت ناوی چییـە؟ دڵەکـەم، دڵەکـەم... ئەمـە کـێـیـە؟ ئەمـە پوورە ئـۆلگایە... بە پـوورت بڵێ: ڕۆژباش پوورە ئۆلا! (کچ و کوڕێکی مـۆسیـقـاژەن کەمـانـچە و گیتـار لێ ئەدەن، ڤێرشـینین و ئۆلگا و ئەنفیسـا لە مـاڵ دێنە دەرێ، دەقـیـقـەیەک بە بێ دەنگی گوێ ئـەگرن... ئـیـرینا دێتـە پێشەوە.

**ئۆلگا:**

باخــەکــەمــان وەک ســەر ڕێگـای لێ هاتووە، بە پیـادەیی و بە سواری پیایدا ئەڕۆن. لەلە گیان شتێک بدە بەو مۆسیقاژەنانە.

**ئەنفیسا:**

(پارە ئەدا بە مـۆسـیـقـاژەنـەکان) خـۆشـەویسـتـەکانم، فـەرمـوون خــواتان لەگــەڵ (مــۆسـیــقــاژەنەکـان ئـەچەمــێنـەوە و ئەڕۆن)

خەڵکێکی بێ دەرەتانن، ئەگەر تێر بن ئەوە ناکەن. (بۆ ئیرینا) ئاریشا[٦١] ڕۆژباش (ماچی ئەکا) ئای کیژەکەم، هێشتا ماوم و نەمردووم... ماوم... ئێستا لە خانوویەکی میری سەر بە قوتابخانەکەدا، لەگەڵ ئەلیۆشکادا ئەژیم، خوا ئەوەی لە کۆتایی تەمەنمدا بۆ ڕەخساندووم. منی گوناهبار لەوەتی لەدایک بووم وەک ئێستا نەژیاوم. خانووەکە گەورەیە و هی میرییە. من لەوێ ژوورێکی سەربەخۆ و چەرپایەکم هەیە... هەموو شتەکانیش هی میرین. شەو خەبەرم ئەبێتەوە و بیرئەکەمەوە: ئەی حەزرەتی مریەم! لە جیهاندا لە من کامەرانتر نییە!

**ڤێرشینین:**

(سەیری سەعاتەکەی ئەکا) ئۆلگا سیرگێیڤنا، ئێستا ئەڕۆین. من درەنگمە. (بێ دەنگییەک) خۆشیت ئەخوازم.... ئەی ماریا سیرگێیڤنا لە کوێیە؟

**ئیرینا:**

لەناو باخەکەیە، وا ئەڕۆم ئەیدۆزمەوە.

**ڤێرشینین:**

دەی تکات لێ ئەکەم، پەلەمە...

**ئەنفیسا:**

منیش ئەچم بەدوایدا ئەگەڕێم. (هاوار ئەکا) ماشینکا...[٦٢] هێی!

(لەگەڵ ئیرینادا بەرەو ئەوپەڕی باخەکە ئەچن) هێی! هێی! هێی!



**ڤێرشینین:**

هەموو شتێک کۆتایی دێت.. وا ئێمەش لەیەک جیا ئەبینەوە (سەیری سەعاتەکەی ئەکا) شتێکیان داینێ لە خواردنی بەیانی ئەچوو... شەمپانیامان خواردەوە، سەرۆکی شار قسەی کرد، من هەرچەندە ئەمخوارد و گوێم لەو ئەگرت، بەڵام دڵم هەر لێرە بوو... لای ئێوە بوو... (سەیری باخەکە ئەکا) لەگەڵتاندا ڕاهاتووم!

**ئۆلگا:**

تۆ بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکتری ببینینەوە؟

**ڤێرشینین:**

ڕەنگە یەکتری نەبینینەوە. (بێ دەنگییەک) ژنەکەم و دوو کچەکانم دوو مانگی تر لێرە ئەمێننەوە، تکایە ئەگەر شتێک ڕووی دا یان پێویستییەکیان هەبوو...

**ئۆلگا:**

بەڵێ، بەڵێ... بێ گومان، دڵنیابە، (بێ دەنگییەک) بەیانی شار یەک سەربازی تێدا نامێنێ و تەنها یادگارییان ئەمێنێتەوە و بێ گومان ژیانێکی تازەمان دەست پێ ئەکا (بێ دەنگییەک) لە ژیاندا هیچ شتێک بە ئارەزووی خۆمان نابێ. من حەزم ئەکرد ببم بە بەڕێوەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا بووم بە... ئەمە مانای ئەوەیە ئیتر ناچم بۆ مۆسکۆ.

**ڤێرشینین:**

ئێ... سوپاس بۆ هەموو شتێک. ببوورن ئەگەر شتێکی ناڕەوام

کردبێ. من زۆرم وت و قسەم زۆر کرد... بۆ ئەمەش لێم ببوورن و بە خراپ یادم مەکەنەوە!

**ئۆلگا:**

(چاوەکانی ئەسڕێ) ماشا بۆچی دیار نییە؟

**ڤێرشینین:**

لەماڵئاواییدا چی ترتان پێ بڵێم؟ دەربارەی چی فەلسەفە بنوێنم؟ (پێ ئەکەنێ) ژیانێکی سەختە... زۆرمان وا تێ ئەگەین کە ژیان رەق و بێ ئەنجامە، بەڵام ئەبێ پێی لێ بنێین کە بەرە بەرە ڕوونتر و ئاسانتر ئەبێ و ڕەنگە ئەو ڕۆژە زۆر دوور نەبێ کە بە تەواوی ڕووناک ئەبێتەوە. (سەیری سەعاتەکەی ئەکا) من درەنگمە، ئەڕۆم. لە سەرەتادا ژیانی مرۆڤ پڕ بوو لە شەڕ و هەرا و هەر خەریکی هاتوچۆ و هێرشبردن و سەرکەوتن بوو، ئێستا ئەم شتانەمان نەماون و ژیان بۆشاییەکی گەورەیە و هیچ شتێک نییە پڕی بکاتەوە... بەڵام مرۆڤ بەردەوام و بێ برانەوە بە دوایدا ئەگەڕێ و بێ گومان هەر ئەیدۆزێتەوە. ئاخ، خۆزگە زوو ئەمە ببوایە! (بێ دەنگییەک) ئاخ خۆزگە ڕۆشنبیری بخرایە سەر ئیشکردن و ئیشکردن بخرایە سەر ڕۆشنبیری. (سەیری سەعاتەکەی ئەکا) من پەلەمە....

**ئۆلگا:**

وا هات. (ماشا دێ)

**ڤێرشینین:**

هاتووم ماڵئاوایی بکەم. (ئۆلگا بۆ ئەوەی ڕێگای ماڵئاواییان لێ نەگرێ کەمێک دێتە ئەم لاوە).



**ماشا:**

(سەیری دەموچاوی ئەکا) خوات لەگەڵ. (ماچێکی دوور و درێژ)

**ئۆلگا:**

خوات لەگەڵ. (ماشا بە کوڵ ئەگری)

**ڤێرشینین:**

نامەم بۆ بنووسە، بیرت نەچێ... بەرم دە بابڕۆم... ئۆلگا سیرگێیڤنا، دووری بخەرەوە.. پەلەمە، کاتی ڕۆیشتنە، دوا کەوتم. (بە شپرزەیی دەستەکانی ئۆلگا ماچ ئەکا، دوایی جارێکی تریش باوەش ئەکا بە ماشادا و بە پەلە ئەڕوا.)

**ئۆلگا:**

ماشا بەسە... نەشمیلەکەم بەسە... (کوڵیگین دێ)

**کوڵیگین:**

(بە شڵەژاوییەوە) هیچ نییە، با بگری! ماشا نازدارەکەم، ماشا دڵ نەرمەکەم، تۆ ژنمی و هەرچییەک ڕووبدا من کامەرانم، من سکاڵا ناکەم... هیچ گلەییت لێ ناکەم، با ئۆلگا شاهید بێ، سەرلەنوێ وەک جاران ئەژین: نە قسەیەکت پێ ئەڵێم و نە گلەییەکت لێ ئەکەم.

**ماشا:**

(لە گریان ئەوەستێتەوە) چنار و لاولاو سەریان گرتووە گیر... من بۆ کێ ئەگریم بە کێ ئەمکەن ژیر!... من شێت ئەبم، بە کێ ئەمکەن ژیر... ئەمکەن ژیر...[٦٣]

**ئۆلگا:**

ماشا هێمن بەرەوە.. ئاوی بۆ بێنن!

**ماشا:**

ئیتر وا ناکەم...

**کولێگین:**

وا ژیر بووەوە... ژنێکی بە بەزەییییە! (لە دوورەوە تەقەی گوللەیەکی کپ دێ).

**ماشا:**

چنار و لاولاو سەریان گرتووە گیر..... من بۆ کێ ئەگریم بەکێ ئەمکەن ژیر... من بۆ کێ ئەگریم... پشیلەکە سەوزە... چنارەکان سەوزن... لێم تێک چووە.. (ئاو ئەخواتەوە) ژیانێکی بێ ئەنجامە... گوێ مەدەرێ... چنار و لاولاو... ئەمە چییە؟ ئەمە مانای چییە؟ ئەم وشانە بۆچی لە مێشکمدا ئەزرنگێنەوە؟... مێشکم ئاڵۆزە! (ئیرینا دێ)

**ئۆلگا:**

ماشا هێمن بەرەوە... ئاوا... خوشکە زێڕینەکەم... با بچینە ژوورێ.

**ماشا:**

(بە تووڕەییەوە) من ناچمە ئەوێ! (ئەگری و یەکسەر بێ دەنگ ئەبێتەوە) ئیتر ناچمەوە ماڵێ!

**ئیرینا:**

دەبا پێکەوە دانیشین، با بە بێ دەنگی دانیشین... من بەیانی کۆچ ئەکەم.(بێ دەنگییەک)



**کولێگین:**

دوێنێ لە پۆلی سێیەم ڕیش و سمێڵێکی دەسکردم لە کوڕێک سەند.

(ڕیش و سمێڵێک بە ڕووی خۆیەوە ئەنووسێنێ) بەمانەوە لە مامۆستای زمانی ئەڵمانی ئەچم. (پێ ئەکەنێ) وا نییە؟ ئەم کوڕانە سەیرن...

**ماشا:**

ڕاست ئەکەی، لە ئەڵمانەکەی لەمەڕ خۆت ئەچی!

**ئۆلگا:**

(پێ ئەکەنێ) بەڵێ! (ماشا ئەگری)

**ئیرینا:**

ماشا دە بەسە، بیبڕەوە.

**کولێگین:**

زۆر لەو ئەچم. (نەتاشا دێ)

**نەتاشا:**

(بۆ ئیشکەرەکە) ئەڵێن چی؟ پرۆتۆپۆپۆڤ لای سۆڤۆچکا دانیشتووە و ئەندرێی بوبیک ڕائەژەنێ؟ بەخێوکردنی منداڵ چەند گرانە! (بۆ ئیرینا) ئیرینا، تۆ بەیانی ئەڕۆی، شتێکی چەند ناخۆشە... هیچ نەبێ هەفتەیەکی تر بمێنەرەوە. (کە کولێگین ئەبینێ لەپڕ ئەقیژێنێ و ئەو پێ ئەکەنێ و ڕیش و سمێڵەکە لە ڕووی خۆی ئەکاتەوە) خوا بتگرێ، زراوم چوو! (بۆ ئیرینا) من لەگەڵتدا ڕاهاتووم. تۆ وا ئەزانی لێ دوور کەوتنەوە

شتێکی ئاسانە؟ فەرمان ئەدەم ئەندرێی و کەمانچەکەی بگوێزنەوە ژوورەکەی تۆ... بەڵێ ئەندرێی و کەمانچەکەی.. با لەوێ وەک مشار هەر زیرەی لی هەستێنێ. سۆفۆچکاشا ئەخەینە ژوورەکەی ئەوەوە. منداڵێکی نایابە و ئەڵێی پەرییە! ئای لەو کیژۆڵەیە! بە جووتە چاوێکی چۆنەوە تێی ڕوانیم و وتی: دایە!

**کوڵیگین:**

ڕاست ئەکەی، منداڵێکی نایابە!

**نەتاشا:**

کەواتە بەیانی من بە تەنها لێرە ئەمێنمەوە. (هەناسە هەڵئەکێشێ) پێش هەموو شتێک فەرمان بدە هەموو سنەوبەرەکانی ئەملاو ئەولای ئەو ڕێگایە ببڕنەوە، دواییش ئەو دار کەتانانەش هەر ببڕنەوە، بە ئێواران زۆر ناشیرینن! (بۆ ئیرینا) نەشمیلەکەم، ئەم پشتێنەت لێ نایە، زەوقی تێدا نییە، شتێکی کاڵترت پێویستە. پێیان ئەڵێم با لە هەموو لایەک گوڵ بڕوێنن، با گوڵی بۆن خۆش بڕوێنن. (بە ڕەقی) ئەم چەتاڵە بۆچی لەسەر ئەم کورسییە فڕێ دراوە؟ (ئەچێتە ماڵەوە و بە ئیشکەرەکە ئەڵێ) ئەڵێم بۆچی ئەم چەتاڵە لەسەر ئەم کورسییە فڕێ دراوە، ها؟... بۆچی... (ئەقیژێنێ) بێ دەنگ بە!

**کوڵیگین:**

بڵاوەی لێ کرا!

(لەودیو پەردەوە مۆسیقای مارش لی ئەدرێ. هەموو گوێ هەڵئەخەن)



**ئۆلگا:**

وا ئەڕۆن! (چیبووتیکین دێتە ژوورێ)

**ماشا:**

ڕۆیشتن! ئینجا چییە؟ بە خۆشی بڕۆن، خوایان لەگەڵ... (بۆ مێردەکەی) بڕۆینەوە ماڵێ.. شەپقە و شاڵەکەی سەرشانم کوان؟

**کوڵیگین:**

بردمنە ژوورێ، ئێستا ئەیانهێنم.

**ئۆلگا:**

بەڵێ، کاتی ئەوە هاتووە هەر کەسە بڕواتەوە ماڵی خۆی!

**چیبووتیکین:**

ئۆلگا سیر گێیڤنا!

**ئۆلگا:**

چی؟ (بێ دەنگییەک) چی؟

**چیبووتیکین:**

هیچ! نازانم چۆنتان پێ بڵێم. (بە گوێیدا ئەچرپێنێ)

**ئۆلگا:**

(بە ترسەوە) ناشێ!

**چیبووتیکین:**

بەڵێ، چۆنت پێ ئەڵێم وایە. من ماندووم و وزەم لێ بڕاوە، لەمە پتر ناتوانم قسە بکەم! (بە پەستییەوە) لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی نییە! گوێ مەدەرێ.

**ماشا:**

چی قەوماوە؟

**ئۆلگا:**

(باوەش ئەکا بە ئیرینادا) ئەمڕۆ ڕۆژێکی ڕەشە.. خۆشەویستەکەم، نازانم چۆنت پێ بڵێم..

**ئیرینا:**

چییە؟ خێرا پێم بڵێ... لە ڕێی خوادا چی قەوماوە؟

**چیبووتیکین:**

لە شەڕی بەرامبەرییەکەدا بارۆن کوژرا!

**ئیرینا:**

(لەسەرخۆ ئەگری) ئەمزانی! ئەمزانی وا ئەبێ!

**چیبووتیکین:**

(لەوپەڕی ناوەوەی شانۆکەدا لەسەر کورسییەک دائەنیشێ) ماندووم. (ڕۆژنامەیەک لە گیرفانی دەردێنێ) لێیان گەڕێن با بگرین (بە نزمی گۆرانی ئەڵێ) تاڕا... ڕا... ڕا... بووم.. لەسەر کورسی دانیشتووم! جیاوازی نییە!... گوێ مەدەرێ!

(هەر سێ خوشکەکان لەپاڵ یەکتریدا وەستاون)

**ماشا:**

ئای ئەو مۆسیقایە چۆن لی ئەدەن! وا لێمان دوور ئەکەونەوە.. وا یەکێکمان هەتا هەتایە بێ گەڕانەوە بەجێ هێشت.. ئێمە بە تەنیا ئەمێنینەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ژیانمان دەست پێ بکەینەوە... ئەبێ بژین... ئەبێ بژین...



**ئیرینا:**

(سەری ئەخاتە سەر سنگی ئۆلگا) ڕۆژێک دێ هەموو کەسێک ئەزانێ ئەم هەموو سزا و ئازارە بۆچییە... ئەوساش هیچ نهێنییەک نامێنێ، هەتا ئەو کاتەش پێویستە بژین، پێویستە ئیش بکەین، ئەبێ هەر ئیش بکەین، بەیانی بە تەنیا ئەڕۆم و لە قوتابخانە دەرس ئەڵێمەوە و هەموو ژیانم ئەبەخشم بەو کەسانەی کە پێویستییان پێم ئەبێ. ئێستا پایزە و بەم زووانە زستان دێ و بەفر ئەبارێ، منیش ئیش ئەکەم، ئیش ئەکەم!

**ئۆلگا:**

(باوەش ئەکا بە هەردوو خوشکەکانیدا) ئەو مۆسیقایە هێند بە تام و خۆشییەوە لێ ئەدەن وام لێ ئەکا حەز بکەم بژیم. ئای خوایە، کاتێک دێ ئێمەش بە یەکجاری ئەڕۆین و لە بیر ئەچینەوە... دەنگ و ڕەنگمان لە بیر ئەچنەوە و نازانن ژمارەمان چەند بووە، بەڵام سزا و ئازارەکانمان بۆ ئەوانەی پاش ئێمە ئەبن بە مایەی خۆشی و لەسەر زەوی ئاشتی و کامەرانی بڵاو ئەبێتەوە. ئەوساش ڕەحمەت بۆ ئەوانە ئەنێرن کە ئێستا ئەژین و بە وتەی چاک یادیان ئەکەنەوە.. ئای خوشکە نەشمیل و نازدارەکانم... ژیانمان هێشتا کۆتایی نەهاتووە... هێشتا ئەژین... ئەم مۆسیقایە هێندە دڵخۆشکەرانە و بە خۆشییەوە لێ ئەدەن وا ئەزانی کەمێکی تر تێ ئەگەین لەبەر چی ئەژین و بۆچی سزا ئەکێشین... خۆزگە ئەمەمان بزانیایە... ئاخ خۆزگە بمانزانیایە!

(دەنگی مۆسیقاکە بەرە بەرە نزم ئەبێتەوە. کوڵیگین بە

ڕووخۆشی و زەردەخەنەوە شەبقە و شاڵەکە دێنێ و ئەندرێی لانکەکە بە منداڵە نوستووەکەوە دێنێ)

**چیبووتیکین:**

(بە دەنگی نزم گۆرانی ئەڵێ) تارا... را... بووم... لەسەر کورسی دانیشتووم!

(ڕۆژنامەکە ئەخوێنێتەوە) جیاوازی نییە! گوێ مەدەنێ!

**ئۆلگا:**

خۆزگە بمانزانیایە... خۆزگە بمانزانیایە!

پەردە دائەدرێتەوە

## پەراوێزەکان

خوێنەری هێژا!... لە دەقە ڕووسییەکەدا تەنها ٤ شوێن لە پەراوێزدا ڕوون کراونەتەوە، بۆ ئەوەی بەڕێزت شوێنە نادیارەکانت لەلا ئاشکرا بن، چەند شوێنێکی تریشم ڕوون کردوونەتەوە و بۆ جیا کردنەوەیان لەوانەی بڵاوکراوە ڕووسییەکە پیتی " و " م لە تەنیشت ژمارەی پەراوێزەکانەوە داناوە. واتا ئەو پەراوێزانەی " و " یان لە تەنیشتەوەیە ڕوونکردنەوەی وەرگێڕن و ئەوانەی تەنها ژمارەن هی دەقە ڕووسییەکەن. هیوادارم ئەم کارەم بە کەڵک بێ و جێی ڕەزامەندی بەڕێزت بێ.

جەلال تەقی

(١ و) گیمنازیا: قوتابخانەی ئامادەیی لە ڕووسیای قەیسەریدا.

(٢ و) پلەی ئەفسەری ئەوسای ڕووسیا لە هی ئێستایان و ئەوانەی لای ئێمەش جیاواز بوون. ئەو پلانەم بە شێوەیەک نووسیون کە لەگەڵ پلەی ئێستادا بگونجێن.

(٣ و) باڕۆن: پلەیەکی خانەدانەکانی ڕووسیای قەیسەری بووە.

(٤ و) بیریۆزە: درەختێکی باڵا بەرزی لە چەشنی چنارە، قەدەکەی پەڵە پەڵەی سپییە. درەختێکی میللی ڕووسییە.

(٥ و) پوود: پێوانەیەکی کۆنی ڕووسیا بووە و ١٦ کیلۆ و ٣٠ گرام بووە. لە پشدەر و خۆشناوەتیشدا بەکار دێ و لای ئەوان پێوانەی تەنەکەیەکە.

(٦ و) چیخۆف وشەی " زەڵوتنیک " ی بەکار هێناوە کە ئەوسا بریتی بووە لە ٢٦،٤ گرام. من مسقاڵم بەکارهێنا کە ٥ گرامە.

(٧ و) پیتەربورگ: پایتەختی ئەوسای ڕووسیای قەیسەری.

(٨ و) دەبرۆلوبۆڤ: ڕەخنەگرێکی مەزنی ڕووسیای سەدەی نۆزدەهەمە.





(٩ و) لێرەدا گۆرانییەکی فۆلکلۆری ڕووسی نووسراوە. وەرگێڕانی ئەو دێڕە شیعرانەم لا پەسەند نەبوو، ئەم دوو دێڕە فۆلکلۆرییە کوردییانەم بە باشتر زانین. لە شوێنەکانی تریشدا هەر وام کردووە.

(١٠ و) سەفستائی – سەفستائیزم: ڕێبازێکی فەلسەفی یۆنانی سەردەمی سوکڕاتە. وتووێژی ناڕەوا بۆ گەیشتنە مەبەستی گفتوگۆ. لە کتێبی " ئەو پیاوەی وێرای بپرسێ " ی " کۆڕامێسن " دا کە لە ساڵی ١٩٨٤ لە سلێمانی چاپم کردووە و ١٦٩ لاپەڕەیە زۆر شت دەربارەی نووسراوە.

(١١ و) دێڕێکی چیرۆکێکی میللی ڕووسییە.

(١٢ و) ئەنفیسا بە ڤێرشینینی وت عەقید و توزینباخ پێی وت موقەدەم. دیارە توزینباخ ڕاستترە و لە ئەنفیسا باشتر شارەزای پلە ئەفسەرییەکانە.

(١٣ و) ئەلێکساندەر ئیکناتێڤیچ ناوی خۆی و باوکی ڤێرشینینە و ڤێرشینین نازناوەکەیەتی.

(١٤ و) لە ڕووسییەکەدا بە شێوەی کۆ لەگەڵ یەکدا ئەدوێن، بەڵام بە کوردی نائاساییە، بۆیە لەمەودوا هەموو گفتوگۆکانم بە شێوەی تاک نووسیون.

(١٥و) مارینا و ماشا کورتکراوەی مارینان. مارینا سیر گێیڤنا ناوی خۆیەتی.

(١٦ و) ڤاسیلی ڤاسیلیچ ناوی خۆی و باوکی سەلیۆنییە. سەلیۆنی نازناوەکەیەتی.

(١٧ و) نۆڤە دیڤیچی: گۆڕستانێکی ناوداری مۆسکۆیە، زۆربەی گەورە پیاوانی لێ نێژراون. ڕازاوە و پڕ لە پەیکەرە. لەکاتی خوێندنی مۆسکۆمدا زۆر جار وەک بۆ مۆزەخانە سەرم لێ داوە و کاتی لەبیر نەچووەوەم تێدا بەسەر بردووە.

(١٨ و) کۆپەرنیکۆس: زانایەکی گەردووناسی پۆڵۆنییە (١٤٧٣– ١٥٤٣). بیروڕای سەدەها ساڵەی دەربارەی گەردوون گۆڕی و سەلماندی کە زەوی چەقی گەردوون نییە و بە دەوری خۆردا ئەسووڕێتەوە.

(١٩) کۆڵۆمبۆس: زەریاوانێکی خەڵکی جەنەوایە (١٤٤٤– ١٥٠٦). لە ١٤٩٢ دا ئەمەریکای دۆزییەوە.

(٢٠ و) لە ڕووسیادا زۆربەی کات یەکتر ناسین بە وتنی نازناو دەست پێ ئەکا،

بۆیە ئەندرێی نازناوەکەی خۆی ئەڵێ.

(٢١ و) ئەندریۆشا: کورتەی ناوی ئەندرێیە بۆ خۆشەیستی.

(٢٢ و) چونکە نازناوەکەیٔ ئەڵمانییە، پاکانە ئەکا کە ڕووسە و ئەڵمان نییە.

(٢٣- و) پراڤۆسلاڤ: ڕێبازی ئاینی عیسایی لە ڕووسیادا.

(٢٤ و) جاران لە ئەوروپادا لەو باوەڕەدابوون کە هەموو مرۆڤێک لە ئاسماندا "پەری" یەکی هەیە. کوردیش ئەڵێ هەموو مرۆڤێک لە ئاسماندا ئەستێرەیەکی هەیە، کە مرد ئەستێرەکەی "ئەکشێ" - واتە ئەکوژێتەوە - هەروەها دوو فریشتەش هەن لەسەر شانی ڕاست و چەپ چاکە و خراپەی تۆمار ئەکەن.

(٢٥ و) چیخۆف بۆ ئەوەی پیشانی بدا کوڵیگین ڕۆشنبیرانە ئەدوێ، بەپێی نەریتی ئەوسای گەورە پیاوانی ڕووسیا، ڕستەی (من چیم لە توانادا .....) ی بە لاتینی نووسیوە، نەک بە ڕووسی.

(٢٦ و) پاسخا: جەژنێکی عیسایی ڕووسیایە کە حەزرەتی عیسا دێتەوە سەر زەوی. لەبارەی ئەمەوە لە زۆر مەسیحی سلێمانیم پرسی، خوشکە (جوان جوبرائیل) فەرمووی لای ئەوان "ڕۆژی گەڕانەوەی گیانی پیرۆز" ە. زۆر سوپاس بۆ ئەو خوشکە ڕۆشنبیرە.

(٢٧ و) کوڵیگین ئەم ڕستانەشی بە لاتینی وتووە.

(٢٨ و) چیخۆف زۆر جار بە ئەنقەست ناوی وا هەڵدەبژێرێت کە ڕەوشتی ئەو کەسە دەرئەخا. لێرەدا سەلیۆنی هەڵبژاردووە کە بە ڕووسی واتا (سوێر)!

(٢٩ و) نەتاشا: کورتکراوەی نەتالیایە. نەتالیا ئیڤانۆڤا ناوی خۆی و باوکیەتی.

(٣٠ و) تکایە بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٩- و)

(٣١ و) دیارە ئەو گوڵانە بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونەوە هێنراون.

(٣٢ و) ژمارە"١٣" لە زوربەی وڵاتانی ئەوروپادا بە شووم دائەنرێ، هەتا هەندێک ئوتێل ژووری ژمارە "١٣" یان نییە.

(٣٣ و) ماسلینیتا: جەژنێکی عیسایی ڕووسیایە.

(٣٤ و) ڕێزان (ڕیازان) شارێکی نزیک مۆسکۆیە.

(٣٥ و) ئەندریوشانچیک: ئەمیش کورتکراوەی ئەندرێیە.



(٣٦ و) بەلزاک: نووسەرێکی ناوداری فەرەنسەیە (١٧٩٩- ١٨٥٠)

(٣٧ و) چیخۆف بە ئەنقەست لە باتی " چا بخۆرەوە " نووسیویە " چا بخۆ " بۆ ئەوەی دەری بخا کە ئەنفیسا خوێندەواری کەمە و هەڵە ناکا. لای ئێمە ڕۆشنبیرەکانیشمان هەمان هەڵە ئەکەن.

(٣٨ و) لە ڕووسیدا بۆ ڕێزلێنان مرۆڤ بە ناوی خۆی و باوکییەوە بانگ ئەکرێ.

(٣٩ و) لە کاتی دروستکردنی قەناتی پەنەمادا، لە ساڵانی ١٨٩٢- ١٨٩٣ دا چەند سەرمایەدار و پیاوانی ڕامیاری فەرەنسا لەسەر پارە خواردن دران بە دادگا.

(٤٠) ئەلیکۆ: پاڵەوانی چیرۆکی (قەرەج) ی پووشکینە.

(٤١) لێرمەنتۆڤ، هۆزانڤانێکی هەست ناسک و کەم تەمەنی ڕووسە (١٨١٤- ١٨٤١) و لە شاعیرە نوێکەرەوەکانە.

(٤٢ و) سەلیۆنی هەر ئەیەوێ لاساریی بکا و چیبووتیکین چەواشە بکا، ئەگینا ئەو نەیوتووە پیازاوم وتوویەتی قەزاتمە و چیبووتیکین لە مەبەستی ناگا.

(٤٣ و) تکایە بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٩- و)

(٤٤ و) کوڵیگین ڕستەی " ئەی ئاواتی.... " سی بە لاتینی دەربڕیوە.

(٤٥ و) ئەلیۆشا: کورتکراوەی ئۆلگایە بۆ خۆشەویستی.

(٤٦ و) مەبەست لە سووتاندنەکەی مۆسکۆیە. کە لەشکری ناپلیۆن لە ١٨١٢ دا نزیک بووەوە، کاربەدەستانی ڕووسیا مۆسکۆیان سووتاند و خەڵکەکەی بەرەو باکور بەجێیان هێشت بۆ ئەوەی لەشکری ناپلیۆن لە زستانی سەهۆڵبەنداندا شوێنێکیان نەبێ تیایدا بحەوێنەوە و لە سەرما و برسێتیدا پەرێشان بوون.

(٤٧ و) فێدیا: کورتکراوەی فیدۆڕە، واتا ناوی یەکەمی کوڵیگینە.

(٤٨ و) ڕەنگە چیخۆف مەبەستی لە (پەپرێسین) ی پاڵەوانی (یادداشتی شێتێک) ی گۆگۆڵ بێ. (ئەو چیرۆکەمان کردووە بە کوردی و ئامادەیە بۆ چاپکردن)

(٤٩ و) لە ڕووسیدا ئەم دەنگە لەکاتی بازداندا، یان هەر بۆ پێکەنین ئەوترێ.

(٥٠ و) کۆخانیێ: بە داخەوە چونکە پۆڵۆنی نازانم ئەم وشە پۆڵۆنییەم بۆ لێک نەدرایەوە و نەشم ویست لە خۆمەوە هیچ بنووسم. لە دەقە ڕووسییەکەشدا ڕوون نەکراوەتەوە.

(٥١) نوێژی پەرییەکان، بەرهەمێکی مۆسیقاری بەناوبانگی پۆڵۆنی " بادارژینسکایا " یە.

(٥٢ و) ڕەنگە مەبەستی ئەو زەنگۆڵە گەورەیە بێ کە لەکاتی بەرزکردنەوەیدا بۆ سەر بورجی کڵێسەیەکی ناو کرێملینی مۆسکۆ کەوتە خوارەوە و پارچەیەکی لێ بووەوە و هەتا ئێستاش خەڵک ئەچن بۆ سەیری.

(٥٣ و) لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ئەوسادا، لە ئەنجامی قسە پێوتن یان کارێکی نارەوادا مرۆڤ بۆ ئەوەی " تۆڵەی ئابڕووی بسەنێتەوە " بەرامبەرەکەی بانگ ئەکرد بۆ شەڕە دەمانچە یان شەڕەشیر و یەکێکیان یان هەردووکیان یەکترییان ئەکوشت و یاساش سزای نەئەدان. لێرمەنتۆڤیش، کە لێرەدا باسی هاتووە، لە بەرامبەرییەکی ئاوادا کوژراوە.

(٥٤ و) لەو بەرامبەرییەدا " ناوبژیوانێک " سەرپەرشتی ئەکردن نەک بە فێڵ یەکتری بکوژن.

(٥٥ و) لە ڕووسییەکەدا نووسراوە (قازن یان قولْنگن؟) چونکە لە کوردیدا هەمیشە ئەوترێ قازوقوڵنگ، هەردوو شێوەکەم نووسین.

(٥٦ و) تکایە بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١١ – و)

(٥٧ و) لە ڕووسییەکەدا نووسراوە:(وەک ڕۆنەکەرەی مانگا وام). ئیدیۆمێکە واتای " زۆرباش" ئەگەیەنێ، بۆیە " هەر چاکم " م بەکارهێنا.

(٥٨ و) مەبەست لە پلەی ٢٠٠ ی فەهرەنهایتییە.

(٥٩ و) سۆڤۆچکا: کورتکراوەی ناوی سۆفیایە بۆ خۆشەویستی.

(٦٠ و) ئەم ڕستانە فەڕەنسین لە پەڕاوێزدا کراون بە ڕووسی.

(٦١ و) ئاریشا: کورتکراوەی ناوی ئیرینایە بۆ خۆشەویستی.

(٦٢ و) ماشینکا: کورتەی ناوی ماشایە و ماشاش کورتەی مارینایە.

(٦٣ و) ئەم ڕستانە تێکەڵکردنی وشەن لە ئەنجامی شپرزەبوون و شڵەژاندا .... لە ڕووسییەکەدا ئەو دێڕە دەربارەی بەڕووە، چونکە هیچم دەربارەی بەڕوو نەهاتەوە یاد ئەمەم نووسی کە دەربارەی چنارە.